بیری خوێندکار | گۆڤارێکی هزریی ڕووناکبیریی فرەڕەهەندە | ژمارە ٢٤ | بانەمەڕی ٢٧٢٣ی کوردی | ١٤٠٢ی هەتاوی




بیری خوێندکار | گۆڤارێکی هزریی ڕووناکبیریی فرەڕەهەندە

تەوەری ئەم ژمارەیە :

## زانکۆ و شەقام دووانەی خەباتی جەماوەری

پێشکەش بە:

**شەهیدانی شۆڕشی ژینا**

## زانکۆ و شەقام، دوانەی خەباتی جەماوەری

# بیری خوێندکار

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان
اتحادیه دانشجویان دمکرات کردستان
Democratic Students Union of Kurdistan

**بیری خوێندکار**
گۆڤارێکی هزریی ڕووناکبیریی فرەڕەهەندە
وەرزانە، **یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان** بڵاوی دەکاتەوە
**ژمارە** ٢٤ | **بانەمەڕی** ١٤٠٢ ـ ٢٧٢٣

سەرنووسەر:
**هەرمان بەزازی**

هاوکاری سەرنووسەر:
**ئاسۆ مینا**

دەستەی نووسەران:
**جەماڵ فەتحی، فاڕووق سۆهرابی، ناسر فەتحی**

پێداچوونەوە:
**جەماڵ فەتحی، کاروان مێراوی**

دیزاینی بەرگ:
**ژیلا ڕەحمانی**

دیزاینی ناوەڕۆك:
**شاهۆ ئەحمەدی**

**لە بواری هەڵەچنی و پێداچوونەوی زمانەوانی گۆڤاری «بیری خوێندکار» سەربەستە**

ناونیشانی یەکیەتیی خوێندکاران لەسەر سۆسیال‌میدیا

www.birixwendkar.org
birixwendkar2021@gmail.com
https://t.me/yxdk_83
https://www.instagram.com/xwendkaran_dk
https://www.facebook.com/@democratic.students.untion.of.kurdistan

یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان
اتحادیه دانشجویان دمکرات کردستان
Democratic Students Union of Kurdistan

# پێڕست


**سەروتار** ٦
هەرمان بەزازی

بابەتەکان
**بەشی کوردی**

**هاوسەنگیخوازی ملهوڕەکان: مۆسکۆ، پێکەن و تاران** ١٠
دوکتور محەممەد حوسێن‌زادە

**کۆمەڵگای مرۆڤەکان و سەرهەڵدان و کەوتنی شارستانییەتەکان** ٢٠
شاهین ئاسۆس

**ڕۆڵ و پێشەنگایەتی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لە ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران** ٢٥
فارووق سۆهرابی

**خوێندکار و پرسی نەتەوەسازی** ٢٨
ڕامان ڕۆژهەلاتی

**سەردەمی وانە و وشە نامۆ و لینگاولینگەکان** ٣١
حەسەن واژی

**خەباتی کورد، خەباتێکی عەقلانی و ڕزگرتن لە بوونی خۆیە** ٣٤
جەماڵ فەتحی

**ناسیۆنالیزمی مەدەنی** ٣٨
ئاکۆ ڕۆژهەلاتی

**ڕۆڵ و پێگەی ژنانی پێشمەرگە** ٤٢
نیشتمان ڕوحانی

**شۆڕشی ژینا و کاریگەرییەکانی لە سەر ژنان** ٤٦
ئاکۆ عەلیزادە

**بزووتنەوەی ژینا بەرەو کوێ؟** ٥٠
ئاسۆ مینا

**کورد نەتەوەیەکی نەسرەوتوو** ٥٢
عادڵ درەخشانی

**ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ: تێگەیشتن لە دەوری میدیای دیجیتاڵ لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی نوێدا** ٥٦
پەیمان ئابجامە

**وتووێژ** ٦٢
سۆران باریکە

**بەشی فارسی**

**چرا مدیریت سرزمین در کوردستان روژهەلات باید بر مبنای تفکر زیست بوم گرا باشد** ٧١
دکتر منصور سهرابی

**منازعه در نظریه واقع گرایی در روابط بین‌الملل** ٧٣
ناصر فتحی

**بازگشت به خویشتن** ٨٠
باوان کرماشانی

# سەروتار

هەرمان بەزازی

ئەگەرچی بزووتنەوەی خوێندکاری، ژێرکۆمەڵەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتییە، بەڵام زۆر جار مۆتیڤی سەرەکیی بۆ بزووتنەوەی کومەڵایەتی بووە یان دەکرێ بگوترێت بزووتنەوەی خوێندکاری کۆڵەکەی سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە کە نەبوونی، بۆشاییەکی زۆر دروست دەکات و لە بەرامبەردا، چالاکبوونی تینوگوڕێکی بێوێنەی پێ دەبەخشێت و گشتگیربوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان خێراتر دەکات.
بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان، بەپێی بارودۆخی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و ئەندێشەی سیاسیی تاکی خوێندکاری کورد دەبێ خوێندەوەیەکی جیاوازتری بۆ بکرێت و لە بزووتنەوە خوێندکارییەکانی نەتەوەکانی دیکەی نێو ئێران و بگرە جیهانیش جیا بکرێتەوە. بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بواری دەسەڵات و پەروەردەوە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە پەراوێز خراوە، خوێندنی باڵا لە کوردستان درەنگ دەستبەکار بووە بە شێوەیەك کە یەکەم زانکۆ لە کوردستان دوای ٣٨ ساڵ لە دامەزرانی یەکەم زانکۆی سەردەمیانەی ناوەندی ئێران (زانکۆ تاران) لە کرماشان لە ساڵی ١٣٥١-١٣٥٢ بە ناونیشانی زانکۆی زانست (دانشکدە علوم) دامەزرا و دواتر دوو لقی زانکۆی سنە (زانکۆی تەربییەت موعەلیم) و زانکۆی ئیلام (زانکۆی دامپەروەریـ ـی، لە ساڵی ١٣٥٣ی لێبوونەوە، هەر بۆیە مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان درەنگتر و جیاوازتر لە ئاستی ئێران دەست پێدەکات.
بە هۆی ئەوەی هەم لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەوی و هەم لە سەردەمی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی خەڵکی کوردستان بەردەوام لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی کێشەی پاراستن و سەلماندنی شوناسی نەتەوەییان هەبووە و توێژی خوێندکاری کوردیش ئەو ڕاسپاردەیەیان زیاتر کەوتووەتە سەرشان و بزووتنەوەی خوێندکاری و خەباتی نەتەوەیی تێکەڵکێش کراون بە جۆرێك کە لێکجیاکردنەوەیان ئەستەمە. بۆیە بزووتنەوەی خوێندکاری لە کوردستان کۆڵەکە و مۆتیڤێکی زەق و بەرچاو لە شۆڕشی نەتەوەیی کوردستان بووە و قوربانی گەورەشی بۆ داوە.
لەدوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەموارتربوونی بواری خوێندنی باڵا لە هەموو جیهان، زانکۆکان لە کوردستان ڕوویان لە زیادبوون کرد و ڕێژەی خوێندکاری کورد بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بوو و ئەو ڕەوتە هەڵکشانە ئێستاکەش هەر بەردەوامە و لەو نێوەدا خوێندکاری کورد لە بواریی ڕێژەییەوە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردستان پێك دێنێت و گرینگی بزووتنەوە و جووڵەی خوێندکاری بەتایبەت لە زانکۆکان ڕۆڵێکی گرینگی کەوتە سەرشان، بە شێوەیەك کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییش چ لە تاراوگە و چ لە نێوخۆ، پێی پشتئەستوور بوو و گۆڕەپانێکی بەرفراوان و بەستێنێکی هەمواریان بۆ توێژی خوێندکار دابین کرد تا هەموو توانا و پوتانسیەلەکانی خۆی بهێنێتە کایەوە و لە ململانێیە سیاسییەکاندا بە قازانجی نیشتمانەکەی بە کاریان بهێنێ و لە ڕاپەڕینی سەرتاسەری ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، کە بە شۆڕشی ژینا ناسرا، دەرکەوتنێکی تایبەتی هەبوو و زانکۆکانی کوردستان هەم لە بواری هێزی و هەم لە بواری کردەییەوە پێشەنگایەتی ئەو شۆڕشەیان لە کوردستاندا کرد و بوونە نموونەیەکیش بۆ زانکۆکانی ئێران.

# بابەتەکان

بەشی کوردی

# هاوسەنگیخوازی ملهوڕەکان: مۆسکۆ، پێکەن و تاران

دوکتور محەممەد حوسێن‌زادە

## بەستێنسازی

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دوای ڕووخانی دیواری بێرلین و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، وەك زلهێزی یەکەم یان دەوڵەتی هێژمۆن[1] لە سیستەمی نێونەتەوەییدا سەری هەڵدا، بەو مانایە کە ئەو وڵاتە سیستەمی دڵخوازی خۆی لە ئاستی جیهانیدا دامەزراند و بنەماکان، نۆرم و پێودانەکان، یاسا و ڕێساکان و پرۆسەکانی بڕیاردانی ئەو سیستەمەی تا ڕادەیەکی زۆر دەستنیشان و کۆنتڕۆڵ کرد. لەو کاتەوە، باقی وڵاتان بەناچار شێوازی پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئەو زلهێزە داڕشتووە، هەندێکیان دانیان بە باڵادەستی و پێگەی هێژمۆنی(۱) ئەو وڵاتەدا ناوە. دەستەیەکیان خۆیان لێ گێل کردووە و گرووپێکیش دژایەتی ئەو سیستەمە دەکەن. ئەمانەی دوایی، واتە وڵاتانی دژبەری سیستەمی هێژمۆنی یان تاك جەمسەری[2] ، بە گشتی دەتوانن بە دوو شێوازی پێکهێنانی هاوسەنگی نێوخۆیی یان دەرەکی[3] هەوڵی وەلانانی ئەو سیستەمە و پێکهێنانی سیستەمی فرەجەمسەری[4] بدەن. هاوسەنگیی نێوخۆیی ئاماژەیە بۆ کەڵکوەرگرتنی وڵاتێك لە هەموو توانا و فاکتۆرەکانی هێزی خۆی لە نێوخۆدا بەمەبەستی مسۆگەرکردنی ئاسایشی خۆی یان کێبڕکێ لەگەڵ وڵاتێکی زلهێز لە ئاستی دەرەکیدا. کەوابوو، لە هاوسەنگی نێوخۆییدا وڵاتان پشت بە توانای خۆیان دەبەستن. ئەم ستراتیژییە زۆر جاریش بە ناوی ستراتیژی «خۆیارمەتی»[5] دەناسرێتەوە. بەپێچەوانەوە، هاوسەنگیی دەرەکی زیاتر ئاماژەیە بۆ هەوڵی وڵاتان بۆ پێکهێنانی بەرە یاخود هاوپەیمانەتییەك بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایشی هەر یەك لە ئەندامان یاخود بەربەرەکانێ لەگەڵ فراوانخوازیی وڵاتێکی تایبەت.

لەم ساڵانەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو و بەربڵاو چەمکگەلێکی وەك «هاوسەنگی»، «هاوسەنگیی هێز»، «پێکهێنانی هاوسەنگی»، «هاوسەنگیخوازی» و «تاکجەمسەری» و «کۆتاییی سەردەمی هێژمونی یان تاکجەمسەری» لە ئەدەبیاتی سیاسی و بەتایبەت سیاسەتی نێونەتەوەییدا و هەروەها لە میدیاکاندا بەکار دێن. زۆر جاریش بەکارهێنانیان ئاماژەیە بۆ هەوڵی وڵاتانێکی زلهێزی وەك چین و ڕووسیە بۆ کۆتاییهێنان بە باڵادەستی واشنتۆن و بەدیهێنانی جیهانێکی فرەجەمسەری. هەر لەو چوارچێوەیەدا زۆر جاریش ئاماژە بە پێکهاتنی هەندێ هاوپەیمانەتیی دژە هێژمۆن[6] کراوە. یەکێك لە بەرجەستەترین نموونەکان بەرەی ڕووسیە- چین- ئێرانە کە وەك بەرەیەکی دژە ئەمریکی ناسراوەتەوە. من لەم کورتەنووسراوەدا دەمەوێت ئاماژە بەو بەرەیە وەك بەرەی وڵاتانی ملهۆڕی هاوسەنگیخواز و بەشێك لە هەوڵەکانیان لە ئاراستەی جێگیرکردنی هاوسەنگیدا بکەم، بەڵام پێش ئەوە با بزانین مانا و نێوەڕۆکی هاوسەنگیی هێز چییە و هاوسەنگیخوازی بۆچی و لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

---

1 - Hegemon State
2 - unipolarity system
3 - Internal or External balancing
4 - Multi-polity
5 - Self-helping
6 - Anti-hegemon

## هاوسەنگیی هێز چییە و هاوسەنگیخوازی چۆنە؟

سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی تیۆرەوە سوودوەرگرتنی بەردەوام لە چەمکی «هاوسەنگیی هێز» وەك چوارچێوەیەکی ڕوونکردنەوە و شیکاریی گونجاو، دەرخەری توانای فراوانی ئەو تیۆرەیە و هەروەها لە ڕووی کردەییەوە زۆرێك لە بیرمەندانیش پێیان وایە «هاوسەنگیی هێز» تاقە پێکهاتە یان لانیکەم پێکهاتەی سەرەکیی سیاسەتی نێونەتەوەییە و هاوسەنگی بە شێوەیەکی سروشتی سەر هەڵدەدات[٢]، بەڵام تاقە پێناسەیەکی نییە کە کۆدەنگی لەسەر بێت.[٣] بۆیە بە پێویستم زانیوە سەرەتا بە شێوەیەکی کورت و پوخت هاوسەنگیی هێز و مەبەستی خۆم لەو دەستەواژەیە و لە هاوسەنگیخوازی ڕوون بکەمەوە.

هاوسەنگیی هێز» یان «هاوسەنگیی هێزەکان»[1] یەکێکە لە کۆنترین تیۆرەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی و بەگشتی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونەکانی ڕیالیستەکان. هاوسەنگیی هێز، نەك وەك چەمك، بەڵکوو وەك ڕەفتارێکی سیاسی دەوڵەتەکان، مێژوویەکی کۆنی هەیە. هەرچەندە کتێبی «مێژووی شەڕەکانی پلۆپۆنزی»[2] تۆسیدید ئاماژەی بەو چەمکە نەکردووە، بەڵام شرۆڤەیەکی کلاسیکی سەبارەت بە هاوسەنگیی نێوان دەوڵەت-شارەکانی ئاتێن و ئێسپارتا[3] لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا خستووەتە ڕوو. بەو حاڵەش هەرچەندە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی کۆن، بەڵام تا پێش سەردەمی ڕێنیسانس وەك یەکێك لە فۆرمولە بنچینەییەکانی ژیانی سیاسی نەناسرابوو. یەکەم ئاماژەی ڕوون بۆ ئەو چەمکە، لە پەیماننامەی ئوتریخت (١٧١٣) بوو.[٤] لەو پەیماننامەیەدا، ئاماژە بە «هاوسەنگیی هێز» کرا وەك یەکێك لە میکانیزمە گرنگەکانی جێگیرکردنی سەقامگیری و ئاشتی لە ئورووپادا. لەو کاتەوە، هاوسەنگیی هێز چ وەك سیاسەت و چ وەك سیستەم لە مێژووی سیاسەتی جیهانی مودێرن دانەبڕاوە. دەکرێت بە کەڵکوەرگرتن لەو چەمکە ڕوونکردنەوەیەکی توکمە سەبارەت بە سیاسەتی جیهانی، لانیکەم تا ساڵی ١٩١٤، بخرێتە ڕوو.[٥]

بەگشتی هاوسەنگیی هێز زیاتر وەك سیستەمێکی دژە هێژمۆنی یان باڵادەستی وڵاتێك یان کۆمەڵێك لە وڵاتان هەژمار دەکرێت. لەم بارەوە، «ئۆرگانسکی» بیرمەندی سیاسەتی نێونەتەوەیی دەڵێت: دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژە بە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری هاوسەنگیی هێز بکەین: ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان لەبەرچاو بگرن کە هێزیان ناهاوسەنگە و هەر کامیان هەوڵ دەدات تا ئەو جێگایەی بۆی دەلوێت هێزی خۆی فراوان بکات. لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا سیستەمی هاوسەنگیی هێز دێتە ئاراوە. بەو واتایە کە باقی دەوڵەتەکان یەك دەگرنەوە بۆ ئەوەی هیچ دەوڵەتێك یان ژمارەیەك لە دەوڵەتەکان پێکەوە ئەوەندە هێز نەگرن کە بتوانن خۆیان بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنن.[٦] گریمانە ئەوەیە کە هاوسەنگیی هێز ڕێگری لە جێگیربوونی هەر جۆرە زاڵیەتی و باڵادەستییەك دەکات و مانەوەی دەوڵەتانی پێکهێنەری سیستەمی نێونەتەوەیی و هەروەها خودی سیستەمەکە مسۆگەر دەکات و بەهۆی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی جەنگ یاریەمتی جێگیربوون و بەردەوامبوونی سەقامگیری و ئاشتی دەدات.[٧] بۆیە هەندێ لە بیرمەندان دەڵێن، هاوسەنگیی هێز سیستەمێکی خۆپارێزانە، قایمکار و دژ بە گۆڕانکارییە.[٨]

لە ڕوانگەی ڕیالیستەکانەوە کە وەك ئاماژەم پێ دا هاوسەنگیی هێز زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونەکانی ئەوان، وڵاتان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان تەنیا یەك ڕێگەیان هەیە و ئەویش ئەوەیە کە پێڕەوی لە سیاسەتی هێز بکەن[4]. سیاسەتی هێز بە واتای وەدەستهێنان، پاراستن و کەڵەکەکردنی هیزە. بە بڕوای ڕیالیستەکان جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە لە لایەن دەوڵەتەکانەوە وەك یاسای «دەستی شاراوەی»[5] ئادام ئسمیت لە ئابووریی نێونەتەوەییدا، دەبێتە هۆی جێگیربوونی سیستەمی هاوسەنگیی هێز. واتە، کاتێك هەموو دەوڵەتەکان هەوڵی بەهێزکردنی خۆیان دەدەن، سیستەمی هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی سروشتی جێگیر دەبێت. هەر دەوڵەتێك هەست بەوە بکات کە گۆڕانکاری لە دۆخی هەنووکەییدا لە قازانجی وڵات یان وڵاتانێکی تر ڕوو دەدا، خێرا بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجی کۆتایی کە بریتییە لە پاراستنی ئاسایشی خۆی، هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی دەدات. هەر بۆیە، هەر جۆرە هەوڵێك لە ئاراستەی تێکدانی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەیەکدا، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی هاوپەیمانەتییەك لە دژی ئەو هەوڵە.

لەم ڕوانگەوە، یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی پێکهاتنی هاوپەیمانەتییە نیونەتەوەییەکان،

---

1 - The balance of power
2 - The History of the Peloponnesian War
3 - Athens and Sparta
4 - Power politics

5 - Invisible hand

بریتییە لە ڕێگریکردن لەوەی وڵاتێك بەسەر هەموو جیهاندا زاڵ بێت. لەبەر ئەوەی کە وڵاتانی لاواز ناتوانن لەوە دڵنیا ببنەوە کە زلهێزی زاڵ تواناکانی خۆی بۆ هێرشبردن بەکار ناهێنێ، بەشوێن میکانیزمێکدا دەگەڕێن بۆ سنووردارکردنی ڕەفتاری ئەو زلهێزە. ئەگەر هەڕەشەکانی وڵاتی باڵادەست، ڕاستەقینە و ڕوون بن، ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی لاوازتر پەرە بە توانای سەربازی خۆیان بدەن و هاوپەیمانەتی بەرگریکارانە پێك بهێنن یان لەگەڵ هاوبەشەکانی خۆیاندا پلانی سەربازی هاوبەش جێبەجێ بکەن یان تەنانەت بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە بەرژوەندی خۆیان، جەنگ بەرپا بکەن. لەم بارەوە، والتز دەڵێت: «سرووشت لە بۆشایی بێزارە، سیاسەتی نێونەتەوەیی لە هێزی بێڕکابەر بێزارە. هەندێ لە وڵاتان کە ڕووبەڕووی هێزی بێڕکابەر دەبنەوە هەوڵی فراوانکردنی هێزی خۆیان دەدەن و دەبنە هاوپەیمان بۆ دابەشکردنی هێز بە شێوەی هاوسەنگ.[٩] لەم ڕوانگەوە ئەگەر پێکهاتەی سیستەم نێونەتەوەیی ببێتە تاك جەمسەری، ئەوە حاڵەتێکی نائاساییە کە بەسەر پێکهاتەی سیستەمدا سەپاوە. بۆیە وڵاتی هێژمۆن کاردانەوەی نەرێنی بەدوای خۆیدا دێنێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هاوسەنگیی هێزەکان. کەوابوو، مەبەستی من لە «هاوسەنگیی هێز» لەم نووسراوەیەدا، بریتییە لە هەوڵێکی ئاگایانە و بەئەنقەست بۆ ڕێگریکردن لە باڵادەستی وڵات یان وڵاتانێکی تایبەت و هەروەها ئاماژەیە بۆ جۆرە سیستەمێکی سیاسەتی نێونەتەوەیی کە سنوور بۆ باڵادەستی و بەهێژمۆنبوونی وڵاتێك دادەنێت. هەر بەپێی ئەم پێناسەیە، هاوسەنگیخوازیش مەیلێکە بۆ دابەشکردنی یەکسانیی هێز یاخود کاردانەوەیەکە بەرامبەر هێژمۆنخوازی و باڵادەستی وڵات یان وڵاتانێکی تایبەت.

### ئێستا کێ باڵادەستە و کێ هاوسەنگیخواز؟

هاودەنگییەك لەنێو پسپۆڕان و بیرمەندانی سیاسەتی نێونەتەوەییدا هەیە سەبارەت بەوەی کە ئەگەر لە پێگەی هێژمۆنیی ئامریکا لە ڕابردوودا گومان هەبێت، لانیکەم لە یەك دەیەی پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد و ساڵانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، واشنتۆن بۆ ماوەیەك دەیە مەزنەهێز[1] یان هێژمۆنی شانۆی نێونەتەوەیی بووە. بەو واتایە کە لە ڕووی خاوەندارێتیی هێزی پێکهاتەییەوە، لە هەموو وڵاتان سەرتر بووە. بەڵام لەم دواییانەدا، کۆدەنگییەکی ڕێژەییش هاتووەتە ئاراوە سەبارەت بەوەی کە ئەمڕۆکە پێشبینییەکانی ڕیالیستەکان سەبارەت بەکاتیبوونی سیستەمی هێژمۆنی هاتوونەتە دی و ئامریکا بەرەوڕووی شەڕفرۆشی و تەحەدای نەیارەکانی بووەتەوە. لەم بارەوە هەندێك دەڵێن، ڕەنگە واشنتۆن تا سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمیش هێژمۆن بووبێت، بەڵام ئەمڕۆکە هێژمۆن نییە، بەم واتایە کە ناتوانێ ئیرادەی خۆی لە هەموو شوێنێك و هەموو کاتێکدا بسەپێنێت، چونکە فراوانبوونی توانای هێرشبەرانەی ئامریکا و کەڵەگایی ئەو وڵاتە، بووەتە هۆی کاردانەوە و هەوڵی باقی وڵاتان بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی. لەم ڕوانگەوە، هاوپەیمانەتییەکانی ئامریکا لاوازتر بوونەتەوە و سەرکردایەتی ئامریکا لە ئاستی جیهانیدا سەختتر بووەتەوە. باقی وڵاتانی زلهێز هەوڵی دۆزینەوەی میکانیزمێك بۆ سنووردارکردنی توانای ئەو وڵاتە دەدەن. لانیکەم، چیدیکە وەك ساڵانی پاش جەنگی سارد یارمەتی و هاوکاریی ئامریکا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی نادەن. ئەو بیرمەندانە پێیان وایە وڵاتانێکی وەك چین، ڕووسیە و تەنانەت یەکیەتیی ئورووپا هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی یان بە وتەی هەندێك جێگیرکردنی سیستەمێکی فرەجەمسەری دەدەن کە ئامریکا تێیدا بڕیادەری یەکلاکەرەوە نەبێت. هەڵبەت هەندێکیش پێیان وایە کە هەر ئێستا جیهان فرەجەمسەرییە.

من لێرەدا نامەوێت باس لە یەکیەتیی ئورووپا و وڵاتانی زلهێزی ئەو ناوچەیە بکەم. لەبنەڕەتیشدا پێم وا نییە هێشتا جیهان گەیشتبێتە قۆناغێك کە ئورووپا هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بدات[١٠]، بەپێچەوانەوە دوو زلهێزی وەك چین و ڕووسیە لە ئاستی جیهانیدا و هەندێ وڵاتی بچووکتری وەك ئێران و کوریای باکوور لە ئاستی ناوچەییدا بە ئاشکرا هەوڵی جێگیرکردنی هاوسەنگی و بەدیهێنانی جیهانی فرەجەمسەری دەدەن. بە دەربڕینێکی ڕوونتر، ئەو وڵاتانە دژایەتی باڵادەستی ئامریکا دەکەن. بێگومان ژمارەی ئەو وڵاتانە زۆر زیاترە، بەڵام ئەوانەی ئاماژەم پێدان بەرچاوترینیانن کە بە ئاشکرا بڕیاریان داوە دژایەتی سیستەم و هەیمەنەی واشنتۆن بکەن و بەرامبەر باڵادەستی ئەو مەزنەهێزە بوەستنەوە. بە تایبەت دوو زلهێزی چین و ڕووسیە هەوڵی کۆکردنەوەی باقی وڵاتانی دژە ئامریکا لە دەوری خۆیان داوە. بۆ ئەو مەبەستەش هەموو جۆرە هاوکارییەکیان دەکەن. بەرچاوترین نموونە ڕادەستکردنی تەکنۆلۆژیای سەربازییە بە وڵاتانی

1- Super power

دژبەری واشنتۆن بە مەبەستی تەحەدای ئەو مەزنەهێزە و سنووردارکردنی تواناکانی. هەر لەم چوارچێوەیەدا، لە درێژەی باسەکەمدا هەوڵ دەدەم بە ڕوونی تیشك بخەمە سەر بەرەی هاوسەنگیخوازی مۆسکۆ- پێکەن- تاران کە وەك بەرەی وڵاتانی ملهۆڕی هاوسەنگیخواز ناوم هێناون کە هێدی هێدی مەیل و هەوڵەکانیان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانەتییەکی دژەهێژمۆن[1] -دژە ئامریکایی- ڕوونتر دەبێتەوە. دیارە ئەو وڵاتانە لەم ساڵانەی دواییدا زیاتر لە هەموو کات پەرەیان بە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان داوە. چین و ڕووسیە بە ئاشکرا هەوڵی پێکهێنانی هاوسەنگیی نێوخۆیی و دەرەکی دەدەن. وەك ئاماژەم پێ دا، هاوسەنگیی نێوخۆیی گەڕانەوەیە بۆ دەرفەت و تواناکانی نێوخۆی وڵات. گەورەترین دەرکەوتەی هاوسەنگیی دەرەکیش پێکهێنانی بەرە یان هاوپەیمانەتییەك لە وڵاتانی هاوسەنگخوازە. لە جیهانی ئەمڕۆدا دەبێ بەرەی مۆسکۆ- پێکەن- تاران لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

## بەرەی هاوسەنگیخوازە ملهۆڕەکان

ئاماژەمان کرد کە بەرەی ملهۆڕەکان تەنیا ڕووسیە، چین و ئێران ناگرێتەوە، ژمارەی ئەو وڵاتانە زۆرن. کووبا، ڤێنزوێلا، کوریای باکوور و سووریە هەندێکی تر لەو وڵاتانەن کە زۆر جار وەك نەیاری سیستەمی ئامریکایی ئاماژەیان پێ دەکرێت. ئاشکرایە کوریای باکوور وڵاتێکی ملهۆڕی دژە سیستەمی ئامریکییە. سووریەش بە هەمان شێوە، هەرچەندە لە ئێستادا بەهۆی چەندین ساڵ شەڕی نێوخۆییەوە زۆر لاوازە و تەنانەت بەبێ یارمەتی وڵاتانی هاوپەیمان توانای دابینکردنی ئاسایشی خۆی نییە. تەنانەت هەندێ جار باس لە تورکیە، وەك یەکێك لە وڵاتانی بەرەی ملهۆڕەکان دەکرێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەو وڵاتە ئەندامی گەورەترین ڕێکخراوی سەربازی جیهان (ناتۆ)یە کە ئامریکا سەرکردایەتی دەکات. تورکیە هەرچەندە لە ڕێکخراوی ناتۆدایە، بەڵام زۆر جار بەمەبەستی بەدەستهێنانی بەرژوەندی زیاتر هەوڵ دەدات لە وڵاتانی نەیاری ئامریکا و ڕۆژاوا نزیك ببێتەوە. هەر ئەمە وا دەکات هەندێ لە چاوەدێرانی کاروباری نێونەتەوەیی تورکیە لە بەرەی وڵاتانی ملهۆڕ دادەنێن. بەڵام من هەرچەندە لەگەڵ ئەوەدا هەم کە تورکیە لەژێر کاریگەریی ڕوانگەکانی ئەردۆغان لە ئێستادا لە گرووپی وڵاتانی ملهۆڕدایە، بەڵام لە ئاستی دەرەکیدا لە کۆتاییدا دەکەوێتە بەرەی وڵاتانی سەر بە ڕۆژاوا و ناتۆ، بۆیە تا داهاتوویەکی چاوەڕوانکراو هەر وەك هاوپەیمانێکی ئامریکا دەبێ سەیر بکرێت نەك وەك وڵاتێکی دژە ئامریکا. بەم پێشەکییەوە با زیاتر بپرژێینە سەر بەرەی ملهۆڕەکان و بە ڕووسیەوە دەست پێبکەین.

هەرچەندە ڕووسیە دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، تا ڕادەیەکی زۆر پێگەی نێونەتەوەیی خۆی لەدەست دا، بەڵام هێشتا خاوەن تایبەتمەندییەکانی وڵاتێکی زلهێزە و لە ئەگەری هەبوونی هەلومەرجی لەباری نێوخۆیی و دەرەکیدا، ئەو وڵاتە توانای ئەوەی هەیە وەك زلهێزێکی ئەم سەدەیە بمێنێتەوە. کرێملین دوای قۆناغێك پاسیڤبوون کە سەرقاڵی بنیاتنانەوەی سیاسەت و ئابووریی لە نێوخۆی سنوورەکان بوو، هەوڵ دەدات ڕۆڵێکی چالاکانەتر لە هاوکێشە ناوچەیی و تەنانەت جیهانییەکاندا بگێڕێت و ئەم سیاسەتە لەم ساڵانەی دواییدا ڕوونتر بووەتەوە. نەوەی نوێی سەرکردەکانی ڕووسیە خوازیاری کۆتاییهاتنی هێژمۆنی ئامریکا و بەرزکردنەوەی پێگەی مۆسکۆ لە شانۆی نێونەتەوەیی لە چوارچێوەی سیستەمێکی فرەجەمسەریدان. ڤلادیمیر پۆتین هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی لە ساڵی ٢٠٠٠، بە ڕوانگەیەکی جیاواز (بەتایبەت ڕوانگەیەکی ناسیونالیستییەوە) سەرکردایەتی وڵاتەکەی دەست پێ کرد و هەوڵی دا ڕۆحی مێژوویی سەرکەشی ڕووسیە زیندوو بکاتەوە. پۆتین هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەتی بە «کارەساتی سەدە» ناو برد و بەڵێنی دا ڕووسیە بەهێز بکاتەوە. لە ڕوانگەی پۆتینەوە ڕووسیە لە ڕووی مێژووییەوە ناچارە وڵاتێکی زلهێز بێت. بەپێی ئەم ڕوانگە، ڕووسیە بە هۆی کۆمەڵێك تایبەتمەندی نەگۆڕ وەك پانوبەرینی جوغرافیایی، پێگەی ژیۆپۆلیتیك، توانای ئەتۆمی و سەربازی، خاوەنداریەتیی سەرچاوەی فراوانی وزە و سەرچاوە سرووشتیەکان، سەرمایەی مرۆیی و بەتوانا وڵاتێکی زلهێزە و شیاوەتی بەدەستهێنانی ئەو پێگەیە هەیە. هەر بە بڕیاری پۆتین دوو سیاسەتی سەرەکی، واتە پاراستنی بەرژوەندییەکان لە ناوچەکانی دەوروبەر [دەرەوەی نزیك] و پەرەپێدان بە دەستکەوتە مەزنەکانی ڕابردوو وەك سیاسەتی سەرەکی دەستنیشان کران. ئەمانە ئامانجە سەرەکییەکانی پۆتین بوون لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی. لەم چوارچێوەیەدا ڕووسیە ڕووی لە ڕۆژهەڵاتگەرایی بەمەبەستی پێکهێنانی هاوسەنگیی لەگەڵ ڕۆژاوا کرد. دژایەتی توند لەگەڵ بڕیاری وڵاتانی ئازەربایجان و جۆرجیا بۆ بەئەندامبوون لە ڕێکخراوی ناتۆ، هەوڵدان بۆ

1- Anti-hegemon coalition

چەسپاندنی پێگەی ڕووسیە لە بازاڕی وزە و کەڵکوەرگرتن لە وزە بۆ گوشار خستنەسەر ئورووپا، هەوڵدان بۆ پێشخستنی ئابووری ڕووسیە، بەردەوامی لە هەوڵەکان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی ڕووسیە لە نێو کۆمارە سەربەخۆکانی قەفقازی باکوور، گێڕانی ڕۆڵی بەرچاو لە ناکۆکییەکانی دەرەوەی سنوورەکان وەك فەلەستین، سووریە و پرسی ئەتۆمی کوریای باکوور، پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزێکی وەك چین و دامەزراندنی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، داخستنی بنکەی سەربازیی ئامریکا لە ئوزبەکستان لە ڕێگای ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای لە ساڵی ٢٠٠٥، کێبڕکێی ڕووسیە لەگەڵ واشنتۆن بۆ بەدەستهێنانی بازاڕی زیاتری چەکوچۆڵ، دژایەتیکردن لەگەڵ زۆرێك لە بڕیارەکانی ئامریکا سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران و لەم دواییانەشدا هێرش بۆ سەر ئوکراینا بەمەبەستی ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی زیاتری ناتۆ یاخود بەو جۆرەی هەندێك دەڵێن بەمەبەستی فراوانکردنی سنوورەکانی لە سەرەکیترین تەوەرەکانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتگەرایانە و دژە ڕۆژاوایی و لە گرنگترین نیشانە بەرجەستەکانی هاوسەنگیخوازیی ڕووسیە بەرامبەر بالادەستیی واشنتۆن. ئەوەی کە ڕووسیە چەندە لەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو بووە بابەتێکی جێگای مشتومڕە. لێرەدا گرنگ تێگەیشتن لە هەوڵەکانی ڕووسیە بۆ ڕکابەرێتی ئامریکا و چەسپاندنی جیهانی فرەجەمسەرییە. لە گەلالەی دکتۆرینی سەربازیی ڕووسیە لە ساڵی ٢٠٠٧دا هاتبوو کە «هیچ کێشەیەك لە جیهانی ئەمڕۆدا بەبێ بەشداریی ڕووسیە چارەسەر ناکرێت. هیچ جێگرەوەیەك بۆ جیهانی فرەجەمسەری بە بەشداریی ئامریکا، یەکیەتیی ئورووپا، ڕووسیە، چین و هیند نییە».[١١] تێوەگلانی ڕووسیە لە شەڕی نێوخۆیی سووریە و هەوڵەکانی بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد و هەروەها هێرش بۆسەر ئوکراینا و داگیرکردنی خاکی ئەو وڵاتە، زەقترین نموونەکانی پراکتیزەکردنی ئەو دکتورینەن.

هەروەها وڵاتی چین کە بە کاندیدی بەدەستهێنانی پێگەی هێژمۆنیی جیهان دەناسرێتەوە، بەردەوام پەرە بە تواناکانی خۆی دەدات. چین سێیەم وڵاتی گەورە لە ڕووی جوگرافیا، پڕحەشیمەتترین وڵاتی جیهان و خاوەن یەکێك لە بەتواناترین هێزە سەربازییەکانی گەردوون و دوای ئامریکا و ڕووسیە سێیەمین گەورەهێزی سەربازی بە هەژمار دێت. چین لەو وڵاتانەیە کە بەردەوام تەحەدای پلانەکان و سیستەمی ئامریکایی دەکات. توانای سەربازی- ئەتۆمی، توانای ئابووری، توانای سیاسی ئەو دەوڵەتە و خاوەندارێتی مافی ڤیتۆ لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وا دەکەن زیاتر سەرنج بدەینە ئەو وڵاتە.

دوای هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، چین لەمپەرێکی ئەوتۆی لەبەردەم هێزگرتنی زیاتری خۆیدا نەدەبینی و ئێستاش لەو بڕوایەدایە کە خاوەندارێتیی ئابوورییەکی بەهێز، هێزی مرۆیی کارامە و جوگرافیایەکی بەرین و هتد، داهاتوویەکی گەشی بۆ دابین دەکەن. قەبارە و ڕێژەی گەشەی ئابووری ئەو زلهێزە لەم ساڵانەی دواییدا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێگەی ئەو وڵاتە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا داناوە کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت. هەر جۆرێك بێت، سەرکردەکانی چین هەموو هەوڵی خۆیان خستووەتە گەر بۆ گەیاندنی هێزی ئابووری و ستراتیژیی خۆیان بۆ ئەوپەڕی خۆی. ئەگەر هاوسەنگیی هێز وەك هەوڵە نێوخۆیی یان دەرەکییەکانی وڵاتێك یان هاوپەیمانەتییەك بەمەبەستی فراوانکردنی توانای سەربازی پێناسە بکەین، چین لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠وە بە هێواشی بەلام بە شێوەیەکی جدی ئەو هەولانەی دەست پێ کردووە[١٢] و بەردەوام بوودجەی سەربازیی خۆی زیاد کردووە. ئەو وڵاتە بەردەوام سەرقاڵی نوێکردنەوەی هێزە دەریایی و ئاسمانییەکانی خۆیەتی، هەروەها هەوڵی پەرەپێدان بە توانای مووشەکی خۆی داوە، بە جۆرێك کە مرۆڤ هەست دەکات ئامانجی ئەو هەولانە ئامریکایە. بەرپرسانی سەربازی چین پێیان وایە جیهان پێك هاتووە لە چەندین زلهێز و هەروەها پێیان وایە هێژمۆنی ئامریکا گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی جیهان، بۆیە بە وردی چاودێریی توانا سەربازییەکانی واشنتۆن دەکەن.[١٣] پێکەن لە کایەکردن وەك وڵاتێکی ژێردەستەی واشنتۆن بێزارە. سەرچاوەکانی هێز سنووردارن و هەستانەوەی چین و کۆنتڕۆڵکردنی بەشێك لە سەرچاوەکانی جیهان، لە ئاستی جیهانیدا تەنگ بە ئامریکا هەڵدەچنێت. بە سەرهەڵدانی چین، ناکۆکی سەرەکیی لە نێوان واشنتۆن و پێکەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر ئاشکرا دەبێت و ئەم پێکدادانی بەرژەوەندیانە لەسەرەوەی ناکۆکییە ئایدۆلۆژییەکانەوە لەکۆتاییدا دەگۆڕدرێ بۆ کێبڕکێیی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان لە ئاسیا- پاسیفیك و تەنانەت لە ئاستی جیهانیدا. ئەمەش لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئامریکادا یەك ناگرێتەوە. ڕۆبێرت گیلپین بیرمەندی

بەناوبانگی بواری ئابووری نێونەتەوەیی نزیکەی ٤٠ ساڵ پێش ئێستا باسی لەوە کرد کە وڵاتێکی تازەپێگەیشتووی وەك چین دەتوانێت تەحەدای هێژمۆنی ئامریکا بکات، ئەوسا بە دڵنیاییەوە فراوانخوازی دەکات و خوازیاری بەدەستهێنانی پێگەی هێژمۆنی ناوچەیی و بەرزبوونەوەی پێگەی خۆی لە ئاستی جیهانی و گۆڕینی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان لە بەرژوەندیی خۆی دەکات. وا دیارە ئێستا جیهان بەو ئاقارەدا دەچێت. تێکەڵاوێك لە جوغرافیا، تەکنۆلۆژیا و داهێنانی ستراتیژیك دەتوانێت چینی پێداچوونەوەخواز زیاتر هان بدات، بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەو وڵاتە لە کۆتاییدا لە هەوڵەکانی سەر دەکەوێت یاخود نا، تا ڕادەیەك بەستراوەی ڕێژەی پشتیوانیکردنی باقی وڵاتانە و گرێدراوی ئەوەیە کە ئایا ئامریکا دەتوانێت پشت بە یارمەتی و هاوکاریی خێرا و پێویستیی هاوپەیمانانی خۆی لە ئاستی جیهانی و ناوچەکەدا ببەستێت یان نا.[١٤]

بەهەرحاڵ، هەردوو زلهێزی ڕووسیە و چین بە لەبەرچاوگرتنی بەرژوەندی و هەروەها هەڕەشە هاوبەشەکانیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرە بە پەیوەندییەکانیان دەدەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە سەرەکییەکانیشیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا، زیاتر لێك نزیك دەبنەوە. وەك لە باسەکانی پێشوودا دەر دەکەوێت، گرنگترین بابەتێك کە سیاسەتی دەرەوەی ئەو دوو وڵاتە پێکەوە گرێ دەداتەوە، بریتییە لە جەختکردنەوە لەسەر جێگیرکردنی فرەجەمسەری و دژایەتیکردنی باڵادەستی ئامریکا. بۆیە وەك نوکتەیەك دەوترێت، هەر کات سەرکردەکانی ڕووسیە و چین دیدار دەکەن، سەبارەت بە مەترسییەکانی هێژمۆنیی ئامریکا گفتوگۆ دەکەن و ڕاگەیەندراوی هاوبەش دەر دەکەن. بە کردەش پەنابردنی ئەو دوو وڵاتە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گێڕانی ڕۆڵی زیاتر لە هاوکێشە جیهانییەکاندا، هاوکارییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دژە ئامریکا بۆ پەرەپێدان بە توانا ئەتۆمی و سەربازییەکانیان، پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانیان لە بواری تەکنۆلۆژیا، ئابووری و بازرگانی و سەربازی، پێکهێنانی ڕێکخراوی شانگهای کە بە ناتۆی ڕۆژهەڵات ناسراوە، دژایەتی لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمی بەرگری دژە مووشەکی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و بە گشتی لە ئاستی جیهانیدا لە نموونەی بەرهەڵستکارییەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەن بەرامبەر واشنتۆن. مۆسکۆ و پێکەن هەوڵ دەدەن خۆیان وەك جێگرەوەی ئامریکا بنوێنن.

بەڵام خاڵێکی گرنگ کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە، مۆسکۆ و پێکەن نە بە تەنیا دەتوانن ببنە تاکە زلهێز یان هێژمۆنی جیهان و نە دەتوانن بەربەرەکانێ لەگەڵ ئامریکای باڵادەست و پێکهێنانی جیهانی فرەجەمسەری بکەن و لە هەوڵەکانیان بۆ هاوسەنگکردنی هێزی جیهانی سەر بکەون، بەڵام ڕەنگە لە ڕێگای هاوبەشکردن و کەڵەکەکردنی تواناکانیانەوە و هەروەها ڕاکێشانی باقی دژبەرانی ئامریکا بۆ لای خۆیان کە زۆربەشیان بە وڵاتانی یاخی و شەڕئەنگێز ناسراون، ببنە خاوەن هێزێکی بەرفراوان لە چوارچێوەی بەرە یاخود هاوپەیمانەتییەکدا. ئێران وەك نموونەی ئەو وڵاتە یاخی و شەڕئەنگێزانەیە کە مۆسکۆ و چین بۆ پێکهێنانی بەرە یاخود هاوپەیمانەتییەك گرنگی پێ دەدەن.

دەزانین کە ئێرانیش ڕوانگەیەکی هاوشێوەی ڕووسیە و چینی بەرامبەر هەیمەنە و باڵادەستی ئامریکا هەیە؛ بە کردەش هەوڵی داوە بە شێوازی جۆراوجۆر، وەك دژایەتیکردنی نەخشەڕێگا و پلانەکانی ئامریکا لە ئاستی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت لە ناوچەی کەنداو، دژایەتی پلانی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل، هەڕەشە لە هاوپەیمانانی ئامریکا لە ناوچە، هەڕەشەی مووشەکی لە بنکە سەربازییەکانی ئامریکا و پشتیوانیکردن لە گرووپە تیرۆریستییەکان لە ناوچە و بەتایبەت لە عێراق و ئەفغانستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئامریکا و هەروەها دژایەتیی بنەماکانی سیستەمی جیهانی واشنتۆن تووشی سەرئێشە بکات. تاران تەنانەت ڕێفۆرمی نێوخۆیی و سیستەمی دێموکراسیش بە دیاردەیەکی ئامریکایی دادەنێت، بەها و بایەخەکانی سیستەمی نوێی جیهانی ڕەت دەکاتەوە و پرسەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ بە بیانووی تێکەڵاویان لەگەڵ بەهاکانی ڕۆژاوا و بە تایبەت ئامریکا پێشێل دەکات. ئەو وڵاتە ڕێك هاوشێوەی مۆسکۆ و پێکەن پەرەسەندنی ڕێکخراوی ناتۆ و هێزگرتنی ئامریکا لە لە ئاستی جیهانیدا بە هەڕەشەیەك لەسەر ئاسایشی خۆی دەزانێت. بۆیە بەردەوام پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەر دوو وڵاتی چین و ڕووسیە داوە. ئەمڕۆکە پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ پێکەن و مۆسکۆ لە ئاستێکدایە کە دەوترێت هەر جۆرە تەکنۆلۆژیایەکی سەربازی و چەکوچۆڵ، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیای چەکە ئاساییەکانی ڕووسیە و چین بە خێرایی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی، دەکرێت.

هەڵبەت ئێرانیش ماوەیەکی زۆرە بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی فراوان دەدات و ئەم

سیاسەتەش نوێ نییە و ساڵانێکی زۆرە و تەنانەت لە سەردەمی ڕیفۆرمخوازەکانی کۆماری ئیسلامیشدا کە بە ڕەواڵەت دەگوترا ڕوانگەیان نزیك لە ڕۆژاوایە هەوڵی پەرەپێدان بەو پەیوەندیانە دراوە. بۆ نموونە لە سەردانی محەممەد خاتەمی، بەناوبانگترین سەرۆك کۆماری ڕیفورمخوازی ئێران بۆ ڕووسیە لە مانگی مارسی ۲۰۰۱دا، جەخت کرایەوە لەسەر پەرەپێدان بە هاوکارییەکان لە بواری سەربازی-ستراتیژیك لە نێوان مۆسکۆ و تاران لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی سێگۆشەی مۆسکۆ-پێکەن-تاران. هەروەها سەرۆکی ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ۱۳ ئوتی هەمان ساڵ، لە میانەی دیدار لەگەڵ ماتریاسۆ[1] باڵوێزی ڕووسیە لە تاران، جەختی کردووە کە ئامریکا ناتوانێت ببێتە هۆی لاوازبوونی هاوکارییە ستراتیژییەکانی ئەو سێ وڵاتە. دوای ڕووداوەکانی ۱۱ی سێپتەمبەری ۲۰۰۱، پەیوەندییە ستراتیژییەکانی بەرەی ملهوڕان زیاتر پەرەیان سەند. هەر سێ وڵات لە ڕێگای دیپلۆماسی و هەوڵە سەربازییەکانەوە هەوڵیان دا ڕێگری بکەن لە مانەوە و نفوزی ئامریکا و ڕێکخراوی ناتۆ لە ئەفغانستان و ئاسیای نێوەڕاستدا. گرێبەستی بیست ساڵەی چین و ئێران نموونەیەکی دیکەیە لە نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری ملهوڕانی دژە هێژمون. جەنگی ڕووسیە لە دژی ئوکراینا و یارمەتی و پشتیوانیی هەمەلایەنەکانی کۆماری ئیسلامی لە مۆسکۆ و هەروەها سەردانی سەرۆکی چین لە ڕووسیە لەم دواییانەدا و سەرەڕای نارەزایەتی دەربڕینی وڵاتانی ڕۆژاوا، دەرخەری نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری ئەو وڵاتانەن. هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە لە ئێستادا هاوپەیمانەتییەکی بەفەرمی ڕانەگەیەندراو لە نێوان ئەو سێ وڵاتەدا هاتووەتە ئاراوە؛ تەنانەت دەستەیەك لە شارەزایانی سیاسەتی نێونەتەوەیی باس لە هاوپەیمانەتی سەربازی فەرمیی نێوان مۆسکۆ-تاران دەکەن.

بەهەرحاڵ، ئەو سێ وڵاتە ملهوڕە کە ناکۆکیی قووڵیان لەگەڵ ئامریکادا هەیە، ئەگەرچی ئاست و ڕێژەی دژایەتی هەر کامیان لەگەڵ واشنتۆندا یەکسان نییە، بەڵام ئەوەندە هەیە کە بتوانێت لە دەور یەکیان کۆ بکاتەوە و هانیان بدات بۆ پێکهێنانی بەرەیەك بۆ لێکنزیککردنەوەی سیاسەتە دەرەکییەکانیان. دەکرێت بڵێین پەرەپێدان بە هاوکاریی سەربازی، هەواڵگریی و ئابووری نێوانیان بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی باڵادەستی ئامریکا، کێبڕکێی لەگەڵ ڕێکخراوی ناتۆ و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ئەو ڕێکخراوەیە و هاوکاریی بەربڵاوی ڕووسیە و چین لە ڕێکخراوی شانگهای و وەرگرتنی ئێران و هەندێ لە نەیارانی واشنتۆن وەك ئەندامی ئەو ڕێکخراوە و داواکاری ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە سەبارەت بە چوونەدەرەوەی ئامریکا لە ناوچە نموونەی دیکەی هەوڵەکانی ئەو سێ وڵاتەن لە چوارچێوەی هاوسەنگیخوازیدا.

بەڵام ئەوەی کە ئایا لە کۆتاییدا ئەو هەوڵانە بۆ جێگیرکردنی هاوسەنگی و شکاندنی هەیمەنەی ئامریکا سەر دەکەون یان نا، بەستراوەی جۆری کاردانەوە و سیاسەتی داهاتووی ئامریکا بەرامبەر ئەو هەوڵە، بەردەوامبوونی ڕێژەی گەشەی ئابووری چین، بەردەوامبوونی پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان وڵاتانی ملهوڕ و هەروەها چەندین فاکتۆری نێوخۆیی و دەرەکی دیکەیە کە لەم نووسراوەدا ناگونجێن و بابەتی وتارێکی ترن.

**بەسەرداچوونەوەیەك وەك ئەنجام:**

هەرچەندە من لەم نووسراوەیەدا ئاماژەم بە بەشێك لە سیاسەتەکانی وڵاتانی نەیار و دژبەری ئامریکا کرد و چەند نموونەیەکم وەك هەوڵی هاوسەنگیخوازانە خستە ڕوو، بەڵام زیاتر هەوڵم داوە چوارچێوەیەکی تیۆری بناسێنم کە بتوانێت سیاسەتەکانی هەر یەك لەو وڵاتانە بەرامبەر ئامریکا و هەروەها سیاسەت و پەیوەندییەکانی بەرەی ملهوڕانی هاوسەنگیزخواز ڕوون بکاتەوە. بەگشتی سەرباری ئەوەی سیستەمی تاکجەمسەری و هێژمۆنی لە جیهاندا سیستەمێکی دڵخواز نییە و زاڵبوونی وڵاتێك بەسەر هەموو جیهاندا هەڵگری هەندێ مەترسی و هەڕەشەیە،[١٥] لەگەڵ ئەوەشدا کە من لەگەڵ ڕوانگەی ئەو بەشەی لە ڕیالیستەکانم کە پێیان وایە سیستەمی هێژمۆنی و تاکجەمسەری سیستەمەکی تاوەکی و کاتییە و لە کۆتاییدا جیهان مەیلی بۆ بنەجککردنی هاوسەنگییە[١٦]، بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە سەرکەوتنی وڵاتانی ملهوڕ و دیکتاتۆر و دژە دێموکرات، جیهان لەوەی کە ئێستا هەیە ناخۆشتر و بەرەو تاریکی زیاتر دەبات و وەڕەزکەر و هەرەسناکتری دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە واشنتۆن هەرچەندە زۆر جار لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا پشتگیری لە سەرکردە دیکتاتۆر و ملهوڕەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا، بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیشەوە کردووە، بەڵام زۆر جاریش بووەتە هۆی گەشەسەندنی هەندێ لەو بەها و بایەخانەی کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرنگیان پێ دەدات: لەوانە دێموکراسی و ئازادی و

1- Matryasov

مافەکانی مرۆڤ؛ هەندێ جاریش بەتایبەت لە باشووری کوردستان لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ و هەروەها لە ڕۆژاوای دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوخۆیی سووریە پشتگیری لە نەتەوەی کورد کردووە و تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتی پێکهێنانی کیان یان قەوارەیەکی نیوەسەربەخۆی کوردی داوە.

بەگشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لەچاو زلهێزانی پێشووتری جیهان و ئیمپراتورییەتەکان (ئیمپراتوریەتی ڕۆم، هیتلەر و فەرەنسا و تەنانەت یەکیەتیی سۆڤیەت)، بە هێژمۆنێکی خاوەنچاکە و هێمن ناسراوە نەك هێژمۆنێکی شەڕەنگێز و ملهوڕ و پەلاماردەر. وەك وتم هەندێ لەو بەها و بایەخانەی کە لە جیهانی ئێستادا زۆرینەی مرۆڤەکان پێشوازییان لێ دەکەن، لانیکەم لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەی واشنتۆندا بانگەشەیان بۆ دەکرێت؛ ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەرەی وڵاتانی ملهوڕی هاوسەنگیخواز و بەتایبەت بەرەی مۆسکۆ- پێکەن- تاران بە توندی دژایەتی ئەو بەهایانە دەکەن. بەگشتی ئەو وڵاتانە وڵاتانێکی گەندەڵن کە لەنێوخۆدا دژایەتی مافەکانی مرۆڤ، ئازادی بە هەموو ڕەهەندییەکانییەوە و بەگشتی دژایەتی دیموکراسی ڕاستەقینە دەکەن و لە دەرەوەی سنوورەکانیشیان هەر کات بە پێویستی بزانن و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، یاسا و ڕێسا نیونەتەوەییەکان پێشێل دەکەن. ڕەنگە جیهان بە سەرکردایەتی ئامریکا جیهانێکی ئارمانی و دڵخواز نەبێت، بەڵام جیهانێك کە ملهوڕەکان سەرکردایەتی بکەن ئێجگار بێزارکەر و قێزەون دەبێت. بەڵام سیاسەتی جیهانی ئامێتەی گۆڕانکارییە، هەرچەندە لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتدا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕوو نادات. گرنگ ئەوەیە هەر نەتەوەیەك خاوەن ستراتیژی و پلانێکی توکمە بێت کە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا تەبا بێت و بتوانێت زیاترین ئاستی بەرژەوەندییەکان دەستەبەر بکات. بۆ ئەوەش پێویستمان بە خوێندنەوەی ورد و زانستیانەی سیاسەتی نێونەتەوەییە.

## یادداشت و سەرچاوەکان:

١. هەڵبەت لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا جیاوازییەکی ورد هەیە لە نێوان وڵاتێکی باڵادەست و وڵاتێکی هێژمۆندا. دەکرێ بڵێین هەر وڵاتێکی هێژمۆن، وڵاتی باڵادەستیشە، بەڵام مەرج نییە وڵاتێك کە لەنێو باقی وڵاتاندا باڵادەستە، وڵاتێکی هێژمۆن بێت. هێژمۆن لە پێناسەی خۆیدا خاوەن هەندێ تایبەتمەندییە کە وڵاتی باڵادەست ئەو تایبەتمەندییانەی نییە. بۆ نموونە پێویستە وڵاتی هێژمۆن خاوەن هێزی پێکهاتەیی[1] (هێزی ئابووری، سەربازی، کلتووری-ئایدۆلۆژی و پیشەسازی) بێت و تا ڕادەیەکیش دەسەڵاتەکەی لە ئاستی جیهانیدا ڕەوا بێت و ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتان دانیان بە ڕابەرایەتی و هێژمۆنی ئەو دەوڵەتدا نابێت. بۆ نموونە «جۆن جی. مێرشایمێر» بیرمەندی بەناوبانگی سیاسەتی نیونەتەوەیی دەڵێت: هەر دەوڵەتێك بیەوێت ئاسایشی ڕەها بەدەست بهێنێت، دەبێ ببێتە هێژمۆنیی نیونەتەوەیی، بۆیە دەوڵەتەکان تەنیا هەوڵ نادەن ببنە دەوڵەتی باڵادەست، بەڵکوو هەوڵ دەدەن ببنە هێژمۆنی. (لەم بارەوە بروانە: ڕیچارد لیتل(١٣٨٩). تحول در نظریەهای موازنە قوا، مترجم: غلامعلی چگنی‌زادە، تهران: انتشارات موسسە فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین‌المللی ابرار معاصر، چاپ نخست، آبان ماه، ص ٢٨

بەڵام من لەم نووسراوەدا ئەو جیاکارییەم لەبەرچاو نەگرتووە و زۆر جار چەمکەکانی «باڵادەستی» و «هێژمۆنی» و تەنانەت «تاك جەمسەری»م بە یەك واتا بەکار هێناوە.

٢. بۆ نموونە کێنێت والتز داڕێژەری تیۆریی ڕیالیزمی نوێ لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، پێی وایە هاوسەنگیی هێز بە شێوەیەکی بێچەندوچوون و ناچارەکی، لە پێکهاتەی نێونەتەوەییەوە سەرچاوە دەگرێت. لە ڕوانگەی والتزەوە بەدەر لەوەی هەندێك یاخود هەموو دەوڵەتەکان ئاگایانە و وشیارانە خوازیاری پێکهێنان یان پاراستنی هاوسەنگی بن یاخود پاراستنی هێژمۆنیی خۆیان، مەیلی جێگیرکردنی هاوسەنگی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیك و خۆکار خۆی دەردەخات. بڕوانە: جیمز دوئرتی و رابرت فالتزگراف(١٣٨٣). **نظریەهای متعارض در روابط بین‌الملل**، مترجمین: وحید بزرگی و علیرضا طیب، تهرن: انتشارات قومس، چاپ سوم،٨٤٥، ص ٦٧.

٣. بۆ نموونە: مارتین وایت ٩ پێناسەی جیاواز لە هاوسەنگیی هێز لێك جیا دەکاتەوە کە بریتین لە: دابەشکردنی هێز بە شێوەی هاوسەنگ، پێویستیی دابەشکردنی هێز بە شێوەیەکی هاوسەنگ، دابەشبوونی هەنووکەیی هێز، واتە هەر جۆرە دابەشبوونێکی هێز، پەرەسەندن و فراوانبوونی یەکسانی زلهێزەکان لە زیانی وڵاتانی لاواز، پێویستیی خاوەنداریێتی هەموو وڵاتان لە ڕێژەیەك هێز بۆ لەناوبردنی دابەشبوونی ناهاوسەنگیی هێز، ڕۆڵێکی تایبەت لە پاراستنی هاوسەنگیی هێز، پشکێکی تایبەت لە دابەشبوونی هێزی بەردەست و هەروەها مەیلی سرووشتیی سیستەمی نێونەتەوەیی بۆ بەرهەمهێنانی هاوسەنگیی هێز. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەم بارەوە بڕوانە:

گراهام ایوانز و جفری نونام، **فرهنگ در روابط بین الملل**، ترجمە: حمیرا مشیرزادە و حسین شریفی، تهران: نشر میزان، چاپ اول، تابستان، ص ٧٥.

1- Structural Power

٤. پەیماننامەی ئوتریخت (Treaty of Utrecht) پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ڕێککەوتننامەی نێوان وڵاتانی ئورووپا کە، بەمەبەستی کۆتاییهێنان بە شەڕی جێگرەوەی پاشایەتی ئیسپانیا لە نێوان لویی چواردەهەم پاشای فەرەنسا و فیلیپی پێنجەم پاشای ئیسپانیا لەلایەکەوە و وڵاتانی هاوپەیمانەتی مەزن لەلایەکی ترەوە لە ڕۆژی ١١ی ئاپریلی ١٧١٣دا واژۆ کرا. ئەو پەیماننامەیە کە لە لایەن وڵاتانی ئیسپانیا، بەریتانیای مەزن، فەرەنسا، پورتەگال و کۆماری هولەند واژۆ کرا، خاڵی کۆتایی فراوانخوازییەکانی لویی چواردەهەم و پووچەڵکردنەوەی خەونی فەرەنسا بۆ داگیرکردنی ئورووپا بوو و سیستەمی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی لەسەر بنەمای هاوسەنگیی هێزەکان پاراست. لەم بارەوە بڕوانە: ویکیپدیا (فارسی)، قرارداد اوترخت:
قرارداد اوترخت - ویکی‌پدیا، دانشنامهٔ آزاد (wikipedia.org)

٥. گراهام ایوانز و جفری نونام، همان، لل صص ٧٧ و ٧٦.

٦. ارگانسکي، اي. اف.ك(١٣٤٨). سیاست جهان، ترجمه حسین فرهودي، تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب ١٣٤٨، ص ٣٦٤.

٧. جیمز دوئرتي و رابرت فالتزگراف، همان صص ٦٥-٦٨.

٨. بۆ نموونە سەیری ئەو سەرچاوە بکە: مورگنتا، هانس. جی(١٣٨٤). **سیاست میان ملتها**، تجدید نظر: کنت دبلو. تامپسون، ترجمە: حمیرا مشیرزاده، تهران: وزارت امور خارجه، دفتر مطالعات سیاسی و بین‌الملل، ٢٨٩.

٩. Waltz. Kenneth. N.(2000 ),"Structural Reallism after the Cold War", International security, No 1,p:28, ate:Available http://www.columbia.edu/itc/sipa/U6800/readings-sm/Waltz_Structural20%Realism.pdf

١٠. لەو بڕوایەدام ئەوەی هەندێ کەس وەك هاوسەنگیخوازیی یەکیەتیی ئورووپا بەرامبەر واشنتۆن ناوی لێ دەبەن، نەك هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی هاوسەنگی، بەڵکوو هەوڵی ئەو یەکێتییە بۆ چەسپاندنی ڕێبەرایەتی ڕاوێژکارانەی ئامریکا. مەبەستم ئەوەیە کە وڵاتانی ئورووپا لە ئێستادا لەگەڵ ڕابەرایەتی واشنتۆن کێشەیان نییە، بەڵکوو لەگەڵ جۆری ڕابەرایەتییەکەی کێشەیان هەیە. بە واتایەکی تر، وڵاتانی ئەورووپی دان بە ڕابەرایەتی ڕەوای ئامریکادا دەنێن (وەك ئامریکای سەردەمی کلینتۆن یان ئۆباما)، بەڵام ئیمپراتوریەتی ئامریکا (وەك ئامریکای سەردەمی جۆرج دەبلیۆ بۆش) و ئامریکایەکی گۆشەگر کە هەوڵی دابڕان لە جیهان بە گشتی و لە ئورووپا بەتایبەتی بدات (وەك ئامریکای سەردەمی ترامپ) ڕەت دەکەنەوە. ئەوان ئامریکایەکی ڕابەریان دەوێت کە سەبارەت بە کاروباری جیهانی ڕاوێژیان لەگەڵ بکات و لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا بەشداریان بکات. ئەندامانی ئەو یەکێتیە بەتایبەت لە سەردەمی جوج دەبلیو بۆش (کە بە خوێندنەوەی ئەورووپییەکان لە ڕێگای میلیتاریزەکردنی سیاسەتی جیهان و هێرش بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق لە هێژمۆنییەوە بەرەو ئیمپراتوریەت هەنگاوی دەنا) و دۆناڵد ترەمپدا (کە بە سیاسەتی مێرکانتیلیزمی ئابووری و هەروەها چوونەدەرەوە لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بەرەو ناسیونالیزمی ئامریکی ڕۆ دەچووو)، هەوڵی داوە بە پەنابردن بۆ دوو سیاسەت، واتە «سیاسەت بەرامبەر ئامریکا» و «سیاسەتی هاوکاری مەرجدار» لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی ئەو وڵاتەدا بەشدار بن. سیاسەت بەرامبەر ئامریکا بەو واتایە دێت کە ئورووپا نە دژی ئامریکا و نە پاشکۆی ئەو وڵاتەیە، بەڵکوو پێویستە لە دەرفەت و تواناکانی خۆی بۆ گێڕانی ڕۆڵ لە کاروباری نێونەتەوەیی و کاریگەریدانان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا کەڵك وەربگرێت. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، پێویستە ئورووپا هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئامریکا بەرەو گێڕانی ڕۆڵی هێژمۆنیی لیبرال ببات، بە جۆرێك کە ئامریکا ڕەچاوی خواست و بەرژەوەندییەکانی باقی وڵاتان بکات و وێرای دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، وەك دارێژەر و دابینکەری تەکووز [نەزم] و سەقامگیری نێونەتەوەیی ڕەفتار بکات. سیاسەتی هاوکاریی مەرجداریش بەو مانایە دێت کە پێویستە بۆ واشنتۆن هەندێ مەرج دابنرێت بەرامبەر پاڵپشتی لە ئامانج و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتە.

١١. امیراحمدیان، بهرام(١٣٨٦).« سپر دفاع موشکي یا جنگ سرد جدید»، **فصلنامه مطالعات آسیاي مرکزي و قفقاز**، سال شانزدهم، دوره چهارم، شماره ٦٠ ف زمستان، ص ٤٣.

١٢. اوون چهارم، جان. ام (١٣٨٣). «لیبرالیسم فراملیتي و برتري آمریکا با ملاطفت و نرمش آمریکا در نگاه بیننده»، در جان ایکنبري، **تنها ابر قدرت: هژموني آمریکا در قرن ٢١**، ترجمه: عظیم فضلي پور، ، تهران: انتشارات موسسه فرهنگی مطالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، ١٣٨٢، ص ٣٤٦.

١٣. جان ایکنبري، همان، ص ٢٠.

١٤. Waltz, Ibid, p: ٣٧.

١٥. بەڵام تەنانەت بەشێك لە بیرمەندانی ڕیالیزم، بۆ نموونە کراسنێر، گیلپین و کیوهێن لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نین. ئەوان پێیان وایە هێژمۆنی تاقە وڵاتێك بەسەر هەمووو جیهاندا دەبێتە هۆی سەقامگیری و ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا. هەر لەسەر ئەم باوەرە، تیۆری سەقامگیریی هێژمۆنیك (Hegemonic Stability) دەڵێت تەنیا یەك ڕێگا بۆ جێگیربوونی ئاشتی و سەقامگیریی لە جیهاندا هەیە و ئەویش هەبوونی دەوڵەتێکی هێژمۆنە لە جیهاندا. ئەو تیۆرە کە یەکەم جار چارلێز کیندلبێرگێر باسی لێ کرد، بە هەلومەرجێك لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دەوترێت کە تێیدا وڵاتێکی هێژمۆن کە لە بوارە جیاجیاکاندا باڵادەستە، لە شانۆی جیهانیدا هەبێت و لە ڕێگای بەرهەمهێنانی یاسا و ڕێسای بەهێزی نێونەتەوەییەوە، سەقامگیری و ئاشتی

بپارێزێت و ببێتە هۆی ئەوەی وڵاتانی جیاواز ڕێز لەو یاسا و ڕێسایانە بگرن. بۆ خوێندنەوەی زیاتر لەم بارەوە بڕوانە ئەو سەرچاوانەی خوارەوە:

- V. Helen .Milner(1998).”International political economy:beyond hegemonic stability”, foreign policy, NO 110, spiring, p:16, Available ate: https://www.jstor.org/stable/1149280

- مشیرزاده، حمیرا(١٣٨٦). **تحول در نظریه‌های روابط بین‌الملل، تهران**: انتشارات سمت، چاپ سوم، بهار، صص ١٢١-١٢٥

- Scheidel, walter(2006).”Republics between hegemony and empire:How ancient city-states built empires and the U. S. A doesn’t (anymore)” , Princeton/Stanford working pupers in classics Stanford university, version 10, February, See p: 4, available at: https://www.academia.edu/3166613/Republics_between_hegemony_and_empire_How_ancient_city_states_built_empires_and_the_USA_doesnt_anymore_Walter_Scheidel_Stanford_University_Version_0_1_February_1_2006_Problems_of_definition

-Hunter Wade,Robert(2002),»U.S Hegemony and The World Bank:The Fight Over People and Ideas» , Review of International Political Economy,vo 9, NO. 2,May 01,002, p215, Available ate: https://www.tandfonline.com/doi/abs/09692290110126092/10.1080

١٦. لێرەدا بە ئەنقەست دەستەواژەی «هاوسەنگیـ»ـم بەکار هێناوە نەك فرەجەمسەری، چونکە لە ڕوانگەی ڕیالیستەکان و بە تایبەت ڕیالیستە نوێیەکانەوە هاوسەنگیی هێز بەو واتایە نییە کە سیستەمی نیونەتەوەیی ببیتە فرەجەمسەری، لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئەو جۆرە سیستەمەش ناسەقامگیرە. مەبەست لە هاوسەنگیی هێزەکان بە جیهانێك وەك سیستەمی سەردەمی شەڕی سارد دەوترێت کە پێکهاتەیەکی دوو جەمسەرییە کە زلهێزەکان یەکتری لە حاڵەتی هاوسەنگدا دەهێڵنەوە. بە گشتی لە نیو ڕیالیستەکاندا ئەو کۆدەنگییە هەیە کە بەرامبەر وڵاتی هێژمۆن هاوسەنگی دێتە ئاراوە، هەرچەندە ناڵین کەی ئەو هاوسەنگییە جێگیر دەبێت و کاتەکەی گرێ دەدەنەوە بە بارودۆخی نێوخۆیی و نێونەتەوەییە.

# کۆمەڵگای مرۆڤەکان و سەرهەڵدان و کەوتنی شارستانییەتەکان

شاهین ئاسۆس

**پێشەکی:**

نهێنی پشتی کردارەکانی مرۆڤ و پاڵنەرەکانی و خواست و ویستی مرۆڤ بۆ پێکەوەنان و بنیاتنانی شارستانیەتییەك یاخود بە زمانی سەردەم بڵێین دەوڵەتێك، هەمیشە جێگەی سەرنجی فەیلەسوفان و بیرمەندان بووە. کۆمەڵە پرسیارێکی وەك (مرۆڤ چییە؟ ئامانجی چییە؟ بۆ بەو جۆرە ڕەفتار دەکەن، چ شتێك لەیەکیان جیادەکاتەوە و بەیەکیانەوە دەیانبەستێتەوە؟..هتد) وایان کردووە کە چەندین تیئۆری فەلسەفی و فیکری بۆ شیکاری ئەو پرسیارانە دابمەزرێن.

یەکێك لەو بابەتانەی کە لە دێر زەمانەوە وتووێژی زۆری لەسەر کراوە، بوونی شارستانییەتەکانە. ڕوونە کە لەدایکبوون و گەشەکردن و کەوتنی شارستانییەتەکان لە چوارچێوەی بنەماکانی دەوڵەتداری بابەت گەلێکن کە مرۆڤی کۆن و سەردەمیان بە خۆیەوە مەشغوڵکردووە. ئێمە لەو بابەتەی خوارەوە بە شێوەیەکی زۆر گشتی تیشك دەخەینە سەر مرۆڤ و شارستانییەت، مەرجەکانی دروستبوونی شارستانییەت و کەوتنی شارستانییەتەکان.

## باسی یەکەم: مێژوی مرۆڤی ژیر و دەرکەوتنی یەکەم شارستانییەت

بەپێی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا تەمەنی مرۆڤی هۆشمەند ٢٥٠ بۆ ٣٠٠ هەزار ساڵە لەسەر ئەم هەسارەیەی کە پێی دەڵێن زەوی، ئەوەی کە مرۆڤی هۆشمەندی جیا دەکردووە لە بونەوەرەکانی تر و جۆرەکانی تری مرۆڤ لەسەر هەسارەکە، ئەوەیە کە مرۆڤی هۆشمەند لە توانایاندا هەیە بە ژمارەی گەورە بەیەکەوە بژین و هەماهەنگییەکی گونجاو دروست بکەن و ئامانجی هاوبەش بۆ کۆمەڵە گەورەکەیان دابنێن. ئەگەر سەیر بکەین بوونەوەرەکانی تریش لە توانایاندا هەیە چەند دانەیەك ببنە کۆمەڵەیەك و هەماهەنگی دروست بکەن. هەندێك بوونەوەری تر کە چەند جۆرێکی کەمن، توانایان هەیە گرووپی چەند سەد دانەیی دروست بکەن. بەڵام ئێمە مرۆڤی هۆشمەند توانای هەزاران و ملیۆنانمان هەیە کە بەیەکەوە هەنگاو بنێین بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو تایبەتمەندیە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکان کە وای کردووە بەهێزترین بوونەوەر لەسەر هەسارەکە مرۆڤەکان بن و وا بکات خاوەنی شارستانییەتی لەمێژینە بن.

لە ڕاستیدا بەهۆی ئەوەی کە هیچ نووسینێکی دیاریکراوی مێژوویی بوونی نییە ناتوانین بە دیاریکراوی ئاماژە بەوە بکەین کە مرۆڤەکانی پێش چاخی نووسین چۆن کۆمەڵە و هۆزەکانیان بەڕێوە بردووە، بەڵام دڵنیاین کە شێوازی مرۆڤ لە ژیانکردن دا هەمیشە بەرەو پێشەوە چووە پشتبەست بەو ڕاستییەی تا نزیك دەبینەوە لە سەردەمی ئێستامان دەبینین شێوازی ئەو پاشماوانەی کە لە مرۆڤەکان بەجێ ماون وردە وردە بەرەوپێشچوون لە کەلوپەلێکی سادەی لە بەرد دروستکراو و وێنەی سەر ئەشکەوتەکان تا دەگات بە ڕۆبۆتێکی زیرەکی دەستکرد و باڵەخانە هەوربڕەکانی سەردەمی ئێستا.

ئـەوەی کـە جێـگای سـەرنجە ١٢ هـەزار سـاڵ پێـش ئێشـتا مرۆڤـەکان هێنـدە پێـش کەوتـن کـە توانیـان کشـتوکاڵ بدۆزنـەوە و شـێوازی ژیانیـان بـە ئاراسـتەیەکی زۆر جیـاواز لـە کۆچـەری و میوەکۆکردنـەوە و ڕاوکـردن بگـۆڕن بـۆ جێگیربـوون.

مرۆڤـەکان نەوەسـتاون لـە بەرەوپێشـچوون بـە شـێوەیەك نزیکـەی ٣٥٠٠-٤٠٠٠ سـاڵ پێش زایین لـە شارسـتانییەتی سـۆمەر بـۆ یەکەمجـار دەسـتیان کـردووە بـە نووسـین و چەندیـن تاتـی قـوڕی کـە تایبەتـن بـە هـی ئـەو سـەردەمە دۆزراونەتـەوە و بـۆ زمانـە جیاوازەکانـی سـەردەم بەشـێکیان وەرگێڕانیـان بـۆ کـراوە و بـاس لـە سیسـتەمی ژیانـی مرۆڤـەکان دەکات لـەو سـەدانەدا.

## باسـی دووەم: پێویسـتییەکان بـۆ بوونـی شارسـتانییەت یـان وڵاتێکـی نموونەیـی چیـن؟

وەك پێشـتر باسـمان کـرد مـرۆڤ بوونەوەرێکـی کۆمەڵایەتییـە، و هـۆکاری ئـەوەی کـە مـرۆڤ بەهێزتریـن بوونـەوەرە لەسـەر زەوی هـەر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لـە توانایانـدا هەیـە هـەزاران و ملیۆنـان کەسـیان بەیەکـەوە هـەوڵ بـدەن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجێکـی دیاریکـراو لـە کاتێکـدا هیـچ بوونەوەرێکـی تـری بـەو ڕێژەیـە هەرگیـز ناتوانـن هەماهەنـگ بـن.

بەسـەیرکردنی مێـژووی مـرۆڤ و شارسـتانییەتەکان دەبینیـن (کۆمەڵـە مرۆڤێـك) لـە ناوچەیەکـی دیاریکـراودا توانیویانـە بـۆ ماوەیەکـی کاتـی هەماهەنگییەکـی نـاوازە دروسـت بکـەن و ئـەو هەماهەنگییـە نـاوی لـێ نـراوە (شارسـتانیەت). وەك شارستانییەتی(سـۆمەر، بابل، میسـر، هینـد، چیـن، یۆنـان، ڕۆم، ئینـکا و هتـد).

ڕاسـتییەکی تـر هەیـە ئەویـش ئەوەیـە کـە ئـەو هەماهەنگیانـە کاتـی بـوون، واتـە هیـچ شارسـتانییەتێك بوونـی نەبـووە کـە هەتـا ڕۆژگاری ئەمـڕۆ بـەردەوام بێـت، بەڵکـوو هەیانـە چەنـد سـەد سـاڵێك هەشـیانە چەنـد هـەزار سـاڵێك درێژەیـان خایانـدووە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا بـە هـۆی چەنـد هۆکارێکـی نێوخۆیـی بـە پلـەی یەکـەم و هـۆکاری دەرەکـی بـە پلـەی دووەم بەرەبەرە بـەرەو لاوازی، کاڵبوونـەوە و لەنێوچـوون ڕۆشـتوون.

ئامانجـی ئێمـە لـەو نووسـینە بریتییـە لـە شـیکردنەوەی چۆنیەتـی گەشـەکردنی شارسـتانییەتێك یاخـود دروسـتبوونی وڵاتێـك بـە سـوودوەرگرتن لـە تێکـڕای ئەزمـوون و مێـژووی نووسـراوەی مرۆڤایەتـی.

سـەرەتا دەمانەوێـت ئامـاژە بـە چەنـد خاڵێـك بکەیـن سـەبارەت بـەوەی کـە وڵاتـی نموونەیـی چییـە؟

بـۆ بەرچاوڕوونـی دەمانەوێـت بپرسـین، ئەگـەر باشـترین (ئوتۆپیـا) لـە خەیاڵمـان دروسـت بکەیـن پێویسـتمان بـە چـی دەبێـت؟؟؟

لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەتوانیـن بڵێیـن بـە سـەیرکردنی شارسـتانییەتی سـۆمەر هەتـا شارسـتانییەتەکانی ئەمـڕۆ بەشـێك لـەم خاڵانـەی خـوارەوە بونیـات هەبـووە بـۆ دامەزرانـی هـەر دانەیەکیـان:

١ـ بوونـی خاکێکـی گونجـاو و لەبـار کـە بتوانرێـت کشـتوکاڵی تێدا بکرێـت و خاوەنـی مـادەی کانزایی بـاش بێـت بـۆ پیشەسـازی.

٢ـ بوونـی دانیشـتوانێکی ژمـارە گونجـاو لـە نێـو ئـەو خاکـەدا و بـە شـێوەیەکی هاوسـەنگ بەسـەر وڵاتەکـە دابـەش ببـن.

٣ـ سـەرچاوە ئاوییـەکان و سـنووری ئـاوی، لـە نێـو ئـەو وڵاتـە ڕووبـاری بـاش هەبـن کـە خەڵکەکـە لـە کۆمەڵێـك ڕووەوە سـوودی لـێ ببەیـن، بـۆ کوشـتوکاڵ و گەشـتوگوزار و بەنـداو، لـە هەمـان کاتدا سـنووری وڵاتەکـە بەشـێکی کەوتبێتـە سـەر دەریـا بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـانی هاتووچـۆی دەریـای بـکات و سـوودی ئابـووری و سیاسـی و ئاوهـەوای لـە دەریاکـە بـکات.

٤ـ بوونـی ئاوهەوایەکـی لەبـار بـۆ ئـەوەی مرۆڤەکانـی ئـەو وڵاتـە بـە ئاسـانی چالاکییـە ڕۆژانەیـی و بازرگانـی و ئابوورییەکانیـان ئەنجـام بـدەن.

٥ـ بوونـی سـەرچاوەی مرۆیـی نموونـەی (جووتیـار بـۆ کشـتوکاڵکردن، ئەندازیـار بـۆ ڕێگاوبـان و خانوبـەرە و بەنـداو، پزیشـك بـۆ چارەسـەری نەخـۆش، دەروونـزان بـۆ چارەسـەری دەروون، کۆمەڵنـاس بـۆ چارەسـەری کۆمەڵـگا، مامۆسـتا بـۆ پەروەردەکردنـی مـرۆڤ و هتـد).

٦ـ هەڵکەوتـەی جوگرافـی وڵاتەکـە بـە گوێـرەی وڵاتانـی دراوسـێ، هەڵکەوتەکـەی بـە جۆرێـك بێـت کـە وڵاتانـی دراوسـێ هەماهەنگـی تەواویـان هەبێـت لەگەڵیـدا.

بـەڵام ئایا لـە هەمـوو جیهانـدا وڵاتێکی ئۆتۆپیایـی لـەو جـۆرە بوونـی هەیـە؟؟؟

بەدڵنیاییـەوە نەخێـر. هـەر وڵاتێـك یـەك دوو تایبەتمەنـدی هەیـە لـەو شـەش تایبەتمەندییـەی سـەرەوە و بەتایبەتمەندییەکانـی تـر بێبەشـە.

پرسـیارەکە ئەوەیـە ئایـا دەتوانرێـت کۆمەڵەیەکـی نیشـتەجێ لەسـەر خاکێکـی دیاریکـراو بەبـێ بوونـی هەمـوو تایبەتمەندییـەکان وڵاتێـك یاخـود قەوارەیـەك دروسـت بکـەن کـە نزیـك بێـت لـە وڵاتـە نموونەییەکـە؟؟ چارەسـەرێك هەیـە بـۆ گرفتەکـە؟؟؟

چارەسەری مرۆڤ و کێشەکانی مرۆڤ هەر خودی مرۆڤەکە خۆیەتی. بە سوودوەرگرتن لە چەند زانستێك دەتوانرێت تا ڕادەیەکی باش ئەو وڵاتە کە کامڵ نییە نزیك بکرێتەوە لە وڵاتێکی کامڵ. لە جیهاندا وێنەی وڵاتی بەم جۆرەمان زۆرە کە لە زۆر ڕووەوە سروشت یارمەتیدەریان نەبووە، بەڵام بە بەکارهێنانی چەند زانستێك توانیویانە ببنە پێشەنگ تا ئاستێکی باش وەك ((وڵاتانی باکوور و ڕۆژئاوای ئورووپا، بەشێك لە وڵاتانی سەر کەنداو وەك قەتەر و ئیمارات و سعوودیە و کوەیت، وڵاتانی ئاسیای دوور وەك ژاپۆن وسەنگاپوور و هتد).

ڕاستییەك کە ناتوانین خۆی لێ لابدەین ئەوەیە کە ناتوانین ڕێبازی وڵاتێکی دیکە وەربگرین و بمانەوێت بە شێوەیەکی تەواو لەسەر کۆمەڵگا و وڵاتێکی دیکە جێبەجێی بکەین. چونکە هەر وڵاتێك بەپێی ئەو سروشت و هەڵکەوتە جوگرافی و کولتوورەی کە هەیەتی دەبێت ڕێبازێکی تایبەتی بۆ دابنرێت کە هاوتەریب بێت لەگەڵ بارودۆخی ڕاستەقینەی نەوەك لە دژی بێت.

بە تێڕوانین و وردبوونەوە لە تێکڕای ئەزموونی مرۆڤایەتی و شارستانییەتەکانی ناوی (لە سۆمەرەوە هەتا زلهێزەکانی ڕۆژگار) دەتوانین بڵێین کۆمەڵێك ئەزموون و ڕێباز و زانست بوونیان هەیە کە کۆمەڵگاکان دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ گەورەکردن و زیندووهێشتنەوەی خۆیان.

گرنگترین زانستەکان کە یارمەتیدەرن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی سەلامەت و درێژخایەن، بە ریزبەندی دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەیان پێ بکەین:

١ـ فەلسەفە: فەلسەفە واتە خۆشەویستی بۆ زانین، خۆشەویستی بۆ گەڕان بە دوای وڵامدا و وازنەهێنانە لە پرسیاری بەردەوام، فەلسەفە دایکی زانستەکانی ترە چونکە بەبێ پرسیار و وردبوونەوە هیچ زانستێك بەر ناگرێت، فەلسەفە ڕۆحە بۆ جووڵاندنی جەستە، فەلسەفە وەك کارەبا وایە خۆی بەتەنیا هیچ نییە، تەنیا وزەیەکە بۆ ئەوەی زانستەکانی تر بکەونە کار، تا کارەبا بەردەست نەبێت هەبوونی تەواوی ئامێرە کارەباییەکان سوودێکمان پێ ناگەیەنن.

٢ـ کۆمەڵناسی، دوای ئەوەی فەلسەفە تەزویەکی گەورەی دروست کرد یەکێك لەو زانستانەی کە کاری ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەکات کۆمەڵناسییە، کۆمەڵگاکان هەموویان جوڵەیان هەیە بەڵام زانستی کۆمەڵناسی ئاراستەی دەکات و لە ڕووی چۆنییەتییەوە بەرەو پێشی دەبات. کۆمەڵناسی زانستی سیانەکردنی بەردەوامی کۆمەڵگایە، لێی دەڕوانێت، شیکردنەوەی بۆ دەکات، هەڵیدەسەنگێنێت و پێداچوونەوەی بۆ دەکات و بەپێی سەردەم و ڕۆژگار باشترین ئاراستە بۆ کۆمەڵگا هەڵدەبژێرێت. برینەکان دەستنیشان دەکات و هۆکاری برینەکە ڕوون دەکاتەوە و ڕێگە بۆ دەرمانکردنیان دادەنێت.

٣ـ دەروونزانی، لە کاتێکدا کۆمەڵناسی خەریکی سیانەکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگایە، دەروونزانی و لقەکانی سەرقاڵە بە تاك بە تاکی مرۆڤەکان. بەرچاوڕوونیان پێ دەدات سەبارەت بە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیان و ژیانیان، ئاشنای ئەو گرفتانەیان دەکات کە دەکرێت مرۆڤەکان دووچاری ببن. چارەسەری ئەو تاکانە دەکات کەوتوونەتە جۆرێك لە بێهیوایی و هەڵە ڕوانین لە ژیان. دەروونزانی تێڕوانین و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو گەردوونەیە کە لە نێو ناخی هەر تاکێکدا بوونی هەیە. هەوڵێکە بۆ ئاراستەکردنی ئەو گەردوونە بە شێوەیەك کە لە قازانجی تاك و کۆمەڵگادا بێت.

٤ـ سیاسەت، بەمانای وشە واتە زانستی بەڕێوەبردن یان زانستی بڕیاردان. سیاسەت شانبەشانی زانستەکانی سەرەوە کە کارەکانی خۆیان درێژە پێ دەدەن لە نێو کۆمەڵگا کار دەکات، لە بەرهەمی سێ زانستەکەی پێشتر کەسانێك پەیدا دەبن کە توانای بەڕێوەبردن و بڕیاردانیان هەیە بۆ بابەتە گشتگیرەکانی وڵات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە لاوازانەی وڵاتەکە هەیەتی و ئەو تاکانە چونکە بەرهەمی سێ زانستەکەی پێشووترن ئەو ڕاستییانە دەزانن کە کۆمەڵگا هەموو بەیەکەوە سەردەکەوێت و خەیاڵی سەرکەوتن بە تەنها بۆ تاقمێك و حیزبێك لە نێو کۆمەڵگایەکدا تەنیا دەبێتە هۆی ئەوەی خۆیان و دەوروپشتیان بەرەو کارەسات هەنگاو بنێن.

٥ـ ئابووری، زانستی بەڕێوەبردنی سەرمایە، لە کاتێکدا سیاسەت لایەنی بەڕێوەبردنەکە ڕێك دەخات ئابووریش جووڵەی سەرمایە و دارایی ڕێك دەخات. سیاسەت و ئابووری دوو دیوی یەك دراون و بە هیچ شێوەیەك دوور لە یەك ناتوانن سەرکەوتوو بن.

٦ـ زانستە ڕەقەکان (فیزیا، کیمیا، زیندەوەرزانی، سروشتزانی و هاوشێوەکانیان) هەرچەند ئەو زانستانە هەمیشە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێت بەڵام بەتایبەت دوای ئەوەی کۆمەڵگە لە ڕووی هزر و فکرەوە جێگر بوو و توانی تا ڕادەیەکی باش پێگەی خۆی لە نێو کۆمەڵگاکانی تردا

بەهێز بکات، ئینجا کاتێکی لەبار دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگا ئارامە، کار لەسەر ئەو زانستانە بکرێت و داهێنانیان تێدا بکرێت بۆ گەیشتن بە ئاستێکی بەرزتر لەوەی کە هەیە لە پێناو درێژەدان بەو دەسکەوتانەی کە پێی گەیشتووە.

دوو تێبینی گرنگ هەیە سەبارەت بەو شەش خاڵەی سەرەوە کە پێویستە سەرنجی بخرێتە سەر:

١- یارییەکە سەبارەت بە مرۆڤە و هەموو بۆ خزمەتی خۆیەتی، بۆیە دەبێت پێش هەموو ڕەهەندێك ڕەهەندی مرۆڤبوون لە هەموو شتێك زیاتر تیشکی بخرێتە سەر و لە خاڵی یەکەمەوە نەپەڕینە سەر خاڵی پێنجەم کە بەشێك لە کۆمەڵگاکان ئەو هەڵەیان کردووە و باشماوەیەکی کەم تووشی لەنێوچوون هاتوون.

٢- زانستەکان ڕێزبەندییەکەیان تەواو لۆژیکییە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە لە گرنگی هیچ یەکێك لە زانستەکانی تر کەم بکرێتەوە تەنیا ئەو نەبێت کە هەر زانستێك دەبێت لە کاتی گونجاوی خۆیدا زۆرترین تیشکی بخرێتە سەر. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕیزبەندییەکەی سەرەوە زیاتر مەبەستمان بەکارهێنانی زانستەکانە لە کات و بارودۆخی تەواوەتی نەوەك سەروەرکردنی زانستێك بەسەر زاننستێکی تردا.

### باسی سێیەم: لەنێوچوونی شارستانییەتەکان:

وەك پێشتر باسمان کرد شارستانییەتەکان دروست دەبن و گەشە دەکەن و دواتریش کۆتاییان پێ دێت، ڕەنگە هەر ئەو ڕاستییەش بێت کە وای لە هەندێك فەیلەسوف کردووە، بڵێن شارستانییەتەکان وەك مرۆڤەکان لەدایك بوون و گەورەبوون و مردنیان هەیە، نەخۆشکەوتن و بەهێزبوون و لاوازبوونیان هە یە.

سەبارەت بە کۆتاییهاتنی شارستانییەتەکان زۆر کتێب و بابەت نووسراون لەلایەن مێژوونووس و فەیلەسوف و ئابووریناسان. هەریەکەیان لە ڕەهەندی جیاوازەوە بابەتەکەیان شی کردۆتەوە. بۆ نموونە نووسەری بەناوبانگ (ساموێل هینینگتۆن) بابەتێکی بڵاو کردەوە لەژێر ناونیشانی (پێکدادانی شارستانییەتەکان) لەساڵی ١٩٩٣ لە گۆڤاری کاروباری دەرەوەی ئامریکا. دواتر بابەتەکەی فراوان کرد و لەسەر شێوەی کتێبێك بڵاوی کردەوە. ساموێل لە کتێبەکەیدا زیاتر تیشکی خستبۆوە سەر جیاوازی کولتوری و کۆمەڵایەتی کە چۆن دەبێتە هۆی پێکدادانی شارستانییەتەکان.

یەکێك لە کتێبە سەرنجراکێشەکانی تر کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ باسی شارستانییەتەکان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکات ئەویش بریتییە لە کتێبی (کۆتایی مێژوو) کە فرانسیس فۆکۆیاما لە ساڵی ١٩٨٩ وەك بابەتی گۆڤار و ساڵی ١٩٩٣ بە شێوەی کتێب بڵاوی کردۆتەوە. تێیدا تیئۆری سەرکەوتنی لیبراڵ دیموکراسی بەسەر تیئۆرەکانی فاشیزم و کۆمیۆنیزم دەخاتە ڕوو و پێی وایە کە هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی تر ناتوانێت بەسەر لیبراڵ دیموکراسیدا زاڵ بێت چونکە لەو سیستەمەدا تەواوی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤبوون لە بەرچاو گیراوە، و پێی وایە کە مرۆڤایەتی ناتوانێت بگاتە ئاستێکی بەرزتر لەوەی کە لە لیبراڵ دیموکراسیدا پێی گەیشتووە .

چەندین نووسەر و توێژەر و فەیلەسوفی تر لەو بابەتە دواون. بە سوودوەرگرتن لە بابەتەکانی ئەوان و مێژووی شارستانییەتەکان و تێڕامان لە واقیعی وجودی مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانی، ئێمەش بە چەند پەرەگرافێك باسی شارستانییەتەکانی و هۆکاری لەنێوچوونیان دەکەین.

لەنێوچوونی وڵاتێك یاخود شارستانییەتێك دەکرێت شتێکی ئاڵۆز و تەواو ڕوون نەبێت. لە زۆر دۆخدا یەك بابەتی دیاریکراو وا ناکات ئەو کۆمەڵگەیە لە نێو بچێت بەڵکوو چەندین هۆکار بوونیان هەیە کە بەشدار دەبن لەو کەوتنە.

هۆکارە دەرەکییەکان وەك داگیرکاری لەلایەن هێزێکی گەورەتر یاخود ڕووبەڕووبوونەوەی وڵات بە ئافاتێکی سروشتی وەك وشکەساڵی درێژخایەن و بوومەلەرزە و گۆڕانکاری ئاوهەوا بابەتگەلێکن کە زۆر جار توانای وڵاتێکی دیاریکراودا نین بۆیە ئێمە زیاتر تیشك دەخەینە سەر چەند بابەتێکی نێوخۆیی کە مرۆڤەکان و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە خۆیان لێی بەرپرسیارن.

ئەگەرچی بابەتە نێوخۆییەکان تاڕادەیەکی زۆر تێکەڵکێشی یەکتر و تەواوکاری یەکترن بەڵام لە گرنگترین ئەو کۆمارە نێوخۆییانە کە بەکورتی باسیان بکەین ئەمانەی خوارەوەن:

١- دارمانی ئابوری: بریتییە لە دۆخێك کە وڵات چیتر ناتوانێت درێژە بە ئابورییەکەی بدات لەبەر چەند هۆکارێك هەروەك ( زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوەی سروشتی، دەستبەسەرداگرتنی دەرامەتەکان لەلایەن چینێکی دیاریکراو کە دەبێتە هۆی گرفتێکی ئابووری کە پێی دەوترێت {کارەساتی گەلان}، جەنگی نێوخۆیی و بەکارهێنانی دارایی بۆ مەبەستی کەلوپەلی جەنگی بە شێوەیەکی

زیاد لە پێویست.
٢ـ گەندەڵی سیاسی: دوای ئەوەی چینێکی دیاریکراو لە وڵاتێکدا هێز دەگرنە دەست، لە پێناو مانەوەی خۆیان پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی چەندین شێوازی نایاسایی و نالۆژیکی بە هیوای درێژەدان بە دەسەڵاتەکەیان، ڕاستە ئەمە بۆ ماوەیەك پارمەتیەیان دەدات لە مانەوەدا، بەڵام دواتر دەبێتە هۆی لەنێوچوونی متمانە لە نێو تاکەکانی گۆمەڵگە بەرامبەر یەك و لە هەمان کاتدا نەمانی متمانە بە سەرانی وڵات. ئەمەش بەدڵنیاییەوە هەڵوەشان و تێکۆژنی کۆمەڵگەکەی بەدواوە دەبێت.
٣ـ بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێك دیاردەی وەك برسیەتی، بەرزبونەوەی ڕێژەی تاوان، سەرهەڵدانی چەندین چینی کۆمەڵایەتی کە هەموویان لە ژێر پلەی هەژاریدان، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆی پچڕانی ئەو پەیوەندییەی کە کۆمەڵگەیەك پێویستە هەیبێت لە پێناو مانەوەی.
٤ـ ئاڵۆزی یاخود جەنگی نێوخۆیی: جیاوازییە دانپێدانەنراوەکانی نێو کۆمەڵگەیەك هەمیشە بوونەتە هۆکاری سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزی نێوخۆیی، لە دیارترین ئەو جیاوازییانە (جیاووازیی ئایینی، نەتەوەیی، ئایدۆلۆژی سیاسی، هتد). کاتێك کە یەکتر قبوڵکردن نەما ئەو جیاوازییانە وادەکەن ببنە خاڵێکی بەهێز بۆ بەیەکداچوونی تاکەکانی کۆمەڵگا.
٥ـ لەدەستدانی ناسنامەی کولتوری: کاتێك کۆمەڵگایەك لە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵە تاکێك کە خاڵی هاوبەش لە نێوانیاندا بوونی نییە، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە وەك دەنکەکانی تەسبێحی لێ دێت کە دەزووەکەی پساوە و دەکرێت هەر دانەیەکیان بەئاراستەیەکی جیاوازدا بڕۆن. ئەمەش بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناوەندێك دروست بێت بۆ سەرهەڵدانی بیرێکی تازە کە وەك جێگرەوەیەك لەجیاتی دەزوە پساوەکە کار بکات و کۆتایی بە شارسستانییەتەکەی پێش خۆی بهێنێت.

## دەرئەنجام:

ئەگەرچی شیکردنەوەی داینامیکی کارکردن و ئاراستەی شارستانییەتەکان ئاسان نییە، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە کات یەکێکە لە گرنگترین ئەو ڕەهەندانەی پێویستە لەبەرچاو بگیرێت. چونکە نە بنیاتنانی شارستانییەتێك لە پرێکدا ڕوو دەدات نە کەوتنی ئەو شارستانییەتە. ئەوەی جێگای سەرنجە شارستانییەتەکان بە درێژایی مێژووی نووسراو، بوونیان هەبووە و پەرەیان سەندووە و دواتر بەرەو لاوازی چوون و کەوتوون، و وا پێدەچێت لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ بابەتی شارستانییەت و هاوئاهەنگیی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری، فۆرم و شێوازی تازە وەربگرێت کە پێویستی بە زانستی جیاجیا هەیە بۆ ئەوەی شیکردنەوەی ئەو فۆرمە تازەی بکرێت. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پشتبەستن بەوەی پێشتر باس کرا، هەرگیز سەرهەڵدانی شارستانییەت و دەوڵەتێکی تازە نامومکین و ئەستەم نەبووە لە مێژوودا و ئەم قسەیە ڕاستە بۆ ڕووخانی دەوڵەت شارستانییەتە لە مێژ نەیە یە کا نیش .

## سەرچاوە:


١ـ ساموێل هینینگتۆن، ١٩٩٣، پێکدادانی شا ر ستا نییە تە کا ن .
٢ـ فرانسیس فۆکۆیاما، ١٩٩٣، کۆتایی مێژوو
٣ـ یوڤاڵ نوح هەراری، ٢٠١٥، مرۆڤی هۆشمەند ( کورتەیەك لە مێژووی مرۆڤایەتی)
٤ـ مایکڵ سولەیڤان، ٢٠١٩، هاوسەنگکردن (مەرگی جیهانگیری)

# ڕۆڵ و پێشەنگایەتی بزووتنەوەی خوێندکاری کورد لە ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران

فارووق سۆهرابی

بە ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی هاوچەرخی سیاسیی ئێران، پێوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان خوێندکاران وەك چینی ڕووناکبیر و فاکتەری دینامیك و شۆڕشەکانی ئەو وڵاتە بەدی دەکرێت، هەر لە ناردنی یەکەم گرووپی خوێندکارانی زانکۆ بۆ دەرەوەی وڵات لە ساڵی ١٢٣٧ی هەتاوی بۆ فێربوونی زانستە پیشەییەکان کە ئەو گرووپە بە گەڕانەوەیان جیا لە زانستە پیشەسازییەکان، زانستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەوڕووی گۆڕانکاریی کردەوە و هاوکات ئەزموون و دیتنی خۆیان لەسەر سیستەمی سیاسیی ئەو سەردەمی ئورووپا بۆ خەڵك گێڕایەوە، ئەوە بووە بە چەخماخەی سەرهەڵدان و شۆڕشی مەشرووتە لە ئێراندا و تا کاتی شۆڕشی ناسراو بە ٤٦-٤٧ی ڕێبەرانی ڕۆشنبیری حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو شەهیدان ئیسماعیل شەریفزادە و سولەیمان موعینی کە بە ئالێنگاری و بە چالێشکێشانی دەستەڵاتی دیکتاتۆری پەهلەوی و زیندووبوونەوەی هیوا و خەباتی ڕادیکاڵی کورد دەستی پێ کرد و هەتا ئێستەش درێژەی هەیە.

لێرەدا ناکرێت ئاماژە بەو بابەتە نەکەین کە شۆڕشی خوێندکاری لە پاریس و و ئەمریکا، بە شێوەیەکی گلۆباڵ تەشەنەی کرد بۆ زانکۆکانی هاوپەیمانانی ئەو وڵاتانە وەکوو وڵاتی ئێران و بە دایکۆمێنتەوە دەتوانرێت پشتڕاست بکرێتەوە کە شۆڕشی دەستە چەپی ٤٦-٤٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەو شۆڕشە خوێندکارییە جیهانییەیان لەسەر بوو، بەتایبەت کە لە ئورووپاش کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد پێك هاتبوو بە ڕابەرایەتیی شەهید دوکتۆر قاسملوو و بە گردبوونەوەکانییان ڕەوابوونی ڕێژیمی نادێموکراتیکی پەهلەوییان خستبووە ژێر پرسیارەوە .

بۆ بەستنەوەی ئەو پاشخانە مێژووییە بە ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێرانەوە، سەرەتا دەبێت تایبەتمەندیی شۆڕشە خوێندکارییەکان بناسین و گەنگەشەیان بکەین.

لە تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوە خوێندکارییەکانی جیهان وەك شۆڕشی دەیەی شەستی زایینیی خوێندکارنی فەرانسە و ئەمریکا و دەیەی چلەکان و حەفتای هەتاوی لە ئێران دەکرێت بەو چەند خاڵەی خوارەوە ئاماژە بکرێت.

یەکەم: ئیدەئالگەرابوون، بە شێوەیەك کە ئەوان لێوێڵ و ئیدەئالێکی زانستی بۆ ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان لە پیلان و ڕامیاریی دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی خۆیان نابیننەوە و بۆ گونجاندن و بردنەسەری خواستەکانی خۆیان و گەلەکەیان شێوازی خەباتی جۆراوجۆریان داهێناوە، لەبەر ئەوەی کە ئەوان وەکوو ئاکسیۆنێکی زانستی بە تۆڕێکی نێودەوڵەتی گرێدراوی زانکۆکانی دیکەی وڵاتانی ڕەها و پێشکەوتوون و تایبەتمەندی و چەندوچۆنیی ژیانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ وڵاتی خۆیان بەراورد دەکەن و ئەوەش هەوێنی یەکەم گۆڕانکاری و شۆڕشەکان دەبێت بۆ دابینکردنی ژیانێك هاوشێوی ئەو وڵاتانە و ئالێنگاریی دەسەڵات دەبنەوە بۆ گونجاندنی ئەو ئیدەئاڵە باڵایانەی کە لە هزری خۆیاندایە، بەتایبەت لە سەردەمی ئێستەدا کە تەکنۆلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵگەکان و زانکۆکانی چەند قاتی ڕابردوو لێك نزیکی کردووەتەوە.

دووهەم: شوناسخوازبوون، شوناستەوەریی

بزووتنەوەی خوێندکاری وەك هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بزووتنەوەیەکی شوناسخوازە، بەو واتایەی خوێندکار وەك هەر ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵگە خاوەن کۆمەڵێك مافە کە پێویستە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕێزیان لێ بگیرێت. شوناسخوازی یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە بزووتنەوەی خوێندکاری دەتوانێت کاری پێ بکات و زۆرترین خوێندکار لە پێناو بەدیهێنانی داخوازییە گشتییەکانی خوێندکاراندا بۆ گردبوونەوە خوێندکارییەکان ڕێك بخات و داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی خوێندکاران لە زانکۆدا وەك مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی جلوبەرگ، ناڕەزایەتیدەربڕین بە سیستەمی بەڕێوەبەریی زانکۆ و... دەتوانن ببنە هەوێنی ناڕازیەتیی جۆراوجۆر لە ئاستی زانکۆدا. ناسیاسیبوونی ئەو خواستانە دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ چالاکیی خوێندکاران لە وڵاتانی تۆتالیتر کە هەر داواکارییەکی سیاسی بە ئاژاوەگێڕی و هەڕەشە بۆ سەر ئەمنییەتی نیشتمانی دادەنرێت، واتە لێرەدا تەنانەت لە سیستەمێکی تۆتالیتێریشدا خوێندکاران وەك هاووڵاتی دەرفەتیان هەیە بۆ مافە بنچینەییەکانی خۆیان تێکۆشن. جیاوازیی شوناسخوازیی خوێندکاری لەگەڵ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەوەدایە کە ناڕەزایەتیی خوێندکاران ڕادیکاڵ دەبێت و زۆر جار ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لە گەڵ دەستەڵاتداران ڕوو دەدات.

خاڵی وەچەرخانی شۆڕشی شوناسخوازی، پێکهێنانی ئەنجومەن و گرووپ و ڕێکخراوی جیاوازە کە ڕێژیم سالانێك وەکوو هەڵاواردنێك گرتبوویە بەر، لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بەسەریدا شکایەوە و ئەوە خوێندکارانی کورد بوون کە ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە پەیوەستبوونی زانکۆ گەورەکانی شارە ناوەندەکان و بە سەرانسەریکردنی شۆڕشی ژینا. بێگومان پشکی شێربەرکەوتن وەکوو ڕادەی سزادراوان و گیراوانی خوێندکاری کوردی زانکۆکانی سەرانسەری تاران، بەهەشتی، عەلامە تەباتەبایی، سەنعەتی شەریف، ئازاد لە شارەکانی وەکوو تاران و ئیسفەهان و تەورێز، ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە کە چون خوێندکارانی کورد ڕۆڵی پێشەنگ و کاتالیزۆریان گێڕاوە لە ڕەوتی ڕاپەڕینەکاندا .

ڕێژیم پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ، بە شێوازی جۆراوجۆر دەنگی ڕادیکاڵی زانکۆی کپ کردبوو، بەتایبەتی بە بیانووی بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕێگری دەکرد کە پۆلەکانی خوێندنی بالا لە زانکۆکاندا، بە شێوەی ئامادەیی بکرێنەوە و لە ڕێگەی تۆڕی ئینترنێت بە شێوەی سەرهێڵ کلاسەکانی بەڕێوە دەبرد، سەرجەم تریبۆنە ئازادەکانی زانکۆ یان گردبوونەوەکانی قەدەغە کردبوو، بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی هەڵاوسانی لە کۆنترۆڵدەرچووی ڕێژیم و زیادبوونی ناڕەزایەتییەکان، ڕێژیم ترسی سەرەکیی لە زانکۆکان بوو کە ناڕەزایەتییەکان تەشەنە بستێنی بۆ نێو زانکۆ، ڕێگە بۆ لۆمپەنیزمی بەسیجی خوێندکاریی ڕێژیم و سەلەفییەکانی سەر بە ڕێژیم کرابووە بۆ دەستبەسەرداگرتنی کەشی خوێندن، بەڵام دیسانیش نەیتوانی ڕێگر بێت لە هەمبەر تەشەنەسەندنی شۆڕشەکە بۆ نێو زانکۆکان، سەرانسەری زانکۆکانی ئێران بوون بە سەنگەری ئازادیخوازی بە شێوەیەك کە سەرەڕای گوشارگەلێکی زۆر وەك: میلیتاریزەکردنی زانکۆکان، داخستنی زانکۆکان و خوێندنی حزووری، ئەستێرەدارکردنی خوێندکارانی پێشەنگ، بێبەشکردن لە بەشێك یان چەند تێرمێك لە خوێندن یان تەواوی خوێندن لە چەند زانکۆیەك وەکوو زانکۆی شەریف و تەباتەبایی، ڕێژیم ڕاستەوخۆ هێرشی کردە سەر خوێندکاران و چەندین خوێندکار گیانی خۆیان بەخت کرد.

## جینایەت و پێشێلکارییەکانی ڕێژیم لە زانکۆکاندا

ئەگەر ١٦ی سەرماوەز وەك ڕۆژی خوێندکاری ڕێژیم لە ئێراندا بە بیانووی کوشتنی ٣ خوێندکار لە زانکۆدا لەلایەن ڕێژیمی دیکتاتۆری پەهلەوی دیاری کرابوو، ئەوە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوودا دەبێت دەیان ١٦ی سەرماوەزمان هەبێت لەسەر جینایەتەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بە شێوەیەك کە بەپێی ڕاپۆرتی چوار مانگی سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لەلایەن ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران و هەروەها هەواڵدەرییەکانی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، ڕێژیم بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ڕەوتی ڕاپەرینەکەدا، زیاتر لە دوو هەزار خوێندکاری لە زانکۆکان دەستبەسەر کردووە کە لە نێویاندا زیاتر لە ١٠٠ کەسیان یان لە نێو زانکۆ یان لە نێو ئەشکەنجەگەکانی ڕێژیم بە شێوەیەکی نامرۆڤانە کوژراون، هەروەها دەستدرێژی کراوەتە سەر خوێندکارانی کچ و کوڕ کە دەستبەسەر کراون، لە نێوانیاندا هەبوون کە دوای ئازادبوونیان پەنایان بۆ خۆکوشتن بردووە ، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و کەڵکوەرگرتن لە فیشەکی شەڕ بۆ سەرکوتی خوێندکاران و کەمەندامبوونی ڕێژەیەکی زۆر لە چالاکوانانی

خوێندکار کە لە نێویاندا دەکرێت بە لەدەستدانی هەردوو چاو یان یەك چاوی خوێندکاران ئاماژە بکرێت، بێبەشکردن لە مافی وانەوتنەوە یان هەڵپساردن و لێئەستاندنەوەی پلەی خوێندنی باڵا لە مامۆستایانی زانکۆ کە پەیوەستی خوێندکاران و شۆڕشەکە بوون، هێرشکردنە سەر خەوتنگەی خوێندکاری و داخستنی خواردنگەکانی زانکۆکان و گەمارۆدانی زانکۆکان، تەنیا بەشێك بوون لە جینایەتەکانی ڕێژیم لەو شۆڕشەدا کە بەسەر چینی ڕۆشنبیر و خوێندکاریدا هێناوە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە ئەو تاوانانەی ڕێژیم بەپێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان ناچنە چوارچێوەی تاوانی شەڕ، چونکە ئەو تاوانە بۆ شەڕی نێوان دوو وڵات یان شەڕی چەکداریی نێو وڵاتێك سدق دەکات، بەڵکوو ئەو تاوانە دەچێتە چوارچێوەی تاوانێکی گەورەتر لە تاوانی شەڕ کە ئەویش تاوانی دژی مرۆڤایەتییە، هەر لە سەر بنەمای ئەو پێشێلکارییانەش نەتەوە یەکگرتووەکان و شۆرای مافی مرۆڤی یەکیەتیی ئورووپا وێڕای ڕاگەیەندراوێك بۆ ئیداکردنی ئەو پێشێلکارییانە، چەند بڕیارێکیان بۆ گوشارهێنان بۆ سەر ڕێژیمی سەرکوتکەر دا، کە سەرەکیترینیان بڕیاری دەرکردنی ئێران لە بەشی کۆمیسیۆنی ژنانی نەتەوەی یەکگرتووەکان و بەشی پەروەردەی جیهانی یونیسێف بوو.

## جارنامەی گشتگیریی یاسای خوێندکاران، خاڵی وەچەرخانی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا

یەکەم هەنگاو بۆ هاوئاهەنگکردن و یەکدەنگکردنی زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرێدانی ناڕەزایەتییەکانیان بە زانکۆکانی سەرانسەری ئێران، ڕاگەیەندراوی هاوبەش و هەڵوێستی هاودەقی زانکۆکان و لەنێو گەرمەی ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات بوو، بەڵام بێگومان جارنامەی گشتگیر کە بە هاوکاریی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵات و مامۆستایانی خاوەنهەڵوێستی زانکۆکانی نێوخۆی ئێران ئامادە کرا، خاڵی وەچەرخانی گرینگ بوو هەم بۆ نیشاندانی یەکگرتوویی و یەکوێژمانی و هەمیش بۆ خستنە بەرباسی داخوازییەکانی خەڵکی ڕزگاریخواز، لەسەر بنەمای زانستی یاسایی و ئاکادمیك. ئەو جارنامەیە کە لە ٢٣ خاڵ پێك هاتبوو، جگە لەوەی کە داخوازییەکانی شەقامی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و دێموکراسی و بەها جیهانییەکان وەکوو بەندی ١٢ کە باوەڕ بە فرەنەتەوەییبوونی ئێران دادەنێت یان بندی ١٣ کە باس لە خوێندن بە زمانی یەکەمی نەتەوەکان وەك زمانی دایکی دەکات، فۆرموڵە کردووە، هاوکات بەرپەرچێکی لۆژیکی بوو بە دڕندەییکێشانی ناڕەزایەتییەکان لەلایەن ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێران، کە زیاتر لە چل ڕێکخراوی خوێندکاری و پیشەیی و سیاسیی ئێرانی پەسەندی جارنامەکەیان کرد.

## ئاکام

جووڵانەوەی خوێندکاری بەهۆی گشتگیربوون و لاوبوون و ڕادیکاڵبوونی، زۆر گرنگە کە وێڕای دژایەتیی دەسەڵات لە کۆمەڵگەیەکەی دوور نەکەویتەوە و هاوبیری بزووتنەوە نەتەوەییە شوناسخواز و مافخوازەکان، بزووتنەوەی ژنان و مامۆستایان بێت و لەنێو بزووتنەوەی نەتەوەییدا کاریگەری هەبێت، بەپێچەوانەوە ڕەنگە دوگماتیك ببێت و لە سەرووی هەموو ئەوانەش پێویستە ڕوانینی ئۆپۆزیسیۆنیش بەرانبەر بە بزووتنەوەی خوێندکاری بگۆڕدرێت بۆ زانکۆ وەك شوێن و خوێندکار، وەك دەرفەتێکی گرینگ بۆ حیزبە سیاسییەکان سەرلەنوێ پێناسە و حیسابیان بۆ بکرێ. ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لە مێژوودا ئاوانگارد و خاوەنهەڵوێست لە بەرانبەر دیکتاتۆری بۆ بە بانگەشە و هەوڵی بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی و ئازادیی سیاسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتین. نابێ ئاراستەی سیاسیی حیزبی بەرچاوتەنگ یان چاوەڕوانی و ئەرکی زیاتر لە توانای مەدەنی و خەباتی سیاسیی ئاشتییانەیان لێ بکرێت یان پێ بسپێردرێت.

لە کۆتاییدا ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە سیاسییەکان پێویستە زەرفییەتی جووڵانەوەی خوێندکاری بەفەرمی بناسێن و وەکوو هاوخەبات خوێندنەوەی نوێی لەسەر بنەمای مەودای توانایی و بەهرەکانییان بۆ بکەن و بەو پێیە بەرنامە و پشتگیریی جڤاکی و سیاسی بۆ مسۆگەر بکەن.

# خوێندکار و پرسی نەتەوەسازی

ڕامان ڕۆژهەڵاتی

تێپەڕین و دەربازکردنی قۆناغە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان، هزر و بیری گۆڕانخوازانەی نوێ و سەردەمیانەی پێویستە. گۆڕانی کۆمەڵایەتی نەك هەر لە ناکاو نایەتە دی، بگرە ماوەیەکی زۆر هەڵدەگرێ بۆ ئەوەی بە شێنەیی چرۆ بکات و بیهەوێ سەقامگیر بێ، ئەو جێکەوتنە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە هەڵگری زۆر پۆلێنبەندی و ڕەوشت و فەرهەنگ و مێژووی تایبەت بە خۆیەتی، کە بە سانایی و بەبێ جیهانبینی کردەیی، بە تەنیا لە سەر توێی لاپەڕەدا وەدی نایەت. بزووتنەوەش کردارێکی کۆمەڵایەتییە، چالاککردنی هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ جێگۆڕکەکردن بە هەندێك بابەت و سەقامگیرکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە. لێرەدا کۆمەڵگا ناوەندی ئەو تاقیکارییەیە کە پێکهاتەی گشتی کۆمەڵگاش، بەستێنی خانەگەلی جیاواز و هەمە چەشنە. جا لە سەر ئەم بنەمایە توخمی بزووتنەوەی ڕووناکبیری چ لە چاخەکانی پێشوو و چ ئێستا هێنان و دامەزراندنی کۆمەڵێك ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هێماگەلی تایبەت و هەوڵدان بۆ لابردن و وەلانانی هەندێك کلیشە و ڕەوشتی جێکەوتووی نارێك بووە.

دەستەبەری ئەو ڕووناکبیرییە، پێویستی بە بیری ڕووناك و نوێیە، کە بیرێکی پێشکەوتنخوازانە و ئارمانییە، هەوڵدانە بۆ دابین کردنی دەرفەتێکی پیشەیی و هاوسان و تێئۆریزەکردنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و دادگەر. ناکرێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان لە کورتماوەدا پێوانە بکرێن، چونکە لە پەیوەندی لەگەڵ هێزی کۆمەڵایەتی و ڕێژە و دەسەڵات و مەودای تێکۆشانیان کارگەرییان دەردەکەوێ. پێکهاتەی بزووتنەوەی خوێندکاری، وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی، هەڵگری گوتارێکی جیهانییە، دەبێ لەسەر پێوەر و بەستێنی گشتیی و بەرینی کۆمەڵایەتیی و سیاسیدا شرۆڤەی بۆ بکرێت، بەڵام لە ڕاستای کۆمەڵ و کولتووورە ورد و درشتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە شێوازی جیاواز دەردەکەوێ. ئەو جیاواز دەرکەوتنە لە هەندێك شوێندا پێشکەوتنخواز و ڕێفۆرمگەرا و لە هەندێك شوێندا پاوانخواز و پاشەکشەکردنە.

بزووتنەوە خوێندکاریەکانیش لە پێکهاتەی هێزێکی کۆمەڵایەتی، گەنج، واقعگەرا، کردەیی و چالاك دەردەکەون. تەڤگەری خوێندکاری وەك گرووپێکی کۆمەڵایەتی تەمەنی لە چەند دەیە تێ ناپەڕێ و لە ئەنجامی پێکهاتنی زانکۆوەکان لە سەرتاسەری جیهان دامەزراون. ئەو بزووتنەوانە هێزێکی ڕزگاریدەری ڕەها نین، بەڵکوو تواناگەلێکی پێشەنگ و بەرچاون کە هزر و ڕاهێنانی ڕەهابوون و ئازادی لە ڕێگەی کاریگەریی لە سەر بەستێنی ڕای گشتی و بە چاوی ڕەخنەوە دابین دەکەن.

ڕەنگە بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی، وەکوو زۆربەی بزاڤەکان، هەڵگری پێوەر و چوارچێوەیەکی دیاریکراو و داڕێژراو نەبێ یان لە کورتماوەدا لانیکەم پێناسەی بۆ نەکرابێ، بەڵام لەو بارەوە کەبزووتنەوەی خوێندکارانی کورد دەکەوێتە خانەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە و بە پێوەری بزووتنەوەناسی هەڵگری هەموو ئەو بابەتانەیە کە شوناسخوازی، دژایەتی لەگەڵ پاوانخوازی، گشتگیربوون و هەروەها دادگەریی بزاڤی گۆڕانخوازانە و کۆمەڵگای مەدەنییە، هیچ

گومانێک نییە.
پێناسەی بزووتنەوەی خوێندکاری لە هەموو جیهان وەک یەک نین، کوردیش جیاوازتر لە هەمووان بەشی زۆری ئەدەبیات و کولتووری سیاسی و ڕەوشتی کۆمەلایەتی بزووتنەوەکانی لە مێژووی هاوچەرخ بە بزاڤی خوێندکارییەوە لە دەرەوەی سنووری خۆی و لە تاراوگەوە دامەزراوە. یەکێک لەو پرسانەی بزووتنەوەی خوێندکاری، گرینگی پێ داوە و لە ڕەوتی مێژوودا خەباتی بۆ کردووە پرسی نەتەوەیی بووە، کە لە دابینکردنی ماف و داخوازی و هێزی سیاسیدا خۆی نواندووە و لەو پێناوەدا کاری بۆ کردووە. دۆزی نەتەوەسازی کوردیش بەدەر لەوە نییە، وەک زۆر بزاڤی دیکەی کۆمەڵگای کوردی، هێزی خوێندکاریش هەوڵی بۆ سەقامگیرکردن و پاراستنی ئەو هەزرە سیاسی و یاساییە داوە.

## نەتەوەسازی کوردی:

نەتەوەسازی پرۆسەی وەسەریەکخستنەوەی شوناس و پێناسەی کۆمەڵگایە. تێکهەڵکێشانی فورمی یەکبوونێکی نەتەوەیی، جیهانێکی پیشەیی و شارستانییەت و شوناسە کۆمەلایەتی وسیاسییەکانە. لێرەدا بابەتەکە لەدایکبوونی نەتەوەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکوو پاراستن و گەڕانەوەی مۆرکی پێکهاتەیی کۆمەڵگە شارستانییەکان و هەوڵدان بۆ پارێزبەندیکردنیان لە سڕینەوە و پاکتاوکردنە. ئەوەش بۆ هەموو کۆمەڵێک نەلواوە، تایبەتی ئەو نەتەوانەیە کە بەرەوڕووی گوشار و سڕینەوە و ژینۆساید بوونەتەوە یان لە مافە سەرەتاییەکانیان بێبەش بوونە، کە وێڕای جۆرەکانی دیکەی خەبات، ئەو چەشنە تێکۆشانەش دامەزراوە و بەرەو پێش چووە. پرسی سەرەکی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی زۆربەی زۆری هەر داخوازی نەتەوەیی و نەتەوەسازییە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش نەبوونی دەسەلاتی سیاسییە، نەبوونی دەوڵەت کاریگەریی کردووەتە سەر ئەوەی کە خوێندکاری کورد نەتوانێ لە نیشتمانی سەرەکیی خۆی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی خۆماڵی بکات. جگە لەمەش بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ قۆناغە ڕووناکبیرییەکانی سەردەمەوە هەیە.

## ئامانجی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی:

سەمبۆلی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی پارێزگاری لە شوناسە، هەوڵدانە بۆ بەگژداچوونی ڕەوتی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی. لێرەدا نەک هێز و نەتەوە و بورۆکراسی سەردەست هاوکار نییە بۆ گەشەکردن، هۆکاری زەخت و گرتن و سەرکوتیشە. لێرەدا هەوڵ دەدرێ بەر بەم هێزە بگیردرێ، بە لاڕێیدا بەرن، نەهێڵن گەشە بکات، چوونکە پرسی سەرەکیی ئەم داخواز و جووڵانەوەیە، هزرییە. پرسی سیاسی و دادگەریکردنی کۆمەلایەتی و سیاسی کۆمەڵێکە، کە هەڵگری پێوانەی نەتەوەیی و مەعریفەی دەوڵەتە.

بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی بەو فۆرمە ئاکادیمیانەی پێناسەی بۆ دەکرێ لە دوو شوێنی نێوخۆی وڵات و جیهانی دەرەوەدا خۆی وێنا کردووە، لە نێوخۆی وڵاتدا و لەو بەشانەی کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە، لە زانکۆ و لە شارە گەورەکان و شارە کوردییەکان بە بەڕێوەبردنی پرۆگرام و بۆنە و دەرخستنی گۆڤار و دانیشتنە فکرییەکان توخمی ئەو بزاڤەیان چاند، لە دەیەکانی پێشوودا بەشی زۆری ئەو خوێندکارانە تێکەڵی ڕێکخراوە سیاسییەکان بوون. لە جیهانی دەرەوەی کوردستانیش و لە دەرەوە خوێندکارە کوردەکان خۆیان دیتەوە و بە ڕێکخستنی زۆر بەرنامە و دامەزراندنی ڕێکخراو و نیمچە ڕێکخراوی فکری و هزری و کلتووری هێزی خۆیان دەردەخست و دواتریش زۆربەی ئەو خوێندکارانە بە بەرچاوڕوونی سیاسی و فکرییەوە کاری گەورەیان بۆ پرسی نەتەوەسازی کرد و لەو پێناوەدا جێپەنجەیان دیارە. ڕێکخەرانی ئەو گۆڕانخوازی سیاسی و کۆمەلایەتییانە ئاگاداری پێشکەوتن و داڕێژە گرینگە هزری و کردەییەکانی دەرەوە بوون و هەوڵیان بۆ هێنانی ئەو چەمک و پارادایمە ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتییانە بۆ زێدی خۆیان داوە.

ئەگەرچی بە دوو هۆکاری یەکەم سەرکوتی داگیرکەران و دووهەم بێدەرەتانی بزاڤی کوردی خاڵێکی دیاری وێکچوون، بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە هەموو ناوەندەکانی جیهان نییە، واتا بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لە قامووسی زۆر لایەن و ڕێکخراو و ناوەندی دەسەلاتی تەنانەت کوردی و ... پێناسە نەکراوە و هەوڵ بۆ پەرەدانی نەدراوە، بەلام بە شێوەیەکی گشتی و لەو بارەوە کە پرسی سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە نەتەوەیی بووە، زۆر بابەتی وەک زمان بووەتە خاڵی هاوبەش و لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە خوێندکارییەکاندا کاری لەسەر دەکردرێ، کە ئەوە گرینگ و پڕ بایەخە.

داهاتووی پرسی نەتەوەیی و خوێندکاری بەستراوەتەوە بە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی لەلایەن ڕێکخراوەکان و ناوەندە فکرییەکان و ڕێگاخۆشکردن بۆ پەرەپێدانی هزری خوێندکاری، بە شێوەیەک کە ئەو هێزە گەنج و گرینگ و ئامادەیە، کە خاوەنی هێزی فکری نوێیە، بتوانێت

خۆی لە مەیدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ببینێتەوە و بەستێنی مەدەنی وەك دەرفەتێك بۆ خەسارناسی پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازی و بەئاگامگەیاندنی بەکار بێنێ. ئەوەش دەکرێ بە لێك نزیکبوونەوەی ناوەندە خوێندکارییەکان بۆ وەگەڕخستنی گوتارێکی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ بەرەوپێشبردنی دۆزی کورد و بەرگریکردن لە بەلاڕێدابردنی ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی دیکەوە بێت.

### دەرەنجام:

ئاسۆی بزاڤی خوێندکاری کوردی بەستراوەی پرسی نەتەوەیی و نەتەوەسازییە، وێناچێ تا پرسی نەتەوەیی بە خۆماڵی نەکرێ، بزاڤی خوێندکاری کوردی هەوڵ بۆ بابەتی دیکە بدات، ڕاستییەکەش هەر ئەوەیە لە هەمووی ئەو چالاکییانەی لە دەرەوە و ژوورەوە کراوە بابەتی زمان و شوناس و ئەدەب و نەتەوە کاری بۆ کراوە، تەنانەت لەگەڵ هێزگەلی خوێندکاری نەتەوەکانی دیکەش، بزاڤی کوردی هەمیشە خۆی جیاوازتر دیوە و تێکەڵاوی نەبووە، لێرەدا چەندە ئاڵۆزی سیاسیی کوردی هەبێت، ئەوەندەش بزووتنەوەی خوێندکاری کورد نارێك و پەرشوبڵاوە، چارەی ئەو بەستێنسازییە فکرییە جیا لە هێزی تاك، ناوەند و ڕێکخراو و زانکۆ شەرعییەکانی کوردین کە ئەو بنەما فکرییە پەرە پێ بدەن و هەوڵ بۆ مانەوەی سەربەخۆیی فکریی خوێندکاری کورد بدەن، وێڕای ئەوەی کە ئەو هێزە گرینگ و چالاکە، لایەنێکی کاریگەرە و دەتوانێ دەرفەتی بەکەڵك بێت بۆ خەبات و بەرخۆدان.

### ژێدەر:


١- کۆمەڵناسی، ئانتۆنی گەیدنز، ساڵی چاپ، ١٣٨٦، وەرگێڕانی سەبووری
٢- بیرۆکەی کۆمەڵناسی هاوچەرخ، جۆرج ڕیتزێر.ساڵی چاپ١٣٧٤, سولاسی
٣- مێژووی ئەندیشەی کۆمەڵایەتی، ، بارنز و بێکر، ١٣٨٩
٤- به سوی جامعه عقلانی، یورگن هابرماس

# سەردەمی وانە و وشە نامۆ و لینگاولینگەکان

حەسەن واژی

## پێشەکی و نێوەرۆك:

ژیان لە سەردەمی نوێ¬ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا لیپاولیپە لە پاڕادۆکس و چەمك و ڕەهەندی ناساز لە پەنای یەکتردا. بەتایبەت نەوەی نوێ لەنێوان کۆمەڵێك وانە و وشەی دژبەیەك یا خود نامۆ خول دەخۆن کە بەشێکیان لەژێر باندۆڕی مێژوو و نەریتن و بەشێکیشیان شوێنەواری بیرۆکەی نوێخوازی، مۆدێڕنیتە و بەتایبەت پاش مۆدێڕنیتەن. لە لایەك نیشتیمان، نەتەوە، ئایین، ئاڵا، پێشمەرگە، شۆڕش، شەهید، کەلەپوور و کولتووری نەتەوایەتی و چەمکە هاوشێوەکان. لە لایەکیتریش گلۆباڵیزم «بەجەهانیبوون»، مرۆڤی بیرمەند، هۆشی زیرەکی دەستکرد، تەلەفۆنی زیرەك، کۆمپیۆتەری کوانتۆمی، شاری نێئۆم و ڕۆبۆتە زیرەکەکان، کولتوور و زمانە فەرمی و باڵادەستەکان، یەکیەتییە گەورە ئابووری، چەکداری و ئەمنی و سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان کە بەرهەمهێنەری فەلسەفە و عەقڵییەت و تێگەیشتن و کولتوورێکی نوێن و بەردەوام لە بانگەشەدان بۆ گشتگیرکردنی لە ئاستی کۆ و تاکدا و دەیانەوێ جیهان وەتەنیەك بونیات بنێن کە ئەوانی تری خۆیان بەگشتی هاوڕەنگی خۆیان بکەن و لە نێو خۆیان بیانتوێننەوە (ئاسیمیلە و ئیزۆلەکردن) و بەشێوازی ئێپیدێمیك و بگرە پاندێمیك خۆیان بەسەر کەمینە ئەتنیکی و ئایینییەکاندا و ژیارە کۆن و ساوەکاندا بسەپێنن.

شوناسی تاك و کۆ و بەها نەتەوەیی و مرۆییەکان شل و ڕەوان و لەژێر شوێنەواری بەستێن و کات و شوێندا هەردەم لەگۆڕاندان و بەتایبەت لە گەردوونی لێوڕێژ لە فەلسەفەی مودێڕندا کە گۆڕانکارییەکان خێرا و بەردەوامن، شکان و دارمانی نەریت و بەها ئایینی و نەتەوایەتیەکان دیاردەیەکی ئاسایی و باوە و ئەگەر ئامادەکاریی باشی بۆ بکرێ، بەکەڵك و پڕبایەخیشە. لەو پڕۆسەیەدا بەرەبەرە و هەمووجارێك سەر لەنوێ و لەژێر کاریگەریی ڕوانین، خوێندنەوە، نووسین و داڕشتنێکی نوێ¬دا دونیایەکی نوێ بەدی دێت کە پێویستە نەتەوە و ئەتنیك و ئایین و ئایینزاکان خۆی تێدا ببیننەوە و ببن بە بەشێك لە داڕشتنەوەی دونیای نوێ و سەپاندن و خۆماڵیکردنی کۆمەڵێك بەها و هێمای نەتەوەیی، ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕێخۆشکەر بن بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی وەچەی نوێ. خاڵێکی گرینگ کە پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە گەلان و کۆمەڵگا و ژیارەکان ئامادەکارییان کردبێ یان نا، ئەو لافاوی گۆڕانکارییانە دێت و تێدەپەڕی. ئیتر ئەو کۆمەڵانەی پلانی تۆکمەیان هەبێت ئەوا دەتوانن سواری شەپۆلەکان بن، بەسەر لافاوەکەدا زاڵ بن و بە خۆماڵیکردنی ڕەوتەکە خەسارەکانی کەم کەنەوە و بەرهەمەکانی وەدەست بێنن. لە ئەگەری نەبوونی ئامادەییش دوایی ناتوانن گلەیی لە ئاسیمیلەبوونیان بکەن. شاخەوانی ژیر بۆ گەیشتن بە لووتکەی چیا کۆمەڵێك کەرەستە و ئامرازی پێویستن. وەدیهاتنی ئەو ئامانجە و بەئاکامگەیشتنی ئەو ئەرکە، شاخەوانی شارەزا و لێزان و تەندروست و پشوودرێژ و بەخۆوەستاوی گەرەکە کە ئامانجدار جووڵە بکات، لە ماتریکس و بەربەستەکان وەك پەیژە کەڵك وەرگرێ و ئاڵای سەرکەوتن لە لووتکە بچەقێنێ، بۆ خۆماڵیکردن و سەرکەوتن و

پاراستنی دەستکەوتەکان پلانی هەبێت و گەل بە قەرزدار نەزانێت و بەسەرکەوتنەکانی لەخۆبایی نەبێت. لاوانی ژیر و بەبیر بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردوو و پاراستنی دەسکەوتە هەنووکەییەکان و پلانی تۆکمە بۆ داهاتوو پەروەردە بکا و بیانکات بە پێشەنگی بونیاتنانی وڵاتێکی پێشکەوتوو و گونجاو لەگەڵ بەها مرۆییەکان.

مرۆڤەکان و مرۆڤایەتی لە نێوان دوو بەرداشی وێست و پێویستی و حەز و خەون و خولیاکانیان لەلایەك و بەرژەوەندی و هەژموونی مشەخۆران و چاوچنۆکان و هێز و زلهێزە نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانییەکاندا لە لایەکیتر دەهاڕدرین و دەبنە سووتەمەنی و وزە بۆ گەڕانی ئاشەکانیان. ئیتر لەو کاتە هەستیارانەدا کە هەموو لایەنەکان شەڕی وەدەستهێنانی زیاتری قازانجەکانی خۆیان دەکەن، دەوری خەباتگێڕان و خوێندەوارە شارەزاییەکان لە پاراستنی دارایییە بایەخدارە مێژوویی، کلتووری و تەنانەت ئابوورییەکانی گەلانی ژێردەست دەردەکەوێت و بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشان و خوێندنەوە و لێکدانەوەکانیان بە هاودەنگی و هاوکاریی هاونیشتمانیان دەستەبەر دەبێ.

«نیشتیمان» ئەو وشە پیرۆزەیە کە هەردەم بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئەتنیکی، ئایینی و ئایینزاکانیەوە ناوی لە گوێماندا دەزرینگێتەوە و بۆ سەربەستی و سەربەخۆیی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و شەکاوەبوونی ئاڵای پیرۆزی لە جووڵە و چالاکی فرەڕەهەند و بەردەوامداین.

ئاخۆ گەلۆ لەسەردەمی فەلسەفەی مۆدێڕن و مرۆڤی بیرمەند و ڕۆبۆتە زیرەکەکان و دەستکەوتە سەرسووڕهێنەرە مرۆییەکاندا جغزی بەرتەسکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و زەقکردنەوەی هێما نیشتیمانیەکان و شۆڕش و خەبات تا بەئاکامگەیشتنی ئامانجە پیرۆزەکان شیاو و گونجاون یا قێزەون و تەسکبیری؟

گەلانی زیت و بەبیری خێر لەخۆدیتوو خێراتر و لەکاتی گونجاوتردا ڕاپەڕیون، شوناسی خۆیان پاراستووە، ناوونیشانیان بۆ خۆیان دروست کردوە و بوونەتە سەر لەنێو سەران و جێپێیان قایم کردووە و بەبێ دڵەڕاوکە پێ دەنێنە گۆڕەپانی زانستی هەنووکەیی و ویڕای ڕێزگرتن لە دەستکەوتە مرۆیییەکان بە دەستەمۆکردن و خۆماڵیکردنی بایەخە هاوردەکان و ڕێکخستنیان لەگەڵ خولیا و ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیییەکانی خۆیان دونیایەکی جوانتری پێ بونیات دەنێن.

بەڵام گەلانی لەخۆبایی و خەوخەوی تەوەزەلی درەنگ ڕاپەڕیوی خێر لەخۆنەدیو وەك مەڕەشەلە بە لەقەلەق ڕێ دەبڕن و زۆر جار هەیبەتی ئاغا دەسکردە ناڕەواکان دەیانگرێ و لەبەر پێهەڵکوتن بە بەژن و باڵایان ڕێگە ون دەکەن و دەستکەوتەکان دەدۆڕێنن.

ڕاپەڕین، شۆڕش، پێشمەرگە، خوێن، قوربانی، کۆچی زۆرەملی و وشە هاوشیوەکانیان هێما و نیشانی کۆمەڵە چەمکێکن کە دەتوانن دەیان ڕستە و پەرتووك و پلانی دژ بەیەك بەرهەم بێنن: ئەو چەمك و ئامێر و ئامرازانە کە بۆ گەلانی ژێردەست پیرۆزن و دەتوانن ئەرکی گرینگ ڕاپەڕێنن، بۆ گەلانی تێگەیشتوو و زیندوو هیوا، پلان و دیاریکردنی چارەنووس دەستەبەر دەکەن، ئەما گەلانی دەستەمۆ و خەوتوو دەستکەوتیان لەو بەستێنەدا خۆ بە قەزا و قەدەر و گویچکە بەدەستی دگیرکەرانی خوینڕێژ ئەسپاردنە.

نیشتیمان، نەتەوە، ئایین و سەرجەم هێما پیرۆزەکان لەسەردەمی گۆڵۆباڵیزم، فەلسەفەی مودێڕن و پاش مۆدێڕن، دەسەڵاتداریەتیی میدیا نێونەتەویی و کۆمپانیا چەندنەتەوەییەکان و ڕمبازێنی جەمسەرە هەلپەرەستەکاندا دەخرێنە پەراوێز و بۆ لەبەرچاوخستنیان دەکرێنە گاڵتەجاڕ. بەڵام لەڕاستیدا مرۆڤەکان بەبێ بەها نیشتیمانی و نەتەوەیی و هێما پیرۆزەکانیان بێشوناس و ناو و نیشان دەبن و ئەو کەس و لایەنانەی ئەو هێما پیرۆزانە دەخەنە ژێر هێرشە چەواشەکارییەکانیان و وەکوو چەمکی پاشکەوتووانە و پواو و سواو بە گەلانی ژێردەستیان دەناسێنن، بۆخۆیان زۆر بە بایەخ و سەرسامییەوە سەیری مێژوو و هێما پیرۆزەکانی خۆیان دەکەن شوناسی خۆیان دەپارێزن و بەتایبەت هەڵسووکەوتی ڕەوتە دەستەڕاستییەکانی ڕۆژاوا لەگەڵ کەیسی پەنابەران لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە و ئەوان لافاوی پەنابەران بە هەڕەشە دەزانن لەسەر دەستکەوتە کولتوورییەکان و شوناس و ژیار بەها نیشتمانییەکانی خۆیان. کەچی ئەو گەلانەی لەژێر کاریگەریی ئەو چەواشەکارییانەدا پشت لە بەها و هێماکانی خۆیان دەکەن، دوایی لە کوولەکەی تەڕیشدا ناویان ناهێندرێ و بەردەوام پاشکۆ و بێ قیمەت وەك کۆیلە بەدوای گەلانی تردا دەڕۆن تا سەرەنجام دەتوێنەوە و بۆ هەمیشە لەبیر دەکرێن و لەلاپەڕەکانی مێژوودا وەك گەلێکی بنبڕ بوو سەیریان دەکرێ و زۆرجار ڕەنگە ئەوەندە دەستکەوتەشیان نەبێ کە تەنانەت لە لاپەڕەکانی مێژوو و دووتوێی کتێبەکانیشدا باسیان لێ بکرێ.

## ئاکامگیری

پێویستە ئێمەی گەلی کورد و بەتایبەت ئەو کەس و لایەنانەی کە لە گەرمەی خەباتی چەکداری و زانستیدان، بەربەست و ماتریکسەکان بکەین بە دەرفەت و پەیژە نەك هەڕەشە، بەنداو و هۆکاری وەستان. با قفڵە زەینیەکان و عادەت و باوەڕە نەزۆکەکان وەلانێین و بیرمەندانە پێ بنێینە گۆڕەپانی خەبات و خۆمان چارەنووسی خۆمان بخولقێنین و ڕوولەگەل و پشت لەدوژمنانمان ماندوویی نەناسانە بەردەوام بین. ئەوانەی زۆرجار وەکوو هەڕەشە سەیریان دەکەین، دەکرێ ببن بە هەل و کەڵکیان لێ وەرگیرێ، لە فاشیزمی خوێنڕێژی موسوولینی تا شۆڤنیزمی بەرچاوتەنگی چاوچنۆك تا ناسیۆنالیزمی دەمشڕی جنێوفرۆش تا ئینێرناسیۆنالیزمی دادپەروەر، لە لایەکی تر لە ئایین و ئایینزا نەریتی و نەزۆکەکان تا ڕێڕەوە ئاڵۆزچییەکان تا سەلەفیە چاو نوقاوە شەڕکەرەکان بکەین بە دەرفەت و پەیژە بۆ گەیشتن بەلووتکەی سەربەستی و سەربەخۆیی نەك بن کەوین و ببینە پووشی دەم ڕەشەبا و لە کۆیلەتی بەردەوام بین.

# خەباتی کورد، خەباتێکی عەقڵانی و ڕێزگرتن لە بوونی خۆیە

جەماڵ فەتحی

**بەرایی:**

وشەی سەربەستی یان سەربەستبوون وشەیەکی ڕووت نییە کە بە شێوەیەکی ڕواڵەتی لە پەنایدا تێپەڕیت و قووڵ بیری لێ نەکەیتەوە، وشەیەك کە گرێدراوی بوون و مانی نەك هەموو مرۆڤێك بەڵکوو هەموو گیانلەبەرێکە، لە پێناو گەیشتن بە سەربەستی گەلێك شەڕ و کارەساتی گەورە لە مێژووی مرۆڤەکان خولقاون، کە ڕێژەی قوربانییەکانی بگرە زیاتر لە هەر کارەساتێکی سروشتی و مرۆییە کە لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤەکاندا ڕوویان داوە، کەچی مرۆڤە ئازادیخوازە ڕەسەنەکان قەت لە درێژەدانی ئەم ڕێگایە سڵیان نەکردووە و نەترساون. ئەگەر لە قۆناغێکدا ستەم و بێدادی گەشەی کردبێت و دەنگە دلێر و بوێرەکان کپ کرابێتن بە مانای ئەوە نەبووە کە سەربەستیخوازی شکستی هێناوە یان لە نێو چووە، بەڵکوو گەیشتن بە سەربەستی و سازبوونی ڕەوتی ئازادیخوازی بەستراوەتەوە بە بەستێنە کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئابووری و سیاسییەکان، و ئەگەر ڕاوەستانێك هەبووبێت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر کام لەم فاکتەرانە ئامادەکاریی بەستێنەکانی خۆیان دەکەن.

لە ڕاستای سەربەستی و ئازادیدا، جیا لە هەوڵە کردەییەکان، دەیان و سەدان بیرۆکە و تێئۆری جۆراوجۆر هاتوونەتە ئاراوە و ڕێگاچارەی جیاوازییان بۆ دەربازبوون لە دەست ستەم، بندەستی و چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ خستووەتە بەردەم کۆمەڵگاکانەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی کردەیی و هزری، دیاردەی ستەم سەرەکیترین ئاریشەی ژیانی مرۆڤە و مرۆڤ بە دەستی مرۆڤەوە هێشتا دەچەوسێنرێتەوە. بۆیە کاتێك بەوە قەناعەت گەیشتین کە ئەم دیاردەیە بەشێك لە مێژووی ژیانی مرۆڤەکانە، دەبێت بە دوای هۆکارەکانی وەك خۆی بگەڕێین کە ڕیشەی هەموو ستەم و بێدادییەك یەکەم بۆ ناخ و دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگا و دووهەم دۆخە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دەگەڕێتەوە کە تاکەکانی لەگەڵی ژیاون.

## سەربەستی پرسێکی دەروونییە؟

ئەم پرسیارە وەکوو پرسیارێکی تێئۆریك لەلایەن زانا و فیلسووفی ئاڵمانی «ئێریش فرۆم»[1] هاتووە ئاراوە و بە هێنانی ئەم پرسیارە پرژاوەتە سەر ڕەهەندی دەروونی پرسی ئازادی و سەربەستی و قامکی خستووەتە سەر ئەو بەشەی کە جیا لە ئاریشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان کە بەرهەمهێنەری فاشیزم و سەرەڕۆین بابەتی دیکەش هەیە کە بۆ ناسین دەشێت و ئەویش کێشەی خودی مرۆڤە. «ئێریش فرۆم» بەدوای فاکتەرە بگۆڕەکانی ناخی کەسایەتیی مرۆڤەوەیە کە لە کۆمەڵگا فاشیزمەکاندا وایان لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە کردووە، کە واز لە سەربەستیی خۆیان بێنن. ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی یەکلایەنە نییە کە تەنیا هۆکارێکی هەبێت و هۆکارەکەشی تەنیا لە ناخی تاکی بندەستکراودا بێت، چون کاتێ تاکێك لە دۆخێکدا هەڵدەکەوێت کە چەوساندنەوەی ئەوی ترەکان لە ڕاستای مانەوەی خۆی دەبینێت، جیا لەوەی گۆشەنیگا و سەرنجێکی

1- Erich From

بۆ لای بەرژەوەندیی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم حاڵەتە ئاراستەیە، ڕەهەندێکی دیکەشی ئەوەیە وای لێ دێت کە تووشی گرێیەکی دەروونی وەها دەبێت، کە بە بینینی هیچ کارەساتێکی مرۆیی ویژدانی ڕاناچڵەکێت. لە بەرانبەر ئەم گرێیە دەروونییەدا، حەز و ئارەزوویەکی گشتیش هەیە کە ڕێڕەوی سەربەستی دیاری دەکات و ڕێگا خۆشکەرە بۆ ڕاپەڕینێکی جەماوەری، کە لەو ئاواتە دێرینەیەی مرۆڤ سەرچاوە دەگرێت کە هیچ تاکێك لە ناخەوە پێی خۆش نییە کەسێکی دیکە ڕێڕەوی ژیانی بۆ دیاری بکات یان ببێتە لەمپەر لە هەمبەر گەیشتن بە حەز و خۆزگەکانی. ئەوەی کە هیچ تاکێك لە هیچ سەردەمێکدا پێی خۆش نەبووە کەسانێك لە جیاتی ئەو بڕیار بدەن، بابەتێکی ڕەها و گشتگیر نەبووە، وەکوو حەز و خولیایەك ئەم بابەتە دەروونی هەیە، بەڵام لە کردەوەدا بە هەبوونی ستەمکار و ستەملێکراو بایەخی خۆی لە دەست دەدات، چونکە کەسانێك هەن کە تەمەڵی، ترسنۆکی و بێ ئیرادەیی وایان لێ دەکات کە ڕێگا بدەن کەسانێکی دیکە لە جیاتی ئەوان بڕیار بدەن و ڕێوشوێنی ژیانیان بۆ دیاری بکەن؛ بۆیە کاتێك باسی لە ئازادی و سەربەستی وەکوو پرسێکی دەروونی دەکەین و هەم سەردەستی و هەم بندەستی بۆ هۆکاری ئەم گرێیە دەرونییانە واتە «نارسیزم و خۆشەیدایی» لە هەمبەر «تەمەڵی، ترسنۆکی و بێ ئیرادەیی» دەگەڕێنینەوە، ئیتر ناکرێت لە پرۆسەی ستەمکاری و ستەملێکراوی تەنیا ستەمکار بە تاوانباری سەرەکی بناسرێت. بندەستبوون کە بارێکی دەروونی هەیە بێگومان ڕێگای دەربازبوونیشی لە پەروەردە و عەقڵیەتێك خۆ دەبینێتەوە، کە لەسەر چەمك و ڕەوتی ڕۆشەنگەری بناغەکەی دانراوە. هەروەك «ئیمانوئێل کانت»[1] دەڵێت: «ڕۆشنگەریی دەربازبوون لە چووکەکردنەوەیەکە کە مرۆڤ خۆی بەسەر خۆیدا دەیسەپێنێت و خۆچووکەکردنەوە ئەوەیە کە نەتوانیت لە عەقڵ و تێگەیشتنی خۆت بەبێ ڕێنوێنی کەسێکی دیکە کەڵك وەربگریت». پەرەسەندنی ئەم عەقڵیەتە لە سەدەی ١٨ی زایینی، لە وڵاتی ئاڵمان وای کرد کە ئەم سەدەیە بە «سەدەی ڕۆشەنگەری» بناسرێت و دروشمی ئەم ڕێبازە هزرییە واتە «لە بەکارهێنانی عەقڵی خۆت بوێر بە» بووە دروشمی زاڵ و «کانت» وەکوو نوێنەر و پێشڕەوی ئەم عەقڵییەتە ناسراوە.

## شۆڕشی کورد بۆ گەیشتن بە سەربەستی:

کورد وەك نەتەوەیەکی بندەست لە وڵاتێکی داگیرکراو و چوار لەتکراودا کە مێژووی بەربەرەکانێی لەگەڵ داگیرکەران و دوژمنانی، مێژوویەکی خوێناوییە. زۆر جار لە ڕەهەندی ڕەخنەگرانەوە خەباتەکەی دەکەوێتە بەر شەنوکەکردنەوە و زۆربەش لەم گۆشەنیگایەوە ڕەخنە لە بزووتنەوە و ڕەوتە سیاسییەکانی کورد دەگیردرێت کە خەباتێکی ڕاسیۆنالیزمی یان عەقڵییەتخواز نین، بەڵام ئەگەر لە دەلاقەی ڕۆشەنگەرییەوە خەباتی کورد شەنوکەو بکرێت، کە ئامانجیان دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد و بەردەوامبوونی ڕێڕەوی ژیان بەپێی تێگەیشتن و عەقڵیەتی خەڵکی کوردە، نەك ڕا و تەگبیری داگیرکەران، ئەو ڕەخنەیە ناچێتە چوارچێوەی ڕەخنەیەکی هزرمەندەوە. ئەمە بە واتای ئەوە نییە کە خەباتی کورد و ڕەوتە سیاسییەکانی کورد بەبێ کەموکوڕین و هیچ هەڵەیەکیان نەکردووە، بەپێچەوانە ئەوەی کە تا ئێستە کورد بە ئامانجەکانی نەگەیشتووە هێمایەکە بۆ هەبوونی هەڵە و کەموکوڕییەکانی نێو بزووتنەوەکانی کورد. لە پاڵ ئەم ڕەخنانەی کە زۆربە دەچنە دۆخی نۆرماتیڤێکی سەقەتەوە و «دەبێ» و «نابێ»ـیان بەسەردا زاڵە و کەمتر پێشنیار یان ئاڵتێرناتیڤیان پێیە، لە جۆر و ڕەگەزی «ئازادیی ئەرێنی» نزیك دەکەنەوە کە دەبێت کورد هەموو پێشمەرجەکانی ئازادی هەبێت هەتا بتوانێت وەکوو نەتەوەیەکی سەربەست چارەنووسی خۆی دیاری بکات، لە حاڵێکدا لە هەمبەر «ئازادیی ئەرێنی»، «ئازادیی نەرێنی»ـش[1] هەیە کە «ئایزا بێرلین» وەکوو ئازادییەکی بێمەرج و بێ ئەملاوئەولا بۆ هەموو تاکێکی بە ڕەوا دەزانێت و بە بناغەی دێموکراسیی ڕاستەقینەی لە قەڵەم دەدات، چونکە ئەم جۆرە ئازادییە بابەتێك نییە کە بە سانایی چوارچێوەکەی بۆ هەر بابەتێك دیاری بکرێت و بە ڕواڵەت وا خۆی بنوێنێت کە ئازادیی نەرێنی بە شێوەیەکی ئاسایی هەمان سەربەستبوونی مرۆڤ لە هەڵبژاردنێکە کە لەسەر دووڕێیانی ماوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەر هەڵبژاردنێك لە ڕووی هەر خواست و پێخۆشبوونێك نییە یان لانیکەم ڕێژە و ئاستی هەڵبژاردنێك لەگەڵ هەڵبژاردنێکی دیکە جیاوازە.

## شۆڕشی ژینا و گۆڕانێکی خێرا لە ڕەوتی خەباتدا:

شۆڕشی ژینا یان شۆڕشی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ٢٧٢٢ی کوردی، پاش بەخاکسپاردنی تەرمی «ژینا ئەمینی» چەخماخەکەی لێ درا، ئەگەرچی هەڵقوڵاوی ئەزموون و بەستێنێکی خەباتکارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام چەندین فاکتەری

1- Immanuel Kant

دیکە وەکوو: (هاتنە ئارای خەباتی نوێی شاخ و شار (ڕاسان)، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، چالاکییەکانی دوو لایەنی دێموکرات و دوو لایەنی کۆمەڵە لە ناوەندی هاوکاری لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بەرتەسکتربوونی بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، و لە ئاکامدا گوشارە ئابوورییەکانی سەر خەڵك (ئەم خاڵە زیاتر لە شارە غەیرە کوردییەکاندا هۆکارە) بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم شۆڕشە بەخێراییەکی بێوێنە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی ڕۆژهەڵات و بەشێك لە شارەکانی دیکەی ئێران بگرێتەوە و بناغەکانی ڕێژیمی داپڵۆسێنەری ئێرانی هێنایە لەرزە. شۆڕشێك کە زیاتر ڕەنگ و بۆنی ژنانەی پێوە دیارە، بەڵام پیاوان لەم شۆڕشەدا شانبەشانی ژنانی کوردستان تابۆوە سەپێندراوەکانی سیستەمی کۆلۆنیالیستییان تێك شکاند. تەنیا ئامانجی ئەم شۆڕشە سەربەستبوونی ژنان یان دەبازبوون لەژێر گوشاری ئابووری و لەنێوبردنی هەڵاواردنی چینایەتی و زایەنی نەبوو، بەڵکوو چەترێکی بەرفراوان و دیسکۆرسێکی بەرین بوو کە ماف و خواستەکانی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای ڕەچاو دەکرد و بە شێوەیەکی خۆڕسك و بەدوور لە ڕێبەرایەتییەکی کاریزماتیك و تاقانە، بەدیهێنەری نوێگەرایەکی دەگمەن لە خەباتدا بوو. ئەم قۆناغە نوێیە لە خەباتی کورد گرنگییەکەی لەوەدایە کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بوێرانە دەستی بۆ هەڵوەشانەوە و پساندنی هەموو ئەو تۆڕە جاڵجاڵۆکەییانە بردووە، کە ناوەند و ژووره فیکرییەکانی لە تارانە. بۆیە ئەگەر لە پشت پەنجەرەیەکی ڕوون و بەدوور لە هەر چەقبەستووییەکەوە سەیری ئەم قۆناغە لە خەبات بکرێ، جگە لە نوێگەرایی و وەرچەرخان لە شێوە ڕوانین بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی و سەروەریخوازی هیچی دیکەی تێدا بەدی ناکرێت.

## ڕۆڵی خوێندکارانی کورد لە بزاڤی ڕزگاریخوازیدا:

خوێندکار وەکوو بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگای کوردستان، هەمیشە دەور و ڕۆڵی خۆی بەپێی ئەو ئەرکەی کە خۆی بۆ خۆی پێناسەی کردووە و کۆمەڵگاش چاوەڕوانی لێی هەیە، گێڕاوە. ئەگەرچی هەر جموجووڵێکی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتدا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گرێدراوی گۆڕانە سەرانسەرییەکانی ئێرانە و وەکوو خوێندکار جۆری خواستەکانی خوێندکارێکی کورد و خوێندکارێکی فارس یان هەر نەتەوەیەکی دیکە لە ئاستی زانکۆوەکاندا یەکێکە، بەڵام کە ئەم خواستانە لە قەوارەیەکی گەورەتر و بەدەر لە حاڵەتی سینفی ورد وێنا بکرێت، دەبینی کە خواستەکان لە چەند جیهانبینیی جیاوازەوە دەر دەکەون (جیهانبینیی خوێندکاری کورد و جیهانبینیی خوێندکاری غەیرەکورد)؛ چونکە خوێندکاری کورد بەس بە هۆی داواکاریی سینفی و خوێندکاریی ناکەوێتە بەر پەلامار و گوشارەوە، بەڵکوو بە چاوی هەڕەشە بۆ سەر تەناهی و بەرژەوەندیی دەسەڵاتی ناوەندگەرا و ئەو عەقڵییەتە سەیر دەکرێت، کە پاش سەرهەڵدانی سیستەمی دەوڵەت ـ نەتەوەی خۆسەپێن بەسەر کوردستاندا زاڵ بووە. ئەم قەیرانە کە بەڕێوەبەرییەکەی ناوەندە فکرییەکانی تاران جێبەجێی دەکەن، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکەی ئێران و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاوازی هەیە. هەستکردن بە مەترسیی خوێندکاری کورد لە لایەن بەرپرسانی ڕێژیمەوە تا ئاستێکە کە لە سیاسەتە بالاکانی ڕێژیمدا ڕەنگ دەدەنەوە و لە چاوەدێریی ئەمنییەتی لەژێر بیانووە ئیخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان بگرە هەتا بەستنەوەیان بە ڕەوتە سیاسییەکانی کوردەوە بەرتەسکیان دەکەنەوە و ئەو خوێندکارانەی کە هەست دەکەن دەستەمۆ نابن یان هوشیاری و وریاییەکیان تێدا بەدی دەکرێت بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بانگهێشتی حەراسەت و ناوەندی ئەمنییەتییەکانیان دەکەن و هەڕەشەی گرتن و دەرکردنیان لێ دەکەن. ئەگەرچی ئەم حاڵەتانە لە شارەکانی دیکەی غەیرە کوردیشدا جاروبار دەبیندرێت، بەڵام بەو توندوتۆڵییەی نییە کە لە شارەکانی کوردستاندا هەیە، بەتایبەت لە ماوەی چەند مانگی پێشوودا بە هۆی ڕۆڵگێڕانی خوێندکاران لە شۆڕشی ژینادا گوشارەکان چەند قات زیاتر لە پێشوو بوو و بەشێکی زۆری مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی کوردستان بەتایبەت شاری سنە لە چاو خوێندکارانی کورد لە زانکۆوەکانی کوردستاندا دەبینرا.

## ئەنجام:

ئازادی خواستێکە لە ڕەگەزی نیازە سروشتییەکانی مرۆڤ کە بە نەبوونی، مرۆڤ ناتوانێت قۆناغەکانی ژیانی بە سانایی تێپەڕێنێت یان دەرقەتی ئاڵۆزییەکانی نێو ژیانی نایە. ڕەنگە مرۆڤێك بە تاك بتوانێت بۆ ماوەیەك یان تەنانەت بۆ هەمیشە واز لە سەربەستبوونی خۆی بهێنێت، بەڵام کاتێك ئەم حاڵەتە لە کۆمەڵگایەك پەرە بستێنێت، یەکەم قەیرانێکی کە بەرۆکی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگرێت، بێباوەڕی و نامتمانەیی بە خۆ و دواتر بە یەکترە، بۆیە کاتێك ئەم نەخۆشییە دەروونییە وەك پەتایەك بۆ درێژماوە جێگیر بووە، بەرەبەرە دۆخی ڕاهاتن و خووگرتن بەو نەخۆشییە ئاسایی

دەبێتەوە و ئەگەر کەسێکی تەندروست لە نێو ئەو هەمووە نەخۆشە هەڵکەوێت بابەتەکە پێچەوانە دەبێتەوە، نەخۆشەکان خۆیان بە تەندروست و تەندروستەکە بە نەخۆش دەبینن و کاتێك کە ئەم ڕوانین و گوتارە بووە ڕوانین و گوتاری زاڵ، ئازادیخواز یان دەبێت خۆی بخاتە مەیدانێکی پڕ مەترسییەوە یان ئەوەی کە بە ناچاری خۆی بکاتە هاوڕەنگی نەخۆشەکانی دیکە.
لە ئێستە و لەم باردۆخەی کە کوردستان و ئێرانی تێدایە ئەم ڕاستییە بە چاو دەبینرێت کە کوردستان ساڵانێکە لە نێو کۆمەڵگایەکی نەخۆش و ڕاهاتوو بە بندەستی گەمارۆ دراوە، بەڵام زیندوبوونی شۆڕشی شاخ و شار (بەتایبەت لە قەوارەی شۆڕشی «ژینا») بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە کورد و کوردستان سەرەڕای ئەو هەمووە قەیرانانەی کە بۆی ساز کراوە، هێشتا تووشی نەخۆشیی بندەستی نەبووە و لە جیاتی تووشبوون بە پەتای کۆیلایەتی لەگەڵ ئازادیخوازی و سەربەستی ڕاهاتووە و سەرباشقەی کۆمەڵگایەکی تەندروست و ئامادەی گۆڕانکاری و پێشکەوتووییە.

### پەراوێزەکان:

١- دابەشکردنی ئازادی بەسەر دوو چەمکی «ئازادی ئەرێنی» و «ئازادی نەرێنی»، کە لەلایەن کەسانێك وەکوو: «هێگل، کانت، ئێدمۆند بێرك و جان دەیوی»ـیەوە باس کرابوون، دواتر لەلایەن «ئایزا بێرلین»ـەوە پێناسەیەکی نوێ و وردتریان بۆ کرا.

### سەرچاوەکان:


١- کانت، امانوئل در پاسخ بە پرسش: روشنگری چیست؟، ترجمە یداللە موقن، تهران، انتشارات نیلوفر، چاپ اول ١٣٧٠، چاپ دوم ١٣٨٢.
٢- فروم، اریك، گریز از آزادی، ترجمە داود حسینی، تهران، انتشارات گلشائی، چاپخانە فراین، چاپ اول ١٣٦٣.
٣- برلین، آیزا، خیانت بە آزادی، ترجمە دکتر عزت‌اللە فولادوند.
٤- هەواڵ و زانیارییەکانی یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان.

# ناسیۆنالیزمی مەدەنی

ئاکۆ ڕۆژهەلاتی

## پێشەکی:

ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە ڕێکخراوە و ئەنیستیتۆ لیبراڵەکاندا ڕوواڵەت پەیدا دەکات کە هاووڵاتییان بەپێی یاسا ئاوزمەندانە هاوبەشەکان، جیا لە کەمینە یان ئایینی خۆیان پێویستییان پێیە. کاتێك کەسێك لەسەر ناسیۆنالیزم قسە دەکات، دەبێت لێی بپرسین کە کام یەك لە پێناسەکانی ناسیۆنالیزم باس دەکات. یان کاتێك گرووپێك خۆیان بە ناسیۆنالیست دەزانن، دەبێت ڕوون ببێتەوە کە بە کام یەك لە ماناکانی ناسیۆنالیزم پێبەندن. بەو هۆیەوە کە هەر خوێندنەوەیەك لەسەر ناسیۆنالیزم و بەتایبەت لە کردەوەدا، ئاکام و کاریگەریی جیاوازی هەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان؛ بە بۆچوونی ئێرنێست گێرنێر، تاریفگەلێکی زۆر لە ناسیۆنالیزم هاتووەتە بەرباس و هەروەها جۆرەکانی ناسیۆنالیزمیان لێك جیا کردووەتەوە. ناسیۆنالیزم بنەمایەکی سیاسییە کە بەپێی ئەو بنەمایە یەکەی سیاسی و نەتەوەیی دەبێت هاوتەریب بێ. ناسیۆنالیزم ئایدئۆلۆژییەکی مۆدێڕنە کە ئامانجی زاڵبوون بە سەر دەوڵەتێکی مۆدێڕن یان بەپێچەوانەوە ڕزگاری لە دەستی ئەو دەوڵەتەیە. ناسیۆنالیزمی مۆدێڕن بەگشتی هێڵێکی ڕەنگی لە بیرۆکەکانی ئیتنیکی، کولتوور و جوگرافیای بەر لە مۆدێڕنی لەگەڵ خۆی هەیە. لە هەمان کاتدا وا نیشان دەدات کە ئەو پێکهاتانەی پێش مۆدێڕن لە پڕۆسەی نەتەوەبوون یان ئیتنیکیبوون بە چەشنێك سەرلەنوێ چاکسازی دەکرێنەوە کە لە ئاکامدا بۆ پێشینیانی بەر لە مۆدێڕنی ئێمە ناتوانێت بناسێنرێت.

## مەبەست لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی چییە؟

لە نێوان ئەو وێنە جۆراوجۆرانەی کە ناسیۆنالیزم دەتوانێت بە خۆیەوە بگرێت، فرەچەشنییەکمان هەیە. یەکێك لەوانە سەنخشناسی کە بەرادەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوەی ناسیۆنالیزمدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت، جیاوازی و ناکۆکیی نێوان نەتەوەگەراییی ئیتنیکی و نەتەوەگەراییی مەدەنییە. ئەو دابەشکارییە تەواو نییە، ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی لەسەر بنەمای پێناسەی هزری (subjective) لە کولتوورەوە بناغەی داندراوە و پێکهاتەکانی وەك زمان و دابونەریتە، ئەمەش وێنایەکی داخراو و وەسفی نەتەوەیە. چەند وێنەیەك لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە جیهاندا و تایبەتمەندییەکانیان و جیاوازیی ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە لەگەڵ ئەوانی تر:

مەجارستان؛ هاووڵاتیی مەجاری بە کەسانێك دەدات کە بتوانن بیسەلمێنن لە قەومی مەجارین، زۆرێك لە دانیشتووانی ڕومانی بەپێی ئەوەی کە ناوی مەجاریان هەیە یان ئەوەی کە بەسەر زمانی مەجاریدا زاڵن، دەبنە هاووڵاتیی مەجارستان و وەك هاووڵاتییانی تەوەن چاویان لێ دەکرێت.

سەرنج بدەن کە پێویست نییە کاتێکی زۆر لە مەجارستان ژیان بەسەر بەریت یان لەژێر ڕکێفی سیستەمی ئەو وڵاتە بیت، یان تەنانەت لەگەڵ ئەنیستیتۆ سیاسییەکانی ئەو وڵاتە ئاشنا بن. مەجارستانیبوون کوالێتیی دەروونی لە بەرچاو دەگیرێت. بەو شێوەیەش دەوڵەتی ئیسرائیل باوەڕی وایە کە قەومییەتی جوولەکە بوونی هەیە و بۆ هەر کەسێك کە بتوانێت بیسەلمێنێت لە دایکێکی جوولەکەیە

لەدایك بووبێت، وەك هاوولاتیی ئیسرائیل چاوی لێ دەکرێت، بێ سەرنجدان بەوەیك ە ئەو کەسە زمانی عیبری بزانێت یان لە ئیسرائیل نیشتەجێ بێت یان تەنانەت لە داهاتوودا بیهەوێت نیشتەجێ بێت. لە هەندێك باسدا پرسی ئیتنیك بە شێوەیەکی جیاواز پێناسە کراوە، بۆ نموونە لە ولاتانی ژاپۆن و چین ڕووالەتی نژادی و بەگشتی داخراوی بە خۆیەوە گرتووە، هیچ کەس ناتوانێت لە دەرەوە ببێتە ئەندامی گرووپێکی نەتەوەیی. لەبیرتان بێت سەرەڕای ئەوەی کە لەو ولاتانەدا ڕێکارێکی زۆر بۆ هاوولاتیبوون هەیە، بەلام زۆرینەی حەشیمەت ئێوە وەك ئەندامێك لەو نەتەوەیە چاوی لێناکرێ. چونکە ئیتنیك نە تەنیا لە ڕوانگەی کولتووری بەڵکوو لە ڕوانگەی نژادییەوە پێناسە دەکرێت. پێداچوونەوەی نژادیی جیهان جەبرگرایانەیە. مرۆڤ ناتوانێت لە گرووپێکی نژادی بۆ گرووپێکی دیکە جێگەی بگۆڕێت، لە لایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزمی مەدەنی تایبەتمەندیی یەك نەتەوەی ئازادە کە پێبەندە بە نەزمێکی یاسای خۆی، گرینگتر لە تایبەتمەندییەکانی قەومییەتی یان ئیتنیکی دەزانێت.

ئێوە دەتوانن بێ سەرنجدان بە ڕیشەکانی قەومی و ئایینیی خۆتان ئەندامی ئەو جۆرە نەتەوانە بن و لێرە هاوولاتی بەسەر ئیتنیکدا زالە، ئەوەی کە نەتەوە پێناسە دەکات نەزمی یاسایی و کۆکراوەیەك لە ئەنیستیتۆکانی لیبرال و دێموکراتیکە. ویلایەتە یەکگرتووەکان، بریتانیا و فەرانسە ولاتانێکن کە وێنای مەدەنی ناسیۆنالیزمبوونی هەیە. هەرچەندە لەبیرمان بێت کە جەریانە بەهێزە قەومییەکان لەنێوان خەلك لە هەرکام لەو ولاتانەدا بوونی هەیە. دەولەتانێك کە حاکمیەتیی مێژوویی قولیان هەیە لە سیاسەتەکانی هەلاواردنی ڕەگەزی، ولایەتە یەکگرتووەکان لەژێر کاریگەریی یاسای «جیم کورو» تا ڕێکەوتی کۆلۆنیسالیستیی ولاتە ژێردەستەکان و کۆلۆنییەکانی فەرانسە و بریتانیا کە پێویستی بە پێداچوونەوە نییە. بەو شێوە کە پێشتر باس کرا، جۆرەکانی ناسیۆنالیزم دەتوانن لەگەل یەك بوونیان هەبێت و پێناسەی گرووپێکی نەتەوەیی دەکرێت بە تێپەڕبوونی کات ئالوگۆڕی بەسەردا بێت .

بەو پێیە بە هەبوونی ئەو ئاگادارکردنەوانە دەتوانین بلێین کە مرۆڤێك دەتوانێت بێ سەرنجدان بە باسی ئیتنیکی، ئایینی یان کولتووری، وەك هاوولاتیی ئامریکایی، بریتانیایی یان فەرانسەیی چاوی لێ بکرێت و ئەندامی ئەو نەتەوەیە بێت .

تایبەتمەندی و باشییەکانی ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە چاو جۆرەکانی دیکەی ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ئەگەری ئەوەی کە ڕووالەتەکانی ئیتنیکی ناسیۆنالیزم تووشی کردەوە تایبەتەکانی پەراوێز خستن دەبێت وەك؛ عەرەبەکان لە ئیسرائیل. سیاسەتەکانی هاوچەشن کردنی بە زۆرەملی وەك؛ کوردەکانی باکووری کوردستان لە تورکیە. لە هێندێك بۆچوونی توندڕەوانەدا وەك؛ جینۆسایدی جوولەکەکان لە ئالمانی نازی، موسولمانەکان لە بوسنی، تودسییەکان لە ڕەوەندا، بن زۆرە.

لە چوارچێوەی دنیای دوای کۆلۆنیالیستی و جیهانی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی گێرە و کێشەیەکی دیاریکراو بۆ گرووپە کەمینەکان پێك دێت. ناسیۆنالیزمی مەدەنی توانیویەتی کە گرژییە کولتوورییە و ئیتنیکییەکان لە خۆیدا بتوێنێتەوە. توانای ناسیۆنالیزمی مەدەنی ئەوەیە کە کێشە سەرەکییەکانی گرووپەکانی ئیتنیکی بەفەرمی ناناسێت. لەبیری نەکەین کە زۆرینەی ناسنامە ئیتنیکییەکانی مەعاسر تا ڕادەیەك ئەندازیاری و مۆدێرنە. ژیرانەتر ئەوەیە کە بەتەواوەتی سەبارەت بە تێکهەلچوونەکانی هەموو گرووپە نەتەوەیی و ئیتنییەکان ئاگادار بین و دەرگا بۆ پلەیەك لە ئینتەحاف و هاتوچوو بۆ دەرەوە و ژوورەوە بە کراوەییدا بنرێت.

## ناسیۆنالیزم و کولتوور

لە نیشانەکاندا ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی سیاسییە، بەلام زۆر جار بنەما و پایەکانی خۆی لەسەر تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ کولتوور و لەسەر بەخشینی مانایەکی تایبەت بە کولتوور دادەڕێژێت. ناسیۆنالیزم کولتووره وەك «شتێك»ی تەواو دروستکراو و داخراو و پێگەشتوو بەتەواوەتی وێنا دەکات کە جەوهەرێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی هەیە و ڕاستەوخۆ داوێژ لە کاراکتەری قوول و جەوهەری نەتەوە دەکات. کولتوور، ڕۆح، ئەخلاق و ویژدانی نەتەوە دەستنیشان دەکات. بەشکردنی کولتوور واتاکردنی کولتوور بەشێکی داخراو بە جەوهەرێکی نەگۆڕ، ئەو وێناکردنەیە کە ناسیۆنالیزم بۆ کولتوور هەیەتی. کولتوور لە وێژمانی ناسیۆنالیزمدا شتێکە نەمری و جەوهەری، هەلگری کاراکتەرێکی نەگۆڕ و ماهییەتێکی تایبەتیشە کە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی تر جیا دەکاتەوە. لای ناسیۆنالیزم واتا ڕۆحییە قوولەکانی بوونی نەتەوەیی وا بەستەی کولتوورین نەتەوەیین و لە دەرەوەی ئەم ڕۆحە کولتوورییەدا نەتەوەبوون مانایەکی نییە. ئەم تێگەیشتنەش بۆ کولتوور دەربڕی ئەو

کولتوورگەرایییەیە.
مەبەست لە دەستە واژەی «بەشتکردنی کولتوور»یش ئەو پرۆسەیە لە عەرەبیدا پێی ئەوترێت (ئەتوفی) و بە ئینگلیزیش پێی ئەوترێت (پرۆسەی بەشت بوون)، ئەو پرۆسەیەی کە تێدایە و ئەو شتانەی کە بەرهەمی چالاکییە مرۆییەکانن و سینەتێکی ناجێگر و هەمیشە گۆڕاویان هەیە، وا نشان دەدرێن وەك ئەوەی شتی جێگر و نەگۆڕ بێت. لە پرۆسەی بەشتبووندا شتە گۆڕاوەکان بە جەوهەری نەگۆڕ دەگرین و لەوە دەر ئەکەین خۆیان وەك بەرهەمی چالاکیی مرۆیی نیشان بدەن بەڵکوو زیاتر وەك شت و بەرهەمێکی سروشتی نیشان ئەدرێن. چالاکییە مرۆییەکان لە پرۆسەی بەشتبوونەوەدا دەگرینە کۆمەڵێك شتی دەرەوەی کات و دەرەوەی مێژوو. بە واتایەکی دیکە پرۆسەی بەشتبوون پرۆسەی کردنەدەرەوەی بەرهەمە مرۆییەکان بۆ دەرەوەی مێژوو، نیشاندان و پێشنیارکردن وەك بۆنەیەکی هەمیشەیی و ئەبەدی و مێژووی نەگۆڕ و جەوهەرییە. قرتاندنی ئەو پەیوەندییە مێژووییە، تایبەتێکە کە بەرهەمە مرۆییەکان بە ساتەوەختە تایبەتەکانی مێژووەوە گرێ دەدەن. نیشانەکانیان وەك ئەوەی بەرهەمی جەوهەری بان مێژوویی نەگۆڕ بن.

بەکورتی بەشتبوون مانای بەخشینی کۆمەڵێك سیفەتی سرووشتیی نەگۆڕ بە بەرهەمێکە کە لەڕاستیدا کۆمەڵایەتی و مێژوویە و گۆڕانکەرە. چەمکی کولتوور یەکێکە لە چەمکە هەرە گرینگەکانی ناو هەر تیۆرەییەك لە تیۆرییەکانی ناسیۆنالیزم. لای هەندێك تیۆریست؛ کولتوور بە یەکێك لەو هێزە گرینگانە پێشنیار دەکرێت کە نەتەوە دروست دەکات، وەك لای «سمس» و «گێڵنەر» و «ستالین» .

کولتوور لای ئەو نووسەرانە ئەو هێزە مەعنەوەییە ناوەکییە لە ناوەوە ڕۆح بە جەستەی نەتەوەدا دەکات و دەبێتە سەرزەمینی لێك جیاکردنەوەی شوناسی نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی دیکە. بزاڤە ناسیۆنالیستییەکان لەسەر بناغەی بیرۆکەی «کولتووری تایبەت» نەتەوەکان لە یەکەی جیاکردنەوە و هاوشێوەی و لێکچوونی کولتووری وەك مەرجی پێشینی بوونی نەتەوەیی پێشنیار دەکەن. ئەگەر لای مارکس شۆڕش دایکی مێژوو بێت، ئەوە لای ئەم تیوریستانە کولتوور دایکی نەتەوەیە. کولتوور ئەوە دەستنیشان دەکات کە نەتەوە کێیە و چییە و چ کاراکتەرێکی هەیە.

نەتەوە بۆنە ئەبرێ، بابەتێکە هێزێکی کولتووری تایبەت بنیادی ناوە و پاراستوویەتی و هەتاهەتایەش دەپارێزرێت. کولتوور وەك جەوهەری نەتەوە وەك شتێکی زۆر تایبەت کە کاراکتەر و هەڵسوکەوتی نەتەوە دەستنیشان دەکات سەیر دەکرێت. کولتوور ئەو هێزەیە کە نەتەوە دەکاتە بۆنەیەکی تایبەت و بێوێنە.

لە دۆخی کوردیکدا کولتوور بە تەنیا ئاماژەیەك نییە بۆ نیشتمان و بەس، بەڵکوو خۆی ڕۆڵی نیشتمان دەبینێت و ئەو سەرزەمینە گشتییە دەستنیشان دەکات کە دەبێتە سەرچاوەی شوناس. کولتوور لەم دۆخەدا دەبێت لە یەك کاتدا هەم جیاوازیی کورد لەوانی دیکە و هەم یەکیەتیی کورد لەناو خۆیدا بپارێزێت و هەم بە خۆی وهەم بە دنیای دەرەوەی خۆی نیشان بدات.

ئەمە جگە لەوەی پێداگری لەسەر کولتووری کوردی دەکرێت، لە هەمان کاتدا هێماکردنە بۆ بۆنەی کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرین. لەم دۆخەدا ئەوەی کولتوور دەبێت نیشان بدات؛ ئەو مێژوو درێژەیە کە نەتەوە هەیەتی. ئەو مێژوویە دەبێت بناسرێت و نهێنی و هێز و قوربانییەکانی نیشان دەدرێت. بێگومان ئەم ناسینە جگە لە نیشاندانێکی تایبەت و ڕەخنەیی ڕووداوە دابڕوەکانی ناو ئەو مێژوویە، هیچی دی نییە. لەڕاستیدا ناسیۆنالیزم هەمیشە مامەڵەیەکی ڕەخنەیی لەگەڵ مێژوودا دەکات.

پاراستن و ناسینی ئەو مێژوویە لە ڕوانگەی ئەم کوردانەدا کە بۆ هەوڵنەدان کۆچیان نەکردووە مەسەلەیەکی یەکجار گرینگە، بەتایبەتی لە دیوی ئەو نوخبە خوێندەوارەدا کە دەخوازن پایەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی دوورمەودا بپارێزین .

فێمێنیزم وەك یەکێك لە گرینگەکانی ناسیۆنالیزمی مەدەنیی کورد و کەموکورتییەکانی دیارە کە لەم ساڵانەی دواییدا ئەو پەرتووك و بابەتانەی لەسەر پێوەندیی نێوان فێمێنیزم و ناسیۆنالیزم نووسراون ڕووی لە زیادبوون کردووە، بەڵام لەنێو کۆمەڵگایەکی کوردیدا ئەو بابەتە ڕەنگدانەوەیەکی کەمی هەبووە و بە شێوەیەکە دەتوانین بڵێین هەر نەبووە. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم بابەتە، یەکنەبوون و ناسازبوونی فێمێنیزم و ناسیۆنالیزمە، لەبەر ئەوەی ناسیۆنالیزم وەك ڕێگەیەك بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و مافی ژنان ناسێنراوە. هەر چەند ناتوانن سەرجەم ئەو شتانەی لەسەر ئەم مژارە و تداون و نوسراون ڕەت بکەینەوە و خۆمان بە مافدار پێشان بدەین و بڵێین ئەوان هیچ بەڵگەیەکیان نییە. بێ

دوودڵی دەتوانین بڵێین بزووتنەوەی ژنانی کورد بێ تاوان نین لە دوورکەوتنەوە لە ناسیۆنالیزم، لەبەر ئەوەی بۆچوونێك هەیە کە دەڵێت ئەو بزووتنەوەیە بە هێنانەپێشی ناسنامەی ژنان دەیهەوێت ناسنامەی ناسیۆنالیستی بشارێتەوە. لەو بزووتنەوەیەدا ناسنامەی ژنان کە خۆی لە ناسنامەی کورد جیا دەکاتەوە و پێگەی سەرەکیی خۆی بەدەست دەهێنێت، لە خەباتی نەتەوەییشدا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە «بەر لە هەر شتێك خەبات بۆ ئازادکردنی ئەو نەتەوەیە بکرێت کە لەلایەن چینی پیاوسالارییەوە داگیر کراوە» (یڵدرم ٢٠١٢).

# ڕۆڵ و پێگەی ژنانی پێشمەرگە

نیشتمان ڕوحانی

لە هەر کۆمەڵگا و لە نێو هەر گەل و نەتەوەیەکدا کاتێك زوڵم و ستەم زۆر دەبێت، کاتێك کۆمەڵە کەسێك دەسەڵاتی ڕەهایان هەیە و ستەم لە ئەوانی دیکە دەکەن و مافەکانیان پێشێل دەکەن. کاتێك کە بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی شپرزە دەبێت و کۆمەڵگا لە لێواری هەڵدێر دەبێت، بێگومان کەسانێکی لێهاتوو و فیداکار بە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی لە بەرامبەر تاکەکانی کۆمەڵگا و نەتەوەکەیان ئەوا بەرنگاری ئەو دەسەڵات و ستەمە دەبن و بە ڕێکخستن و خۆسازدان لە کۆمەڵە گرووپی تایبەت هەوڵی چاکسازی یا گۆڕانکاری ڕیشەیی لەو کۆمەڵگایە دەدەن. بۆ ئەمەش زاراوەی جۆراوجۆر بە پێ بارودۆخەکان بەکار دێت، ڕیفۆرم، جووڵانەوە، بزووتنەوە، شۆڕش یا هەر چەمکێکی دیکە کە هەڵگری ئەو ناوەڕۆکە بێت. مێژووی مرۆڤایەتی لێوانلێوە لە شۆڕش و جووڵانەوە جۆراوجۆرەکان بەرامبەر دەسەڵاتە ستەمکار و دیکتاتۆرەکان، جا ئیدی نێوەڕۆکەکەی کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری یا سیاسی بێت. کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلتیکی و بارودۆخی سیاسی ئەو ناوچەیە، بەردەوام لە لایەن دەسەڵاتەکانی دەوروبەر، هێرشی کراوەتە سەر و ڕۆڵەکانی کورد بە ناحەق لەسەر خاك و وڵاتی خۆیان خوێنیان ڕژاوە. بەڵام لەبەرامبەردا نەتەوەی کورد بێدەنگ و دەستەوەستان نەبووە بەرامبەر ئەم چەوساندنەوە و داگیرکارییانە، بۆیە خۆیان لە چوارچێوەی گرووپ و ڕێکخراوی سیاسی ڕێك خستووە و بەرەنگاری ستەمکاران بوون. لە هەر قوژبنێکی ئەم خاکەدا ئەگەر ستەمکار خواستی پاوانخوازی هەبووبێت ئاوا ڕۆڵە فیداکارەکانی کوردستان خۆیان کردۆتە قوربانی بۆ پاراستی ئەم خاکە، ئەوان مەرگیان پێش ژیانی خۆیان خستووە لە پێناو پاراستی نیشتمانەکەیان و ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان پێ براوە، و لە پێناو سەروەریی کوردستان گیانفیداییان کردووە.

بەڵام کوردستان تەنها خاکەکەی نەکراوەتە ئامانجی دوژمنان بەڵکو ئەوان بەردەوام هەوڵیان داوە ئەو کولتووره جوانەی کورد لە نێو ببەن و کولتووری دواکەوتوو و چەقبەستووی خۆیان زاڵ بکەن. هەر بۆیە بە هۆی هەڵکەوتەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و زاڵ بوونی کولتووری عەرەب و فارس کە تێدا بەردەوام ستەم لە ژن کراوە و ژنان ڕۆڵیکی ئەوتۆیان لە کۆمەڵگادا نەبووە، ئەم کولتوورەش باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگای کوردی و ژنان پەراوێز خرابوون، بەتایبەتی تا پێش نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، ژنان کەمتر لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا بەشدار بوون و ئەرکی ئەوان زیاتر لە ماڵ مانەوە و بەخێوکردنی منداڵ و جێبەجێکردنی ئەرکی ماڵ بووە، ئەگەرچی بە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە و ژنان سەرەڕای ئەرکە قورسەکانی ماڵ هاوشانی پیاوانیان لە دەرەوەی ماڵ و لە مەزرا کاریان دەکرد، بەڵام ئەمە تەنها ئەرکی ئەوانی قورستر دەکرد و ڕۆڵ و پێگەیەکی ئەوتۆیان لە کۆمەڵگا نەبوو بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەگەرچی مێژووی دێرینی کورد پڕیەتی

لە ئازایەتیی ژنان و بەشدارییان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، بەڵام دواتر و بەتایبەتی دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و زاڵبوونی کولتووری عەرەب ئەوا کولتووری پیاوسالاریش لە کوردستان ڕەگ دادەکوتێ و ژنان پەراوێز دەخرێن و ڕۆڵ و پێگەیەکی ئەوتۆیان نابێت.

بۆیە لێرەدا پێویستمان بە خستنەڕووی پێناسەی ئەم دوو چەمکەیە واتە (ڕۆڵ و پێگە) بۆ ئەوەی بزانین ژنان ڕۆڵ و پێگەیان چی بووە لە کۆمەڵگای کوردی و بەتایبەتی لە جووڵانەوە سیاسی و رزگاریخوازییەکان. ئەم دوو چەمکە ( ڕۆڵ و پێگە) هەردووکیان چەمکێکی کۆمەڵناسین و لە کاتی پێناسەکردن یا باسکردنی هەر کام لەم چەمکانە پێکەوە دێن و پەیوەستن بە یەکتر، بە جۆرێك تەواوکەری یەکترن.

چەمکی ڕۆڵ بە یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی دادەنرێت، ئەمە چەمکە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە لایەن «چارلز هۆرتۆن کۆلی» و «هێربێرت مید» هێنرایە بەرباس و دواتر لە لایەن کۆمەڵناسانی دیکە گرینگی پێ درا، باسکردن و پێناسەکردنی ئەم چەمکە خۆی لە تیئۆری کارلێکی هێمایی دبینێتەوە. کاتێك باس لە چەمکی ڕۆڵ دەکرێت مانای جۆراوجۆر بە مێشکدا دێت، بەڵام یەکێك لە باوترین پێناسەکان ئاماژەیە بە ئەو کردەیە کە هەر تاکێك بەپێی ئەو پێگەیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی، ئەنجامی دەدات. لە ڕوانگەی ( واڵتێر کۆتۆ) ڕۆڵ ئەو ڕەفتارەیە کە چاوەڕوان دەکرێت تاك ئەنجامی بدات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پلە و پێگەیەی کە لە کۆمەڵگادا هەیەتی (توسلی، ١٣٨٦: ٣٠٢).

هەروەها چەمکی پێگە وەك تەواوکەر و پەیوەست بە چەمکی ڕۆڵ یەکێکە لە چەمکە گرینگیەکانی کۆمەڵناسی، بە شوێن و بارودۆخێك دادەنرێت کە تاکێك لە کۆمەڵگایەك و لە ماوەیەکی زەمەندی دیاریکراو وەری دەگرێت. کە چەندین هۆکار کاریگەرییان لە دیاریکردنی پێگەی هەر تاکێك لە کۆمەڵگادا هەیە وەکوو ( بنەچە و ڕەچەڵەك، هەبوونی دەسەڵات، بارودۆخی مادی، بەسوودبوون یا کاراییبوونی کردەییانەی تاك، ڕادە و جۆری خوێندەواری، تایبەتمەندی بایۆلۆژی، تەمەن و چەندین هۆکاری دیکە) ئەگەرچی شرۆڤەکردنی هەر یەك لەمانە لە چوارچێوەی ئەم بابەتە ناگونجێت، کە دەکرێت هەر یەك لەم هۆکارانە بەپێی کۆمەڵگاکان و قۆناغە زەمەنیەکان کاریگەرییان جیاواز بێت. بۆ نموونە لە کۆمەڵگا نەریتیەکان ڕەچەڵەك، تەمەن و تایبەتمەندی بایۆلۆژی زیاتر کاریگەری هەیە بە بەراورد لەگەڵ هەندێك هۆکاری دیکە (پیرو، ١٣٦٦: ٣٧١).

هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پێگە وەکوو هەندێك چەمك چەقبەستوو و سەپاو نییە، بەڵکو بە هۆی سروشتی مرۆڤ بەپێی بارودۆخ و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی و تەنانەت جۆری کۆمەڵگاکە و گۆڕانی کۆمەڵگا، گۆڕانکاری بەسەر دێت.

لەبەر ئەوەی کە تاکەکان دەتوانن خاوەن پێگەی جیاواز بن، بۆیە چاوەڕوانییەکانیش جیاواز دەبێت لە ئەنجامدانی ئەو ڕۆڵانەی کە تاك بەپێی ئەو پێگەیەی وەری گرتووە. بە واتایەکی دیکە دەتوانرێت ڕۆڵ و پێگە بە دوو ڕووی دراوێك بزانرێت، پێگە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت دابەش بکرێت بە سەر دوو جۆری «بەدەستهاتوو» و «دانان» ( اکتسابی و انتسابی). ڕۆڵە ( انتسابیەکان) دانانەکان، کۆمەلگا دەیبەخشێتە تاکەکان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی چۆنایەتی یا هەوڵی ئەو تاکە لەو ڕۆڵگێڕانەی. بەڵام ڕۆڵە بەدەستهاتووەکان، تاك بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بەدەستی دێنێ. بۆ نموونە شازادەبوون پێگەیەکە کە ئەو تاکە بە هۆی ئەوەی کە لە خێزانێکی پادشاهی بووە، پێی دراوە، بەڵام بوون بە دوکتور، مامۆستا یا وەرگرتنی پۆستێکی کارگێڕی و سیاسی ئەوا ئەو تاکە بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بە دەستی هێناوە ( جاجرمی، ١٣٨٦: ٢٨).

وەك دەردەکەوێت لە کۆمەڵگا نەریتیەکاندا زۆرێك لە ڕۆڵ و پێگەکان لە جۆری (دانان ـە، بەڵام لە کۆمەڵگا مۆدێڕنەکان و زۆرینەی کۆمەڵگاکانی ئەم سەردەمەدا، تاکەکان هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پێگەیە دەدەن کە خۆیان دەیانهەوێت.

بۆ ئەوەی زیاتر لە بابەتەکە لا نەدەین، بەڵام بۆ ئەوەی بمانهەوێت شرۆڤەی ڕۆڵ و پێگەی ژنانی پێشمەرگە بکەین پێویست بە شیکردنەوەی زانستی ئەم چەمکانە بوو.

بەپێی ئەو پێناسانەی لەو دوو چەمکە خرایە ڕوو، دەتوانین بڵێین کە بە هۆی نەریتیبوونی کۆمەڵگای کوردستان، ژنان کۆمەڵێك ڕۆڵی دیاریکراوەیان هەبووە، یا باشتر بڵێین کۆمەڵێك ڕۆڵیان بۆ دیاری کراوە کە پێویست بوو ئەنجامی بدەن، بەبێ ئەوەی کە پێگەکەیان شیاوی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانە بووبێت کە ئەنجامیان داوە. بەتایبەتی تا پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان ئەوە ژنان وەکوو بەشەکانی دیکەی کوردستان زیاتر ڕۆڵیان بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و کارکردن لە مەزرا و بەخێو کردنی ئاژەڵ بووە، بەبێ ئەوەی کە دەرفەتی بەشداریکردنیان لە بوارە ئابووری، کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکان پێ بدرێت. بەتایبەتی بواری سیاسی کە بوارێکی تا ڕادەیەك ڕێگەپێنەدراو بووە و زیاتر بە بوارێکی پیاوانە ناسرابوو، ئەمەش بێبەشکردنی نیوەی کۆمەڵگا بووە لەو بوارە کە لە ئەگەری ڕێگەپێدان و بەشداریکردنی ژنان لە بواری سیاسی بێگومان کاریگەریی بەرچاوی دەبوو لە جووڵانەوە ڕزگاریخوازانەکان. ئەم بێبەشکردنەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ژنان ڕۆڵ و پێگەیەکی ئەوتۆیان لە کۆمەڵگا نەبێت. بەڵام بە هۆی بارودۆخی ئەوکات و نەخوێندەواربوونی زۆرینەی کۆمەڵگا ئەمە بە ئاسایی بینراوە و تەنانەت ژنانیش خۆیان هیچ نارەزایەتییەکیان لەو دۆخە نەبووە.

بەڵام دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن ئەو حیزبەوە، بارودۆخ بۆ ژنان وەکوو جاران نەما. ئەو بەستەڵەکە پەراوێزخراوییەی ژنان شکێنرا. پێشەوا قازی محەممەد بە یاوەری مینا خانمی هاوسەری هەوڵیان دا ژنانیش بەشدار بن لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و ئەوانیش ببنە بەشێکی ئەکتیڤ لە کۆمەڵگا. تا ئەم قۆناغە لە مێژووی کورد، پێگەی ژنان بریتی بووە لە هاوسەربوون و دایکبوون، بەڵام دواتر کچان و ژنان نێردرانە بەر خوێندن کە ئەمە یەکەم هەنگاو بوو لە بەشداریکردنیان لە کۆمەڵگا بەتایبەتی لە بواری سیاسی. لەو کاتە بە دوا ژنانیش وەك پیاوان توانیان ببنە ئەندامی ڕێکخراوی سیاسی و شۆڕشگێڕی. هەر بۆیە ڕۆڵی ئەوانیش گۆڕا و سەرەڕای ڕۆڵی پێشوویان، ڕۆڵی جیاوازتریان لە ئەستۆ گرت.

بۆیە دەتوانین بڵێین دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و دواتریش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە قۆناغێکی گرینگ لە ژیانی سیاسیی ژنان دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەمەش دەستپێکی گۆڕینی ڕۆڵ و پێگەی ژنان بوو لە کۆمەڵگا، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لەو قۆناغە بەدوا ئەوا ژنان خۆیان بە ئازایەتی و لێهاتوویی خۆیان بوو توانیان ڕۆڵی خۆیان بەهێز و پێگەی خۆیان دیاری بکەن. ئەگەرچی هێشتا لەو سەردەمە چەمکی پێشمەرگە هێشتا پیاوانە بوو و ژنی پێشمەرگە لە ئەدەبیاتی سیاسی و شۆڕشگێڕی نەبوو. هەموو ئەو پیاوانە کە لە حیزب ئەندام بوون و ئەرك و بەرپرسیاریەتیان هەبوو ئەوا پێشمەرگە بوون، کە لە هەمان کات زۆرێك لە ئەرکی حیزبی لە لایەن ژنان ئەنجام دەدرا و ئەرکی حیزبییان ڕادەپەڕاند، بەڵام ئەوان بە پێشمەرگە ناوزەد نەدەکران.

هەر ژنان بوون کە وەکوو پردی پەیوەندی نێوان پێشمەرگە لە شاخ و خەڵك لە شار بوون، هەر ئەوان بوون گیانیان دەخستە مەترسیەوە و هەواڵی پێشمەرگەیان بە خەڵك دەگەیاند و داواکاری و هاواری خەڵکی شار و گوندیان بە گوێی پێشمەرگە دەچرپاند. ئەوە ژنانی پێشمەرگەئاسا و ئازا بوون کە نان و خۆراکیان بۆ پێشمەرگە ئامادە دەکرد، ئەوە ژنانی پێشمەرگە بوون کە ئاگایان لە ماڵ و منداڵی پیاوانی پێشمەرگە بوو، بۆ ئەوەی ئەوان تەنیا بیریان لای پارێزگاری لە نیشتمان و شەڕکردنی لەگەڵ دوژمنان بێت. لاپەڕەکانی مێژوو شایەتی ئەو ڕاستیەن کە چەندها ژن لە نێو چاڵەڕەشەکانی سەردەمی شاە و دواتریش دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی ئازار وئەشکەنجە بوون و هەندێکیان شەهید بوون کە بەداخەوە هەندێکیان تەنانەت ناویشان دیار نییە.

سەرەڕای بەئەنجامگەیاندنی ئەو هەموو ئەرکە لەو قۆناغە بەڵام هێشتا پێگەی ژنان گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەر نەهاتبوو، و بە ئێستاشەوە هەموو ئەو ژنە قارەمانانە کە تەنانەت هەندێکیان شەهید بوون بە پێشمەرگە دانانرێن و پێناسەی پێشمەرگە لە چوارچێوە فەرمییەکەی ماوەتەوە بۆ کەسێك کە ئەندامی حیزبێکی سیاسی بێت و چەکی لە شان بێت. ئەگەرچی لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ڕێزی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکرات وەك تاقە حیزبی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو سەردەمە، ژنان لە ئاستی سەرەوە دەرناکەون بەڵام هەر لەو کاتەوە ئیتر ژنان پێگەی خۆیان بەهێز دەکەن و ڕۆڵی خۆیان وەکوو ژنانی لێهاتوو و شۆڕشگێر دەردەخەن.

ڕاستە لەو سەردەمە پێشمەرگەی ژن بە شێوەی ڕەسمی نەبووە، بەڵام لێرەدا ئێمە پێویستە هەڵوەستە لە سەر دەستەواژەی (ژنانی پێشمەرگە) بکەین. پێویستە لە جیاتی دەستەواژەی (پێشمەرگەی ژن) چەمکی (ژنانی پێشمەرگە) لە فەرهەنگی کوردیدا بچەسپێندرێت. کاتێك دەوترێ پێشمەرگەی ژن ئەوا ئەوە بە خەیاڵ دێت کە ئەو کەسە بە شێوەیەکی فەرمی و لە ڕێگای پێناسی تایبەتی پێشمەرگەی ئەو ڕێکخراو و حیزبە سیاسییە، کە ئەمەش بێگومان لەبەرچاو نەگرتنی گرینگی و ڕۆڵی ژنانە. لەبەر ئەوەی هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی جووڵانە ڕزگاریخوازەکانی کورد ژنانیش وەك پیاوان بەشدار بوون.

لەگەڵ هاتنی دوکتور قاسملوو بۆ نێو حیزب ئەوە بارودۆخ تا ڕادەیەکی هەستپێکراو بۆ ژنان گۆڕا، لە کۆنگرەی چوارەم بۆ یەکەمجار

لە ڕیزی ڕێبەرایەتیی حیزب ژنانیش دەبینرا. ئیتر بەرەبەرە ژنانیش بە ئاشکرا لەگەڵ پیاوان چەکیان لە شان کرد و بە فەرمی ناوی پێشمەرگەیان لەسەر دانرا. زۆرێك لەو ژنە قارەمانانە بە دڵسۆزییەوە ئەرکی تیمارکردنی بریندارانیان لە ئەستۆ بوو و لە نەخۆشخانە کاتی و گەڕۆکەکانی حیزب خزمەتی پێشمەرگەکان و خەڵکیان دەکرد.

ئەوان بەرەبەرە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان ( کە لە سەردەمی کۆمار بە ناوی یەکیەتی یایان بوو) ڕێك خستەوە و بەرنامە و دیسیپلینیان بۆ داڕشت، یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەگەر ژنانێك ناتوانن بە فەرمی پێشمەرگە بن و چەك لە شان بکەن، ئەوا دەتوانن لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوە خوازیاری ماف و ئازادییەکانیان بن و لەو سەنگەرەوە خەبات بکەن، ئەو دایکانەی کە لە نەبوونی هاوسەرەکانیان ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بوو، هاوکات لە ڕێگای ئەو ڕیکخراوەوە پەیوەست بوون بە خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کوردەوە.

هەروەها ژنانی پێشمەرگە لە کاتی دانانی ڕادیۆی حیزب و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان چالاکانە لە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزب بە باشترین شێوە خزمەتیان دەکرد و ڕۆڵێکی کارا و بەرچاویان لە ڕاگەیاندنی حیزب بوو، هەر وەك لە ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان لە میدیای حیزب کار دەکەن و شوێنپەنجەیان دیارە.

یەکێك لە ئەرکە قورسەکانی ژنانی پێشمەرگە ئەو کاتە بوو کە حیزبی دێموکرات لە کەمپەکانی باشووری کوردستان نیشتەجێ دەبێت، ئەوان بەو بارودۆخە مادی و ئەمنییە سەختە، دوور لە بنەماڵە و کەسوکاریان پاڵپشتی بەهێز بوون بۆ هاوسەرەکانیان و هەموو ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێشت و لە کەمپەکانی حیزب نیشتەجێ بوون و منداڵەکانیان لە سەر ڕەوشت بەرزی و ئازادیخوازیی پەروەردە دەکرد، تەنانەت زۆر جار خودی ئەو ژنانە دەگێڕنەوە کە جلی خۆیان فرۆشتووە یا ئەشیای پێویستی ماڵیان فرۆشتووە بۆ ئەوەی پێداویستی خوێندنی منداڵەکانیان دابین بکەن و لە خوێندن دوا نەکەون.

هەروەها پێویستە ڕۆڵی ژنانی لێهاتووی تاراوگە لە بیر نەکرێت، ئەو ژنانەی کە بە هەر هۆکارێك نەیانتوانیوە بە فەرمی لە ڕێزی حیزب بمێنن و چوونەتە وڵاتانی ئامریکایی و ئورووپایی، ئەوە هەر لەوێش کوردبوونی خۆیان لە بیر نەکردووە و توانیویانە دەنگی حەقبێژی کورد بگەیەننە دونیای دەرەوە، توانیویانە بە هۆی ئاسانتر بەردەستبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی لەقاوی ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەن و ئەو تاوانانە بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بکەن. نموونەی ئەو ژنە پێشمەرگانە زۆرە کە ساڵانە کە کۆڕ و کۆنگرە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنان نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کوردن و بێگومان ئەوەش یەکێکە لە ئەرکە گرینگەکانی پێشمەرگەبوون. ئەگەرچی هێشتا لە ئاستی چاوەڕوانییەکان نییە و ئەوان دەرفەتی باشتریان هەیە و دەکرێت چالاکتر بن.

بێگومان نموونەی قارەمانەتی ژنانی پێشمەرگە زۆرە و بۆ ئەوەی ئەو قارەمانەتی و لەخۆبردوویانە تۆزی فەرامۆشی لەسەری نەنیشێت ئەوا پێویستە چیرۆکی پڕئازار و مەینەتی ژیانی ئەو ژنانە بنووسرێتەوە و نەوە لە دوای نەوە بمێنێ، کە ژنانی کورد چەند قارەمانەنە و بە چ ڕێگایەك بەرگرییان لە نیشتمانی خۆیان کردووە و چەندە ڕۆڵێکی پیرۆزیان گێڕاوە. لەڕاستدا ژنانی شۆڕشگێڕی کورد ڕۆڵی زۆر گرینگیان لە خەباتی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد بووە، ئەی ئەگەر ئەو هەموو ئەرکە پیرۆزەی ژنان هەیانبووە لە جووڵانەوەی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد بە پێشمەرگەبوون ناوزەد نەکرێت ئەوە دەکرێت چۆن پێناسەی پێشمەرگەبوون بکرێت؟ بەداخەوە هێشتا ژنانی کورد ئەو پێگەیەی کە شیاوی ئەو ڕۆڵگێرانەی ئەوان بێت لە خەباتی گەلی کورد پێیان نەدراوە، بۆیە پێویستە پێش هەموو شت واز لە دەستەواژەی (پێشمەرگەی ژن) بهێنرێت و دەستەواژەی (ژنانی پێشمەرگە) بە کار بێت بۆ سەرجەم ئەو ژنانەی کە بە هەر ڕێگایەك بەشدار بوون لە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەی کورد. ژنانی کورد توانایی زیاتریان لەوەی ئێستا هەیە ئەگەر بارودۆخی گونجاو هەبێت و لێهاتووییان لە چوارچێوەی ئەو تواناییەی کە هەیانە ڕێك بخرێت.

## سەرچاوەکان:


١- پیرو، آلن (١٣٦٦) فرهنگ علوم اجتماعی، مترجم باقر ساروخانی، انتشارات کیهان: تهران.

٢- جاجرمی، حسین امامی (١٣٨٦) مروری بر نظریەی نقش در جامعە شناسی، فصلنامە رشد آموزش علوم اجتماعی، دورە دهم، شمارە ٣.

٣- توسلی، غلامعباس (١٣٨٦) نظریەهای جامعەشناسی، انتشارات سمت، تهران.

# شۆڕشی ژینا و کاریگەرییەکانی لە سەر ژنان

ئاکۆ عەلیزادە

**پێشەکی:**

شۆڕش واتە گۆڕانی ڕیشەیی و خێرای ڕێسا، پێکهاتە و کولتوور و سیستەمەکان کە پێشتر لە کۆمەڵگایەکدا هەبوون. لەوانەیە ئەم گۆڕانکارییانە بە هۆکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری، گوشاری ئایینی و هتد ڕوو بدات. شۆڕشەکان بەزۆری پەیوەستن بە شکستی سیستەمی کۆن و دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ، کە بە قۆناغی شۆڕشیش ناو دەبردرێت.

شۆڕشەکان دەتوانن شێوەی جیاوازیان هەبێت، یەکێك لەوانە شۆڕشی ژنانە، واتە ژنانی کۆمەڵگا لە ناوەندی ئەم شۆڕشەدان، دەکرێت بە تەکووزیی ژنان و ئەوەی ئێمە لە ئێراندا چاودێریمان کرد و شۆڕشەکە تەشەنەی کرد، پێك بهێنرێت لەگەڵ نارەزایەتی سەرەتا لە شارە کوردییەکان و پاشان لە سەرتاسەری ئێران و تا ئەو ڕادەیە بڵاو بووەوە کە حکومەت دەستی کرد بە کردەوە چەپەڵەکانی و توندوتیژیی تایبەتی لێ کەوتەوە

**گیانلەدەستدانی ژینا ئەمینی و وەڵامدانەوەی:**

نەشیاویی حکومەتی ئێران بۆ نارەزایەتیی ژنان بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە ئێران بێنە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندان بۆ مافەکانیان بکەن. ئەم نارەزایەتییانە بەردەوام بوون و فراوانتر بوون، دواجار بووە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەی «ژن ، ژیان ، ئازادی»، ئەمەش نارەزایەتیی ژنانی بەرەو پێشهاتی گەورەتر برد. ئەم بزووتنەوەیە پرسی مافەکانی ژنان و یەکسانی جێندەری دوور لە چاوپۆشی لە ئێران و جیهاندا کرد. ئەم ڕووداوە و بزووتنەوەی ژینا لە ئێراندا نیشانی دا کە نارەزایەتی و بزووتنەوە مەدەنییەکان دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر سیاسەتەکانی حکوومەت و کۆمەڵگا هەبێت و ژنان دەتوانن وەك هێزێکی گرنگ لەم بزاڤانەدا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ بگێڕن.

هەروەها ئەم ڕووداوە هۆشیاری و بەهێزکردنی ژنانی زیاتر کردووە و وای کردووە کە زیاتر و کاراتر ئامانجدار بن بۆ گەیشتن بە مافەکانی یەکسانیی جێندەری و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی زیاتر.

**پوختە:**

شۆڕشی ژینا ئەمینی بە دروشمی دەنگدانەوەی «ژن، ژیان ئازادی» کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هۆشیاری سیاسی و ڕۆڵی ژنان لە گۆڕانکارییەکانی نەزمی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئێراندا هەبووە. ئەو هەڵچوونەی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا هێنایە ئاراوە، نەك هەر تەحەدای ڕۆڵی ڕەگەزی نەریتی و پێکهاتە پیاوسالارییەکانی کردووە کە لە مێژە زاڵن بەسەر کۆمەڵگای ئێراندا، بەڵکوو ژنانی بەهێزتر کردووە بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی چالاکتر و بەرچاوتر لە دیمەنی سیاسیدا بگێڕن. لە دڵی بزووتنەوەی ژینادا بانگەوازێك بۆ یەکسانیی زیاتری جێندەری و مافەکانی ژنان و هەروەها ڕەتکردنەوەی پراکتیزە ستەمکارانە و جیاکارییەکانی دەسەڵاتی دەسەڵاتدار هەیە، هەر ئەوەش دەبێتە هۆکار تا پرسی کۆمەڵگایەك کە ژنان لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا هاوبەشی یەکسان بن، بە سیاسەتیشەوە، دەنگی بداتەوە لەلایەن ژنان لە سەرانسەری ئێراندا، کە لە مێژە خەباتیان بۆ ماف و دانپێدانانیان کردووە.

ئەو بزوتنەوەیە بە کۆکردنەوەی ژنان و پێدانی دەنگیان، دەسەڵاتی پێ بەخشیون بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی چالاکتر لە پرۆسەی سیاسیدا بگێڕن. ئەو ژنانەی پێشتر لە سیاسەت دوور خرابوونەوە و دابەزین بۆ پەراوێزی کۆمەڵگا، ئێستا خۆیان ڕێك دەخەن و نارەزایەتی دەردەبڕن و داوای گۆڕانکاری دەکەن. یەکێك لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی ژینا، دروستکردنی فەزایەك بووە بۆ ئەوەی دەنگی ژنان ببیسترێت. ئێستا ژنان بەشداریی مشتومڕە سیاسییەکان دەکەن و ئەمەش ڕەنگدانەوەی گۆڕانی تێڕوانینەکانە بەرامبەر بە یەکسانیی جێندەری و مافەکانی ژنان. ڕۆڵی ژنان لە گۆڕانکارییەکانی نەزمی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئێراندا بەرچاو بووە. ژنان لە پێشەنگی زۆرێك لە نارەزایەتی و بزووتنەوەکان بوون کە بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی زاڵی تۆتالیتر دەکەن کە بە ئایدۆلۆژیایەکی دژە مرۆڤانە و بە نێو ئیسلام خەریکی چەوساندنەوەی ئەوانە، بەڵام سەرەڕای ئەو پێشکەوتنانەی کە بەدەست هاتوون، هێشتا کاری زۆر ماوە. بزووتنەوەی ژینا و خەباتی بەردەوام بۆ مافەکانی ژنان، کە تا ئێستاش وەك پرسێکی گرینگ لە سیاسەت و کۆمەڵگای ئێراندا ماوەتەوە.

## شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»، جگە لەو وروژاندنەی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا دروستی کرد، شۆکێکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی مافی ژنان:

کۆمەڵگای ئێران خۆی لە بەربەستی گۆڕانکارییەکاندا بینیەوە کە تێیدا نەك هەر ژنان وەك پێشەنگی گۆڕانکارییەکان ئامادەبوون، بەڵکوو هەموویان لەسەر یەك شت کۆك بوون، ئەویش نەیاندەویست ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو دووبارە ببنەوە و ئەوە بوو کە گرووپە جیاجیاکانی ژنان، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، دەرکیان بە پێویستیی ڕێکخستنی دەستبەجێ و یەکگرتوو و ئامانجدار لە پێناو دەستەبەرکردنی پێگەی ژنان و خستنەڕوویان لە داهاتووی ئێراندا کرد و لە سەری کاریان کرد. دەرئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە نەنووسراوە ئەوەیە کە ئێستا، زۆرێك لە گرووپەکان لە یەك کاتدا لە نێوخۆ و دەرەوە خۆیان ڕێك دەخەن. هەندێك خۆیان وەك ڕێکخراو و هەندێك وەك حیزب و هەندێکیش وەك لایەنگری بزووتنەوە پێناسە دەکەن و خاڵی هاوبەشی نێوان هەموویان ئەوەیە: ناچینەوە دواوە.

## تەوەر:

یاسای مافەکانی ژنان کۆمەڵێك لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە نەوە جیاوازەکانەوە بە تێڕوانینی جیاوازەوە پڕۆژە یاسای مافەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و داواکارییەکانی ژنان و شوناسی سێکسی و جێندەری ئامادە کردووە. ئەندامانی کۆمەڵەی فێمینیستەکانی ئێران لە پێشخستنی ئەم گەڵاڵەیە و لە چاوپێکەوتن لەگەڵ میدیاکان بە یەکەوە جەختیان لەوە کردووەتەوە، کە ئەم دەقە ڕەشنووسێکی دینامیکی و ڕاستەوخۆیە و توانای گۆڕین و تەواوکردنی هەیە. گرووپی فێمینیستەکان بۆ ژینا لە هەمان کاتدا کە نارەزایەتییەکان لە ئێران دەست پێ کرد، چالاکییەکانی خۆی دەست پێ کرد و فەرمیبوونی خۆی ڕاگەیاند. ئەم گرووپە کۆمەڵێك فێمینیستن کە کۆ بوونەتەوە بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی دەنگی فێمینیستی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» لە دەرەوەی ئێران و بۆ بەهێزکردنی لایەنەکان و هێنانە بەرباس و ناساندنی ئەو پرسە بە وڵاتان و کۆمەڵگای جیهانی .

وەدەرنراوەکانی تری کۆمەڵایەتی ئەگەرچی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی هاوشێوەی ژنیان هەیە و مەسەلەکانیان بە یەکەوە بەستراوەتەوە، بەڵام تا ئەو کاتەی بێفۆرم و نارێکخراو بن، بە شێوەیەکی سەرەکی دەبنە یاری و کەرەستەی هەندێك لە زلهێزەکانی میدیا و دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان و هێزی کۆنەپەرستانە و تەنانەت فاشیزم. هەر لەبەر ئەم هۆکارە ئەرکی گرنگی سەرکردەکانی بزووتنەوەکە چ لایەنی سیاسی و حیزب و چ تاکەکەس بێت، ئەوەیە کە بتوانێت لەمەڕ تەواوی هاوکێشەکانی ئێستای ئێران پلاتفۆڕمێکی دێمۆکراتیك پێك بێنی تا ئەو چینانەی کۆمەڵگای ئێران بە نەتەوە ژێردەستەکانییەوە ڕێك بخرێن و بە یەکدەنگی ئەگەری ڕزگاربوونی خەڵك لەو دۆخە نەگونجاوە زیاتر بکەن.

لە ڕاستیدا هەر شۆڕشێك بە نیوەچڵی وازی لێ بهێنی دەبێتە هۆکار بۆ سەرەڕۆتربوونی دەسەڵاتی زاڵ و بەرەو فاشیزمێکی تەواو عەیاری بەڕێ دەکا و تەواوی هەلەکان و ڕێگەکان بۆ سەرهەڵدان و نارەزایەتی لەلایەن دەوڵەتە کۆلۆنیالیستییەکەوە قۆرغ دەکرێ و بەدەستهێنان و ڕەخسانی هەلی دووبارە بۆ خەڵك تا ساڵانێك زۆر دژوار و ئەستەم دەکات. هێزی دینامیکی ئاڵوگۆڕی مێژوویی لە ئێراندا نامۆ نییە بەو جۆرە بارودۆخانە. شۆڕشی شکستخواردووی ساڵی ١٩٥٧ کە زەمینەی بۆ کاردانەوەی ئیسلامی بۆ هاتنەسەر دەسەڵات خۆش کرد، نموونەیەکی فێرکاری بۆ شۆڕش و ڕووخاندن بەبێ ڕێکخستنی جەماوەرییە و لە ئاکامی شۆڕشی گەلان کە بەبێ هوشیاریی

سیاسی و بەبێ هەبوونی ئاڵترناتیڤێکی شیاو و بە دەنگدانێکی نادیمۆکراییك بووە هۆکار کە ئاڵوگۆڕەکان بە خراپترین شێوە بۆ سیستمی سیاسی و بۆ خەڵك و لەسەرووی هەمووان بۆ ژنان ڕوو بدات .

ئەگەر لە مەسەلەی حیجابی ناچاری تێپەڕین، ستەمی ژنان ناکرێت تەنیا لە پرسی حیجابدا کورت بکرێتەوە. سەرکوتکردن و سەلماندنی مافی ژنان و هێنانیان بۆ هەژاری و سەختی و جێبەجێکردنی ستەمی جێندەری چینایەتی بەسەریاندا، کە ڕەگ و ڕیشەی لە پەیوەندییە نایەکسانەکانی سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە، بەدڵنیاییەوە لەژێر یاسا ڕیفۆرمخوازەکاندا چارەسەر نابێت. جگە لە هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئاپارتاید، ژنانی کرێکاریش بەدەست دوو چەوسانەوە دەناڵێنن و بە لابردنی حیجابی ناچاری ئازاد نابن. سەرکوتکردنی توندی ژنان ڕێگەی بە سیستەمی پارێزگا و سەرمایەداری لە ئێران داوە کە هێزی کاری دەستی و هەرزان و نەرمونیان و بەبێ هیچ سنوورێك بقۆزێتەوە و ئاسانکاری بۆ کەڵەکەبوونی سەرمایە بکات. ژنانی کرێکار لە بازاڕی کاردا لە مافی یەکسان بێبەش دەکرێن، لەوانە پشکی یەکسانیی ژنان لە دامەزراندن، یەکسانیی مووچە، هەڵبژاردنی کار، بیمە، مۆڵەت، ئازادیی لە کارەکانی ماڵەوە، چاودێریی منداڵ، چێشتلێنان، پەرستاری و هتد. ژنانی کرێکار، لە کاتێکدا پاڵیان پێ دەنرێت بۆ کاری پەراوێزیی و کاتی و پچڕپچڕ، لە وۆرك شۆپەکاندا کار دەکەن کە یاسای کار نایانگرێتەوە، ناچار دەبن بە گرێبەستی کاتی، لە بیمەی بێکاری بێبەش دەبن، لەگەڵ بلاوبوونەوەی کۆمپانیا بەڵێندەرەکان و بەردەوامبوونی بەتایبەتکردنی، هەمیشە تووشی دەرکردن دەبن. بەم شێوەیە ژنان باجێکی زۆر دەدەن بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری لەژێر پەیوەندییە سەرمایەدارییەکاندا.

١ـ هەڵوەشاندنەوەی حیجابی ناچاری
٢ـ یەکسانیی یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی
٣ـ ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ گەشەی تاك و خۆشگوزەرانی بۆ ژنانی کرێکار و ستەملێکرا و
٤ـ ئازادیی تاك و کۆمەڵایەتی
٥ـ مافی دیموکراسی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراو، نارەزایەتی، گردبوونەوە، دانیشتن
٦ـ کۆتاییهێنان بە جیاکاری و سنووردارکردنی جێندەری لە کۆمەڵگادا
٧ـ بژێوی ژیان و کەرامەت و پەروەردە و تەندروستی بۆ هەموو ژنان

بەشێکن لەو ئاڵوگۆڕانەی کە دەبێ ژنان لەسەری پێداگر بن و بەمافی خۆیانی بزانن. ئەوەی ناسنامەی بە شۆڕشی ژینا بەخشیوە و وای کردووە لە سنوورە جوغرافییەکان تێپەڕێت، فۆرم و سروشتی ئەم شۆڕشەیە. شۆڕش لەسەر بنەما و بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و دوور لە هەر دروشمێکی سۆزداری دامەزراوە. «ژن، ژیان، ئازادی»، «کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان»، «کورد، بەلووچ، ئازەری، ئازادی، یەکسانی»، دروشمگەلێك کە دیدگای سیاسی باڵای نەتەوەی کورد پیشان دەدەن و ڕێگایەکی ڕوونیان بۆ شۆڕشی ژینا دیاری کردووە ، ڕێگایەك بەرەو دیموکراسی و ژیانی هەموو جەماوەری خەڵك پێکەوە بەبێ گوێدان بە زمان و نەتەوە و لەسەر بنەمای پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەیە. جگە لەوەش بوونی ژنانی کورد وەك ڕێنیشاندەرانی شۆڕشی ژینا نیشانەی پێگەی ژنانە لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێستا سەنگی خەڵکی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا زۆر بەرچاوە و سیاسەتمەدارانی ئەوروپایی و ئامریکا بەباشی ئاگاداری ئەم بابەتەن.

### ژنانی کورد :

کاتێك وشەی ژن و کورد لەپاڵ یەك دێت چەن شت بە مێشکی هەر تاکێکدا تێدەپەڕێ یاوەکوو ئەوەی کە چەند جار لە تەواوی ژیاندا ئەو تاکە دەچەوسێتەوە، کوردبوون خۆی بە هۆی زاڵبوونی سیستمی تۆتالیتری ئێران و بە هۆی ئەو ویژمان و ئایدۆلۆژیا نامرۆڤانەی کە لەمەڕ کورد وەك نەتەوەیەك لە ئێراندا زەختی لەسەر دەکا و ژنبوون وەك زایەنی دووهەم و کەسێك کە کەمترین بایەخی بۆ دادەندرێ و لە تەواوی چێژەکانی ژیان بێبەری دەکرێ و هیچ خۆشبژیوی و مافێکی بۆ ڕەچاو نەکراوە. خاڵی دووهەم ئەوەیە کە ژنانی کورد هەموو کات وێڕای پیاوان لە جەرگەی شۆڕشەکاندا بوونە و زۆر جار تەنانەت شۆڕشێکیان داگیرساندووە و بە فکرییەت و بە ئاستێك لە تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەیشتوون کە بەباشی توانیان لە ماوەی شۆڕشی ژینادا ببنە ڕێبەری ژنانی ئێران و وانەکانی ئازادی و ئازایەتیان هێنایە سەر شەقامەکان و سەر میدیا جیهانییەکان، هەر بۆیەش لقوپۆکردنی ئەوە توخمە پتەوە لە زۆر داستاندا بۆتە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی ڕژێم بۆ سەرکوتی هاواری پەنگخواردووی ژنان. ئاماژەکردن بە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە داهاتووی ئێرانیشدا خاڵێکی گرنگە کە لە وتاردانی زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی بیانیدا دەبینرێت. بۆ نموونە لە پلانی هەندێ لایەنی ئاڵمانی لە پەرلەمانی ئەم وڵاتەدا بەڕوونی

باس لەوە کراوە کە پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بهتایبەتی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەبێ لەلایەن حکوومەتی ئاڵمانەوە بەرچاو بگیرێت. ئەم سەرنجە دەتوانێ زۆر کاریگەر بێت بۆ چارەسەریی کێشەی کورد لە ئێراندا. ئاشکرایە کە سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و بەدیهێنانی داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بەندە بە پاراستنی ئەو تایبەتمەندییە ناوازانەی ڕۆژهەڵاتەوە، شتێك کە کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی نیگەرانیدایە و هەوڵی پەککستنیان دەدات. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ پەککستنی شۆڕشی ژینا، هەروەها هەندێك قورکێشانی هەندێك لە سیاسەتمەدارە کۆنەکان و بیرتەسکەکان، خەڵکی کوردستان بە جەختکردنەوە لەسەر شوناسی نەتەوەیی خۆیان بە ئاراستەیەکی ڕاستدا ڕۆیشتن، بەڵام دوور لە هەر کەشێکی سۆزداری ئەوان لەسەر ڕێگاکە بەردەوام بوون و لایان نەدا.

ئەم تایبەتمەندییە ناوازانە و ڕێنیشاندەریی خەڵکی کوردستان و ئامادەبوونی هۆشیارانە و ئامانجدارانەیان لە شۆڕشی ژینادا، وای کرد خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران کە ساڵانێك لەژێر دروشمی دوو دەسەڵاتی دیکتاتۆردا وێنەیەکی ناواقیعییان لە کورد هەبوو، زۆر باشتر واقیعی ئازادیی خەڵکی کوردستان بزانن و ئەم وێنایە لە دروشمە جۆراوجۆرەکانی ئەم ماوەیە بەباشی بۆ ئەو خەڵکانە دەرکەوت، ئێستا «پەرتەوازەیی» و هەوڵدان بۆ چاندنی ئەو عەقڵیەتە بۆ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران هەوڵێکی بێهودە و بێئەنجامە و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو کەس باشتر دەزانن کە قسەکانیان هیچ کڕیارێکی نییە. خاڵێکی تر دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ گوتاری بنیاتنەری خەڵکی کوردستان بۆ زۆرێك لە وڵاتانی جیهان ئەوەیە کە ئێستا هەموو جیهان بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» شۆڕشی ژینا دەناسن. دروشمێك کە چەندین جار بە زمانی کوردی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و بینا بەناوبانگەکاندا نووسراوە. کوردستان و شارەکانی چەندین جار توانیویانە بگەنە لووتکەی هەواڵەکانی جیهان و بەناوبانگترین سیاسەتمەدارانی جیهان بیر وڕای خۆیان لەمەڕ دەربڕیوە، بۆیە ئەم سەرنجە دەتوانێ زۆر کاریگەر بێت بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێراندا.

## دەرئەنجام :

بەو پێیە کە ژن نیوی کۆمەکگایە و ئەوە ژنانن کە ئەرکی پەروەردەی جیلی نوێیان زیاتر لە پیاوان لەسەر شانە و تا ئەوان لە ئاستەنگە فکری و سیاسی و زایەنییەکان نەتوانن خۆیان دەرباز کەن ئازادی واقیعی ناتوانێ ڕوو بکاتە ئەو کۆمەڵگایە. بە هاتنەپێشی هەلێك بۆ ڕزگاریی لە دەست ستەمی سیتمی زاڵ، ژنان توانیان ڕواڵەتێکی نوێ لە ژن نیشانی تەواوی کۆمەڵگای جیهانی بدەن و ئەوە بسەلمێنن کە نەتەنیا ناکارامە و لاواز نین بەڵکوو دەتوانن ببن بە لیدێر و پاڵپشتی کۆمەڵگایەك لەو بزووتنەوەیەدا.

زۆر شت لە ژیانی ژنانی ئێران و ژنی کورد بەتایبەتی هاتە پێش، ئەویش تێکەڵبوونی ژنان زۆر زیاتر لە جاران بە شۆڕش و چاوکراوەبوونیان لەمەڕ هاوکێشە نەتەوەیی و ئاینییەکان و ڕزگاربوونیان لە دەست کۆمەڵگای نەریتی و پیاوسالار کە زۆر شتی لە لا تابۆیە، بووە هەندێك لەو پرسە باوانەن.

ئەوەی جێگای بایەخە ئەوەیەکە ژنانی «ڕووناکبیر»، «هوونەرمەند» و «خوێندکار» دەبێ ئەو قورساییە بخەنە سەرشانیان و ئەرکی تێگەیاندن و پێگەیاندنی ئەو ژنانە وە ئەستۆ وەرگرن کە بە هۆی چەقبەستوویی ئەو سیستمە تا ئێستا ڕێگایان بۆ خۆنیشاندان و هەناسەکێشانیان نەهێشتۆتەوە، هەتا ڕزگاری دەستەبەر دەبێت.

## سەرچاوەکان:

١- کوردستان میدیا
٢- ڕادیۆ زەمانە

## بزووتنەوەی ژینا بەرەو کوێ؟

ئاسۆ مینا

بە دامرکانەوەی کاتیی ڕاپەڕینی جەماوەریی لە ئێران، لە ئێستادا بزووتنەوەی «ژینا» تووشی نشستێکی بەڕواڵەت بووە و ئاپۆرای جەماوەری وەزاڵەهاتوو لەسەر شەقامی شارەکان وەکوو سەرەتا لە ئارادا نییە. ڕاوەستانی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و دامرکانەوەی کۆمەڵێک هۆکاری تایبەتی لە پشتە. لە سەرەتادا ئەو هاوئاهەنگییەی کە دەبوو لەنێو نەتەوەکان بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕشەکە هەبێ نەبوو، فەزای لاوازی سیاسی فارسەکان بەتایبەت لە دەرەوە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا لە خۆی دروست بکات و هەر بۆیە لە شۆڕشی ژینادا فارسەکان و خەڵکی شارەکانی ناوەند بێ باب مابوونەوە و لایەنێکی جێگای باوەڕ نەبوو خەت و مێتۆدێک بە خەڵک نیشان بدا یا هەبوو بەڵام ئەوەندە بڕەوی نەبوو کە ڕاگەیەندراو بدات و خەڵک وەڵامی بدەنەوە. دیارە پرسەکە لە شوێنەکانی دیکە وەکوو کوردستان و بەلووچستان بە شێوەیەکی دیکە بوو و بە بوونی ئەحزاب وەکوو مەرجەع لە کوردستان و «مەولەوی عەبدولحەمید» لە بەلووچستان، شۆڕشەکە مودیرییەت دەکرا. لە کوردستان خەڵک خەریک بوون ناوەندە گرینگە سیاسی و ئیدارییەکانی ڕێژیم بگرن و هەموو ڕۆژێ شەهید و بریندار هەبوو بەڵام لە شارەکانی ناوەند شتێکی وا دیار و بەرچاو لە گۆڕێدا نەبوو و دواتر لە شەقامەوە بۆ دروشمدان لەسەر پەنجەرەی ماڵەکانەوە پاشەکشەی پێکرا و ئەوەش خەلەلی بۆ درێژەکێشانی زیاتری شۆڕشەکە دروست کرد و کوردەکان و بەلووچەکان تا ڕادەیەک لە درێژەدانی شۆڕشەکە ڕاوەستان چونکە وا دیار بوو تەنیا قوربانیدانیان بۆ مابووەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە دنیای دەرەوە و وڵاتانی ڕۆژاوایی بەو شێوەیە کە دەبوو پشتیوانیی لەو شۆڕشە بکەن نەیانکرد تەنیا و تەنیا بە ڕواڵەت لەگەڵ بوون و دواتر کە زانیان شۆڕشەکە تۆزێک بەرەو پاش چۆتەوە، ئەوانیش لە هەڵوێست و قسەی پێشووی خۆیان پاشگەز بوونەوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ئەوان قەناعەتیان بەوە نەهێناوە کە ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕوا.

قۆناخی دووەمی شۆڕشەکە بە دوای ئەوەدا هات کە هەندێک هاوپەیمانیی و ئێتلاف لە دەرەوەی وڵات دروست بوون. ئەوەی زیاتر لە هەموویان بەرچاو بوو، هاوپەیمانییەک بوو کە ڕەزا پەهلەوی و چەند کەسێکی دیکە پێکیان هێنابوو و مەنشوورێکیان بە نێوی ‹مەنشووری مەهسا» بۆ داڕشتبوو. ئەو هاوپەیمانییە لە سەرەتادا ٨ کەس دروستیان کرد بەڵام دواتر وردە وردە تاک تاکی لێ هەڵوەرین و بووەوە بە ٦ کەس و لە ئێستادا کەسێکی دیکەشیان لەو مەنشوورە هاتووەتە دەر. ڕۆژی هەینی ای بانەمەڕی ١٤٠٢ای هەتاوی «حامید ئیسماعیلیوون» لە ئەندامانی ئەو هاوپەیمانییە ڕایگەیاند کە بەهۆی زاڵبوونی فەزای نادێموکراتیک بەسەر هاوپەیمانیدا دەست لەکار دەکێشێتەوە. هەر بە دوای دروستبوونی ئەو هاوپەیمانییە، ڕەخنەی جۆراوجۆری کەوتە سەر و تا ڕادەیەکی زۆر هێز و وزەیەکی بەرچاو کە دەبوو سەرفی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم بکرێ، بەو مەنشوورەوە خەریک کرا.

هەروەها ئەو مەنشوورە سەرنجی هێزە سیاسییە کوردەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و لەو

نێوانەدا «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران» و شەخسی کاک «عەبدوڵڵای مۆهتەدی» پەیوەستی ئەو هاوپەیمانییە بوون و مەنشووری مەهسایان مۆر کرد. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دروستبوونی هاوپەیمانیی و نووسرانی مەنشوور، هەر چەشنە هاوپەیوەندیی و هاوکارییەکی لەگەڵ ئەو تاقمە و بەتایبەت شاپەرستەکان ڕەت کردەوە و کاك «مستەفای هیجری» بە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هیچ هاوکارییەکی ڕەزا پەهلەوی ناکا، مێتۆدی سەڵتەنەتتەڵەبی ڕەت کردەوە و شکۆی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕەوای گەلی ڕۆژهەلات گەڕاندەوە و هەروەها حیزبی دێموکرات ئەو هاوپەیمانییەی بە لێکۆبوونەوەی چەند سێلێبریتی سەر تۆڕە کۆمەلایەتییەکان لە قەڵەمدا و ڕایگەیاند کە کاری سیاسی کاری ئەو کۆمەڵە کەسە نییە و ڕێگای تایبەتیشی نیشانی ڕەزا پەهلەوی دا کە وەکوو جەریانێکی سیاسی و فەععال پێویست دەکا دەست بداتە دروستکردنی حیزب و سازمانی سیاسی. کۆمەڵە کاتێك چووە نێو مەنشووری مەهساوە کە لە ناوەندی هاوکاریدا لەگەڵ حیزبی دێموکرات هاوپەیمان و هاوکار بوون بەلام بە خۆشییەوە ئەو بڕیارەی کۆمەڵە نەیتوانی درز بخاتە نێوماڵی کورد و حیزبی دێموکرات، کۆمەڵەی لە هەڵبژاردن و واریدبوون بە هەر هاوپەیمانییەك ئازاد هێشتەوە و مودارای لەگەڵ ئەو بڕیارە کرد و خۆشی کە گومانی ئەوەی لێدەکرا کە لەگەڵ «موجاهدین» دەکەوێتە هاوپەیمانییەوە ڕاست دەرنەچوو و حیزب بە هەڵسەنگاندنی تەواوەوە ئەوەشی نەکرد و نایکا.

ـ هەنگاوێك بەرەو پێشەوە

دیارە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کۆمەڵێك مەنشوور لەلایەن کۆمەڵێك کەس و دامەزراوە و ڕێکخرای سیاسی لە دەرەوە بڵاو بوونەوە وەکوو:

ـ بەیاننامەی ٥ ڕێکخراوی کۆماری خوازی سێکۆلار دێموکرات، «رهبری جمعی و متکثر»

ـ پرۆژەیاسای حقووقیی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ژێر ناوی «همبود فمنیستی ایران برای ژن ژیان ئازادی»

ـ مەنشووری ٢٣ مادەیی «فراگیر حقوقی دانشگاهیان برای انقلاب ژن ژیان ئازادی»

ـ مەنشووری ١٢ مادەیی ٢٠ دامەزراوەی سێنفیی سەربەخۆ لەژێر ناوی «برنامەی حداقلی انقلاب اجتماعی»

ـ مەنشووری ١٠ مادەیی سازمانی موجاهدینی خەلق

بڵاوبوونەوەی ئەو مەنشوورانە خۆی لە خۆیدا تەرحێکی تازەیە لە بەرەوپیرچوون و کار بۆ شۆڕش و ڕێکخستنی خەڵك لە نێوخۆ بەلام ناڕوونی و خەلەل لە بەند بە بەندی ئەو مەنشوورانە بەتایبەت مەنشووری «مەهسا» سەری لە ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە شێواندووە و هێزێکی زۆر بە ڕاستکردنەوە ئەو خوارییانە سەرف کراوە.

لە ئێستادا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کار بۆ ڕاگرتنی مەشرووعییەتی خۆی دەکا و هەرچەند هێشتا نەڕووخاوە بەلام خەڵك لەو نیزامە گوزاریان کردووە و ئامادەیی و هێزی ڕووخانی ڕێژیمیان هەیە بەلام نە پشتیوانییەکی دەرەکیی بۆ ئەو شۆڕشە دروست بووە و نە ڕێبەرییەکی کارامە هەیە کە خەڵك پشتی پێ ببەستێ. شۆڕش لە کوردستان ڕێکوپێکتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بەڕێوە دەچێت و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕێبەرییە کە ئەحزاب دەوری سەرەکیی تێدا دەگێڕن، بەهێزتر و کارامەتر دەبێت بەلام نەتەوەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت فارسەکان لەبەر نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگرتوو و نەبوونی بەرنامە و گەلاڵەی تایبەت خەلەلیان خستووەتە سەر ڕێگای شۆڕشەکە و تا بارودۆخەکە بەو شێوەیە بێ و هێزی سیاسی نەتەوەکان هەموو لە دەوری یەك کۆ نەبنەوە و خەڵك وێکڕا بۆ ڕووخانی ڕێژیم هان نەدرێن، پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیم هەر زیاتر وەدوا دەکەوێ.

## سەرچاوەکان:

١- گۆڤاری تیشك

٢- ڕۆژنامەی کوردستان

# کورد نەتەوەیەکی نەسرەوتوو

عادڵ درەخشانی

ئێران وڵاتێکی قەیراناوییە کە لە ناوچەیەکی قەیراناوی گەورەتردا بە ناوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەڵکەوتووە، ناوچەیەك بەو هەموو کێشە و گرفت و قەیرانە جۆراوجۆرانەوە وێدەچێ نەفرەتی لێ کرابێ. وەك لە مێژووی نزیك و دووردا دیارە حوکم نییە خەڵکانێك کە ڕۆژێك لە چوارچێوەی سنوورێکی دیاریکراودا کۆ بووبێتنەوە، سەدلەسەد ڕووی بەختەوەری بەخۆوە ببینن.

لە ڕابردوودا سنوورەکان زوو بە زوو گۆڕانیان بەسەردا دەهات و وڵاتێك بە سنووری دیاریکراو بوونی نەبوو و ناوچەکان لە ڕێگای شەڕەوە دەکەوتنە دەستی سپا و هێزە هێرشکەرکان و زۆربەی کاتەکانیش ئەو ناوچانە وەکوو کاڵا لە دەستی دەسەڵاتدارەکاندا دەستاودەست و مامەڵەیان پێ دەکرا، بەڵام وڵاتێك کە ئێمە ئێستا باسی دەکەین لەگەڵ ئەوەی هەموو نیشانەکانی بە نەتەوەییبوونی تێدا بەدی دەکرێت، سەدان ساڵە کە دەسەڵاتێکی ڕەوا و خەڵکیی بە خۆیەوە نەدیتووە. نە ئیمپراتۆرییەکان کارێکیان بۆ کورد کرد نە سناریۆی داگیرکەران. پڕایی لە سیاسەتی نێونەتەوەییش ئەوەندە زۆرە کە شوێنێکی بۆ کورد نەهێشتووەتەوە، سەرکردەکانی کوردیش بە بیرکردنەوەی جیاواز لە نەتەوەیی، ئایینی هەتا سێکۆلار و مارکسیستی و ناسیۆنالیستی لە شوێنە جیاجیاکانی ئەو جوغرافیا پان و بەرینە سەریان هەڵداوە.

خەبات و سەرهەڵدانی کوردەکان لە هەر چوار بەشی کوردستان(تورکیە، سووریە، ئێران و عێراق) بە شێوەیەك لە شێوەکان بووەتە بەشێك لە ژیانیان. بەشێوەیەك کە ئەو خەبات و سەرهەڵدانە بۆ ئەوان بووەتە دروشمی «بەرخۆدان ژیانە» (زندگی مبارزه است).

لەو نووسینەدا باس لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەربەخۆییخوازی کورد لە ئێراندا دەکرێت.

تا ئێستا وتارگەلێکی زۆر لەسەر پرسی سەربەخۆییخوازی کورد لە ئێراندا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام هیچکات ئاماژەی ورد بە ڕاستی پرسەکە نەکراوە بەڵکوو تەنیا هەوڵ دراوە کە خواستی کورد لە چوارچێوەی هەندێك کێشە وەکوو نەبوونی گەشەی ئابووری، ئابووری ناهاوسەنگ و کەڵکوەرگرتن لە هەندێك بەڕێوەبەری کورد لە سیستەمی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی ئێراندا بچووك بکرێتەوە، لە درێژەی وتارەکەدا زیاتر ڕاستیی بابەتەکە ئاماژەی دەکرێت.

لە ئێراندا هاوکات لەگەڵ بەدەسەڵات گەیشتنی ڕەزاشا و پێکهێنانی ڕێژیمێك لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی پالەویدا، لە نێوخۆی ئەو سنوورانەی کە پەیماننامەی «سایکس پیکۆ» وڵاتێکی ساختەی بە ناوی ئێران خولقاندبوو، چەندین سەردار و سەرکردە سەریان هەڵدا. سەرهەڵدانی ئەو سەردار و سەرکردانە هەر کام بەپێی بوونی پێشینەی مێژوویی، زمانی، فەرهەنگ و دابونەریتی هاوبەش، خواستی دامەزرانی دەسەڵاتی نەتەوەیی سەربەخۆ و دەوڵەت ـ میللەتیان ( nation state)یان هەبوو.

سەرکردەگەلێکی وەکوو «دۆست محەممەدخان»، «جومعەخان ئیسماعیل زێهی» لە بەلووچستان، میرزا کووچك خانی جەنگەڵی، (قیام جنگل) لە گیلان، «شێخ

خەزعەل» لە خووزستان، ئیسماعیل‌ئاغای سمکۆ لە کوردستان لە سەردەمی ڕەزاخان سەریان هەڵدا، هەروەها چەندین جووڵانەوەی دیکە کە ڕەزاشای پالەوی لەگەڵیان لە کێشەدا بوو. هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی ڕەزاشا بۆ ئاسێمیلاسیۆن و یەکپارچەکردنی دەسەلات و کۆمەڵگا، سمایل‌ئاغای سمکۆش هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بۆ کورد لە کوردستان دا.

دەتوانین بڵێین کە گەورەترین میراتی «سمکۆ» بۆ نەتەوەکەی «هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس» بوو. میراتێك کە دواتر کەوتە دەستی «قازی محەممەد» یەکەم سەرکۆماری کوردستان. لە ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ی زایینی «قازی محەممەد» کۆماری کورستانی دامەزراند و لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی لە تاران دژایەتی کرا. دواتر کۆماری کوردستان بەهۆی دژایەتی بریتانیا و نەبوونی پشتیوانی لەلایەن زلهێزەکان و نەبوونی یەکیەتیی نێوخۆیی لە کوردستان، کۆتایی پێ هات.

بەڵام شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران چ دەسکەوتێکی بۆ گەلی ستەملێکراوی کورد هەبوو؟

ڕۆژی ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی، زۆرینەی خەڵکی ئێران چاوەڕێی هاتنەوەی کەسێك بوون کە گوایە بە ناوی ڕزگاریدەر ناویان دەهێنا. بەو شێوەیەی کە دیار بوو «خومەینی» کەسێکی جێگای متمانە و گونجاو بۆ ڕێبەرایەتی شۆڕش دەهاتە بەرچاو. ئەو کەسێك بوو کە پێش ئەوەی بێتەوە نێو ئێران، هەزاران پۆستێری ئەو لە دەستی خەڵکدا بوو. خومەینی هەر لە سەرەتاوە پەیامێکی بە دەمەوە بوو و دووپاتی دەکردەوە کە «هەر کەس لەگەڵ ئێمە نەبێت، لە دژی ئێمەیە» و ئەوەش هێمای لەنێوبردن و وەلانانی جیابیران و ڕەخنەگرانی کۆماری ئیسلامی بوو. پەیامێك کە دواتر مەرگەساتی بۆ هەزاران مرۆڤی ئازادیخواز و جیابیر لە ئێراندا دروست کرد.

لە پێش هەمووانda لە ئێران، کورد کەوتە بەر تیری غەزەبی خومەینی و ڕژیمەکەی. دوای ئەوەی کە خواستی خودموختاری کورد لە ڕژیمی تازە بەدەسەلات گەیشتوو ڕەت کرایەوە، کوردستان لە ڕیفراندۆمی ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨دا بەشداری نەکرد و ئەو ڕیفراندۆمەی بایکۆت کرد و ئەو بەشدارینەکردنە خاڵێکی وەرچەرخان بوو بۆ کورد لەو سەردەمەدا و بەو هۆیەوە کوردستان کەوتە بەر تیری ڕق و تووڕەیی خومەینی و فتوای جیهادی بۆ کوردستان لێ کەوتەوە و کوردستان لەگەڵ شەڕێکی خوێناوی بەرەوڕوو بووەوە. زیاتر لە چل ساڵ بەسەر ئەوەدا تێدەپەڕێ و دژایەتی کورد لەلایەن دەوڵەتی ناوەندی لە تاران نەك کەمی نەکردووە بەڵکوو زیاتر بووە و لایەنی جۆراجۆری بە خۆوە گرتووە.

مەبەست لەو کورتە نووسینە لەسەر پێش و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ زانینی باشتری دۆخی ئێستای کورد و ڕوانگەی ڕژیمی ئێران وەکوو ڕژیمیکی دیکتاتۆر و دەسەلاتخواز سەبارەت بە کورد لە کوردستانی ئێراندایە.

«ڕوانگەی ڕژێم لە کوردستان»

لەگەڵ بوونی جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی لە ئێراندا، کۆبوونەوەی دەسەلاتی سیاسی و ئابووری لە ناوەند دەتواندرێ لەلایەنی جۆراوجۆرەوە تاوتوێ بکرێ:

«لەرزۆکی و جووڵەی پێتەختەکان»

لە حکوومەتە ناوەندگەراکان، تەواوی ئەرکانی دەسەلات لە ناوەند کۆ دەبێتەوە و ناوچەکانی پەراوێزی وڵات کەمترین بەشدارییان لە داڕشتنی سیاسەتی وڵاتدا دەبێت. لە پەیوەندی بە ناوچەکانی ناوەند و پەراوێزی ئێران، دەتوانین لە دوو دەستەواژەی لەرزۆکی و جووڵە کەڵك وەربگرین.

ئەو دەستەواژەیە دەتوانین لە پەیوەندی بە شێوەی بەڕێوەبەری و ڕەفتاری ناوەند لەگەڵ ناوچەکانی پەراوێز بەکار بەرین.

ناوچەکانی زاگرۆس لە کوردستان، پارێزگای سیستان و بەلووچستان، خووزستان، تورکستان و سەرووی ئێران بە ناوچەکانی پەراوێزی ئێران هەژمار دەکرێن.

ناوەند بە «مەکەندیگی» (هەڵمژین) خۆی بەرهەمی فرۆشی نەوت، گاز، کانگا، ترانزیتی کاڵا و گومرگ لە ناوچە پەراوێزەکان ودەست دێنێ، بەڵام بە «تەپەندگی» (کاوەخۆیی) خۆی وێرای دابینکردنی مووچەی مانگانەی کارمەندان، مووچەخۆران و ناوەند و ئیدارە و ئۆرگانە حکوومەتییەکان، کۆمەڵگا بەرەو خۆی ڕادەکێشێ. هەر بۆیە هەوڵ دەدات سیاسەتە فەرهەنگی، ئایینی و ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی لە ناوچە پەراوێزەکان سەقامگیر بکات. ڕژیم لەو ناوچانە بە بەڕێوەبردنی سیاسەتی مەزهەبی و فەرهەنگی هەوڵی یەکپارچەکردنی فەرهەنگی و مەزهەبی داوە.

سیستێمی پەروەردە و ئیداری و سیاسەتی ڕاگەیاندنی ڕژیمی ئێران دەرخەری بەڕێوەچوونی پرۆژەی ئاسێمیلاسیۆنی فەرهەنگی لەلایەن ئەو ڕژیمەوەیە. بەپێی سیستێمی پەروەردەی ڕژێم پرۆسەی فێرکاری لەلایەن فێرخوازانی

کەم تەمەنەوە تەنیا یەک ڕێگای هەیە ئەویش فێربوونی زمانی فارسییە کە زمانی دەسەڵات و نەتەوەی سەردەست واتە فارسە و زمانی ناوچەکانی پەراوێزی ئێران نییە. پەروەردە لە ئێراندا لەسەر بناغەی ئیدئۆلۆژی شیعەی دوازدە ئیمامی داڕێژراوە و بە شێوەی سیستماتیک لەلایەن سیستمی پەروەردەی ڕژیمەوە بەڕێوە دەچێت. دروستکردنی ڕوخسارگەلێکی حەماسی لە کەسانێک وەکوو «قاسم سلێمانی» و «مستەفا چەمران» لە مێشکی نەوەی نوێدا یەکێک لە سیاسەتە دواکەوتووەکانی ئەو سێستێمەیە. کەسانێک کە سەرچاوەی توند و تیژی و ئاژاوە لە ناوچە بوون و لەو ڕێگایەدا گیانی هەزاران کەسیان خستە بەردەم مەرگەوە. لەلایەکی دیکەوە، کارنامەی ئابووریی و گەشەی نابار لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران نیشان لە دیاریکردنی بوودجەی تایبەت بۆ ناوچە جیاوازەکان بە شێوەی خۆیی و ناخۆیی (خود و غیرخودی) و بە لەبەرچاوگرتنی باری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ناوچەکان بەڕێوە چووە. ئەو پرۆسەیە لە کاتی بەڕێوەچوونی مۆدێرنیزاسیۆن و تێپەڕاندنی ڕەوتی گەشە لە ئێران بە شێوەی ناهاوسەنگ سەری گرتووە و بووەتە هۆی پەراوێزخستنی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە داوای «دیاریکردنی مافی چارەنووس»ی خۆیان دەکەن.

مەولەوی مێحوەری ڕێژیم لە ناوچەکانی پەراوێز

لە قامووسی سیاسی تەریقەتی ئیسماعیلییەدا، «حەسەن سەباح» ڕێبەری کاریزماتیکی ئەو تەریقەتە بۆ زیاتر پەرەگرتنی بیری ئەو تەریقەتە، کۆمەڵێک کەسی بلیمەت و بە ئەزموونی لە شار و ناوەندە پڕ حەشیمەتەکان جێگیر کردووە و ئەوانی بۆ کاری پێویست ڕاسپاردووە. ئەو کەسانەیان بە «داعی» یا «دەعوەتگەر»واتە کەسانێک کە خەڵک بەرەو بیر و هزرێکی تایبەت ڕادەکێشن، ناو لێ دەبرد کە ئیختیاری تەواویان لەلایەن ڕێبەری تەریقەتەوە پێ درابوو و ئەو داعییانە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی بیر و هزری دەروونی لەنێو خەڵکدا گێڕاوە. ئەو بابەتە گشتگیری و کۆنترۆڵی زیاتری بە حکوومەتی ئیسماعیلییە بەخشیوە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئێراندا کە کەسە بلیمەت و دیارەکانی کۆمەڵگە وەکوو ڕوخساری دژی دەسەڵات سەیر دەکرێن، لە نێو خەڵکدا خۆشەویستن و لە چارەسەریی کێشەی عەشیرەیی، مەزهەبی و کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆمەڵگە و حکوومەت ڕۆڵی تایبەت بگێڕن. مۆرە ئایینییە حکوومەتییەکان لە سیستان و بەلووچستان تا کوردستان و ئەهواز و تورکستان بوونیان هەیە و ڕۆڵێکی تایبەت لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵکدا دەگێڕن و وەکوو بەربەست لەبەر دەم جووڵانەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش چاو لێ دەکرێن، لە لایەکی دیکەوە هەمیشە کۆمەڵێک ڕوخساری دیار هەڵدەکەون کە لەنێو خەڵکدا خاوەنی ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتن، کە توانایی و بوێری وەستانەوە لە بەرامبەر نادادپەروەرییەکانیان هەیە.

«مەلالە یوسف زەی» خوێندکاری پاکستانی کە بەهۆی ڕەخنە لە گرووپی توندڕەوی تاڵیبان، لەلایەن ئەو گرووپەوە هەوڵی تێرۆرکردنی درا و دواتر هەوڵەکە سەر نەکەوت، ئەو ڕووداوە بووە هۆی ئەوەی کە ناوبراو ناوبانگی جیهانی دەربکات. ئەو کچە خوێندکارە زۆر زوو کەوتە بەر سەرنجی حکوومەتی ئینگلستان و بۆ خوێندن ڕووی لەو وڵاتە کرد و بێگومان لە داهاتوودا ڕۆڵێکی گرینگ لە پرۆسەی سیاسی پاکستاندا دەگێڕێ. پاکستان، کە وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمییە، وەکوو ناوەندی سەرهەڵدانی بیرۆکەی ڕادیکالیزمی ئیسلامی و گەشەی گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان چاوی لێ دەکرێت. ئەو وڵاتە تا ئێستا چەندین جار کەوتووەتە بەر هێرشی ئامریکا و وڵاتانی هاوپەیمانی ئەو بەڵام سەرەڕای ئەوەش جبەخانەی ئەتۆمی پاکستان وەکوو قەڵغان لە بەرامبەر هێرشی نیزامی وڵاتانی دژبەر چاوی لێ دەکرێت. بەو پێیە فێرکردن و پەروەردان بە بایەخەکانی لیبرالیزم و پرسە دێموکراتیکەکان کە لە پێگەیاندنی «مەلالە یووسف زەی» لەسەر ئەو بیرۆکانە و گەیشتنی بە دەسەڵات لەو وڵاتەدا خۆی دیتووەتەوە، دەتوانێ گۆڕانکاری گەورە لەو وڵاتەدا پێک بێنێ و لە جێگیرکردنی دێموکراسی لەو وڵاتەدا کاریگەری هەبێت.

لە ئێراندا کەسی بلیمەت و بژاردەی زۆر هەن کە لە دەستی ڕژیمی دەسەڵاتدار وەزاڵە هاتوون، کە لە داهاتوودا لەبابەت ڕێکخستن و مێتۆددان و یەکگرتووکردنی خەڵک بە دژی دەسەڵاتی ملهوڕی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن. «نێرگس محەممەدی» و «نەسرین ستوودە» دوو چالاکی مەدەنی و مافی مرۆڤین کە ساڵەهای ساڵە لە ئێراندا بەرڕووی هەڕەشە، دەسبەسەری و ئەشکەنجە بوونەتەوە. ڕاگەیەندنە فارسییەکانی دژبەری ڕژیمی دەسەڵاتدار کە کاریگەرییەکی زۆریان لە ناوچە فارسنشینەکاندا هەیە، ڕووماڵی هەواڵە پەیوەندیدارەکان بەو کەسانە دەکەن و توانیویانە ئەو کەسانە لە ئاستی ئێران و جیهان بناسێنن. بەڵام کۆمەڵگای کوردستان لەبابەت کۆمەڵایەتی، سیاسی و زانستی، خاوەنی گەلێک کەسایەتی شارەزا و ناسراوە کە توانایی ڕێبەریی

کۆمەڵـگا و ڕێکخسـتنی چینەکانـی خەڵکیـان لـە دژی ڕیژیمـی دەسـەڵاتداردا هەیـە. بۆیـری، هەسـتی بەرپرسـیارێتی لەهەمبـەر قازانجـی گشـتیی، ڕووڕاسـتی و تێگەیشـتنی دروسـت لـە دۆخـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی کوردسـتان و ئێـران، لـە تایبەتمەنـدی ئـەو کەسـانەیە. «زارا محەممـەدی» مامۆسـتای زمانـی کـوردی و چالاکـی مەدەنـی کـورد کـە هەوڵـی پێشـکەوتنی خەڵکـی کـورد لـە بـاری فەرهەنگـی و فێرکردنـی زمانـی دایکـەوە دەدات، لەلایـەن دەزگای سـەرکوتی ڕێژیمـەوە بـە پێنـج سـاڵ زیندانـی مەحکـووم کـراوە. «زارا» بـە جەسـتەیەکی لاواز بـەڵام بـە ورەیەکـی پۆڵایینـەوە بـەرەوڕووی دەسـەڵات بووەتـەوە و بـووە بـە ڕوخسـارێکی ناسـراو و خۆشەویسـت لەنێـو خەڵکـی کـورددا، «زارا محەممـەدی» ئـەو کەسـە بوو کـە توانـی لـە کوردسـتان دیـوار دروسـت بـکات لـە بەرامبـەر ئـەو هێرشـە فەرهەنگـی و زمانییـەی کـە ڕێژیـم دژ بـە کوردسـتان دەسـتی پـێ کـردووە. لـە ئێسـتادا ڕوولەگەشـەیی کۆمەڵگای کوردسـتان سـەرچاوەگرتوو لـەو پێشـینە مێژووییـە کـە لـە پێنـاو گەیشـتن بـە مافـی چارەنووسـدا کـراوە. بابەتێـك کـە جێـگای پەسـندی ڕێکخـراوە نێونەتەوەییـەکان و دامەزراوەکانـی داکۆکیـکاری مافـی میللەتـە بـێ دەوڵەتەکانـە، بـەڵام ڕێژیمـی ئێـران یەکپارچەیـی و تێکـەڵاوی فەرهەنگی و زمانی بـە شـێوەی سیسـتماتیك و بەرنامەبۆدارێـژراو بەڕێوە دەبـات و ئـەوە بووەتە هـۆی بەرینبوونەوەی کێشـەی قـوول لـە کوردسـتان و کـورد تـا ئێسـتا توانیویەتـی لـە بەرامبـەر هێرشـە جۆراوجـۆر و ڕەنگاوڕەنگەکانـی ناوەنـد و ڕێژیمـی دەسـەڵاتداردا خـۆ ڕابگرێـت.

# ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ:
# تێگەیشتن لە دەوری میدیای دیجیتاڵ لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی نوێدا

پەیمان ئابجامە

## پێشەکی

لە کاتێکدا کە تەکنۆلۆژییە دیجیتاڵەکان لە سەرەتادا وەك ڕێخۆشکەری بە جیهانیبوون و دنیانیشتمانی سەیر دەکران، زانایان بە شێوەیەکی پەرەئەستێن دان بە دەوری ئەوان لە سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم و پۆپۆلیزمی کۆنەپارێدا دەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا بەرزبوونەوەی ئاستی خوازیاری، لانی کەم دوو پرسیار بێولام دەهێڵێتەوە. پێش سەرهەڵدانی دووبارەی، ناسیۆنالیزم لە کوێ بوو؟ ئاخۆ شێوازەکانی هەنووکەی ناسیۆنالیزم لە ئەوانی پێشووتر جیاوازن و دەکرێت ئەو جیاوازییانە بە تەکنۆلۆژییە دیجیتاڵەکانەوە گرێ بدرێن؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ئێمە باسی گرینگیی تێگەیشتن لەو بوارە کەمتر دیارانە دەکەین کە بەهۆی ئەوانەوە تەکنۆلۆژییە دیجیتاڵەکان، هەستی گرێدراویی ئێمە بە دنیای نەتەوەکانەوە بەرهەم دەهێننەوە. ئێمە باسی سێ میکانیزمی ئەوتۆ دەکەین: شێوازی دروستبوونی سیستەمی نێوی دۆمێنەکانی ئینتەرنێت، لاسەنگیی ئەلگۆریتمەکانی کەڵکلێوەرگیراو لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵەکان و دروستبوونی ئێکۆسیستەمە دیجیتاڵییە نەتەوەییەکان.

گرینگیدانی پەرەئەستێن بە دەوری تەکنۆلۆژیی پێوەندیگرتن لە سەر نەتەوەکان و ناسیۆنالیزم، بێگومان ئەرێنییە و ئاڵوگۆڕێکی باشە لە مشتومڕەکانی پێشوو کە میدیای دیجیتاڵی پێش هەموو شتێك وەك ڕێخۆشکەری پێوەندییە جیهانییەکان و گرێدراوی بە دنیانیشتمانی سەیر دەکرد. لە گەڵ ئەوەشدا پەرە گرتنی ئەو دواییانەی سەرنجدان بە ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ وێدەچێ بەر لە هەموو شتێك جەخت بکاتەوە سەر شێوە ئاشکرا، سۆزدارانە و تەنانەت پڕ لە نەفرەتەکانی ناسیۆنالیزم و نیشاندانی ئەوە کە ئەو شێوە ناسیۆنالیزمە بەڕاستی لە ژینگەی دیجیتاڵدا گەشە دەکات و لەلایەن تایبەتمەندییە دیارەکانی میدیای دیجیتاڵەوە برەوی پێ دەدرێت، وەك بەستراوەیی بە بەشداریی بەکارهێنەرانی، یان دروستبوونی ئەو بڵق فیلتەرانەن. بڵق فیلتەر: بەو دۆخە دەڵێن کە بەکارهێنەرێکی ئینترنێت تووشی دەبێت و لەوێدا تەنیا زانیاری و بۆچوونی وەك هی خۆی دێتە بەر چاو.

هۆیەکەی ئەلگۆریتمی کامپیوتەرین کە ئەزموونی سەرهێڵی تاکەکان بەهۆی گوڵبژێرکردنی بابەتەکان بە شێوەیەك کە لەگەڵ سەلیقە و بیروبۆچوونی ئەوان بینەوە، سنووردار دەکات و لە کاتێکدا کە ئەوە بێگومان بەنرخە، ئەو جەختکردنەوەیە لانی کەم دوو پرسیاری گرینگ بێ وەڵام دەهێڵێتەوە. یەکەم؛ پێش سەر هەڵدانی ئاشکرای ناسیۆنالیزم، ئەو لە کوێ بوو؟ دووهەم؛ ئاخۆ شێوە سەردەمییەکانی ناسیۆنالیزم، لە شێوە مێژووییەکانی پێش خۆی جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە و ئەگەر وایە، ئەو جیاوازییانە ئاکامی ئێکۆلۆژیی پێوەندیگرتنی دیجیتاڵی نوێن؟

وڵامی ئەو پرسیارانە دەخوازێت کە لێکۆڵینەوەی خۆمان لەسەر ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ بە دوو شێوقە چڕ بکەینەوە. یەکەم؛ ئێمە پێویستە لە لێکۆڵینەوەی هەرە بەرچاو و سۆزدارانە لەمەڕ ناسیۆنالیزمی سەرهێڵ تێپەڕ بین و تێ

بگەین کە چۆن ئەوانە پێوەندییان بەو شێوازە ئاسایی، ساکار و تەقریبەن نادیارانەوە هەیە کە تەکنۆلۆژییە دیجیتاڵەکان هەستی گرێدراوی ئێمە بە دنیای نەتەوەکانەوە بەرهەم دێننەوە. ئەو هەڵوێستە پێویستە ئەو گریمانەیە کە شەپۆلی هەنووکەیی ناسیۆنالیزم بەتەواوەتی «تازەیە» وەلا بنێت. دوو؛ لە جیاتی ئەوە ئێمە لە پێشدا پێویستیمان بە دەستنیشانکردن و لێکۆڵینەوە لەو میکانیزمانەیە کە بەگوێرەی ئەو، میدیای دیجیتاڵ یارمەتی بە دیسان بەرهەمهێنانەوەی شێوە ساکار، ئاسایی یان تەریکخراوەیی ناسیۆنالیزم دەکات.

## میدیای دیجیتاڵ و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی «نوێ»

بۆ زانایانی بواری ناسیۆنالیزم هەروەها بۆ زانایانی میدیا و پێوەندیگرتن کە حەزێکی درێژماوەیان لە ناسیۆنالیزمە، ئەو بەڵگەهێنانەوانە جێگەی سەرسووڕمان نین. نیزیکەی دوو دەیە لەمەو بەر، هالاوایس (٢٠٠٠) نیشانی دا کە سنوورە نەتەوەییەکان لە تۆڕی جیهانیی ئینترنێتدا بەردەوامن و ئاشکرای کرد کە بەشی هەرە زۆری ماڵپەڕەکانی ویلاتە یەکگرتووەکان لە جیاتی بەستەری ماڵپەڕی ئەودیوی سنوور، بەستەری ئەو ماڵپەڕانەیان تێدان کە لە ویکایە یەکگرتووەکانن. ئێریکسێن (٢٠٠٧) بە هەمان شێوە لە وتارێکدا دژی ئەو بیرۆکەیە دوا کە خەسڵەتی نەبەستراوەیی دنیای ئینترنێت بە خاکەوە دەبێتە هۆی هەستێکی هاوبەش لە شوناسی نەتەوەیی و سەرنجی خوێنەری بەرەو بەڵگە لە ژمارەیەکی زۆر نەتەوە، لە تامیلی سریلانکا تا ئەو نەتەوانەی کە ڕێژەیەکی زۆری هاووڵاتییانی لە تاراوگەن، ڕاکێشا کە دەری دەخست ئینترنێت تەنیا لە چەند ساڵدا بووەتە تەکنۆلۆژیی سەرەکی بۆ هێشتنەوەی نەتەوەکان و کۆمەڵگەی نادیاری دیکە بە یەکەوە. کانڤەرسی (٢٠١٢) ئەو بەڵگەهێنانەوەی هیندەی دیکە گەشەی پێ دا و ئاماژەی بە شێوازی فرەلایەنەی کەڵکوەرگرتن لە ئینترنێت کرد، لە پەروەردەکردنی هەرگیز نەدیتراوی ئاستی پێوەندیگرتوویی جیهانی تا سەپاندنی تەریکخستنەوە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بەربەستی نوێ لە نێوان کۆماڵگەکان و برەودان بە نەتەوەپەرەستیی هێرشبەر و ترس لە بێگانە. بە هەمان شێوە کار لە سەر میدیا و ناسیۆنالیزم تیشکی خستووەتە سەر نەخشەی نەتەوەییی نەگۆڕی دنیای دیجیتاڵ و شێوە فرەلایەنەکانی کەڵکوەرگرتن لە پلاتفۆرمەکانی میدیا کۆمەڵایەتییەکانی، لە دۆخی نموونەییی دنیانیشتمانی، تێکەڵاوی نێوان کولتووران و ژیاندنەوەی زمانی کەمینەکان تاکوو دەستێوەردانە ناسیۆنالیستییە، تایبەتی، هێرشبەرانە و ژاراوەییەکانی هێناوەتە بەر ڕووناکاییی بەستەری نێوان ناسیۆنالیزم و میدیای دیجیتاڵ لەولای خۆراوا، بە تایبەتی لە چین، بە هەمان شێوە سەرنجی بەرچاوی زۆر پێشتر لەسەر هەڵدانی ئەو دواییانەی حەز لە ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و ئێستە بووەتە هۆی توێژینەوەیی گەلێك بەرچاو لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان سروشتی گفتوگۆکان گۆڕاوە: لە کاتێکدا کە بوونی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ سەردەمێك تەنیا لە ناو ئاڵقەیەکی بچووکی پسپۆڕی میدیا و ناسیونالیزمدا دەهاتە بەرباس، یان بە ئاماژە بە واوەتر لە خۆراوا، ئێستە بووەتە دیاردەیەکی گفتوگۆی بەربلاو، کە میدیای باو، دانی پێدا دەنێت و زانایانی پێوەندیگرتن و دەسەڵاتە پێوەندیدارە مەزنەکانی خۆراواش بە هەمان شێوەن.

سەرهەڵدانی ئاشکرای ناسیۆنالیزم پێویستی بە شیکارییە و شێوەیەکی دیاری شیکاری ئەو دیاردەیە ئەوە بووە کە وەك شتێکی نوێ و تا ڕادەیەك لە بنەڕەتدا جیاواز لە شێوە پێشووترەکانی ناسیۆنالیزم باسی لێوە کراوە. بۆ وێنە لەبەر ئەوەکە پێداگرە لەسەر نیشانە کولتوورییەکان لە دژی نیشانە بایۆلۆژیکییەکانی نەتەوەبوون یا بەهۆی جەختی لەڕادەبەدەر لەسەر شێوە ئاخاوتنی دژی کۆچبەر و بە جیهانیبوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەك مالێشێویچ شی دەکاتەوە، ئەو بەڵگەهێنانەوانەی پێداگرن لەسەر توخمە نوێیەکانی ناسیۆنالیزم وێدەچێت کەمایەسیی تێوەگلان لەگەڵ گەشەکردنە مێژووییەکانی بەرهەمهێنەری ناسیۆنالیزمیان هەبێت و بەستراونەوە بە ڕوانگەیەکی هەڵە لە بارەی ناسیۆنالیزم وەك دیاردەیەکی کاتی کە لە کۆتاییدا لەناو دەچێت. جێگەی ئاماژەیە کە ئەو ڕوانگەیە لەسەر ناسیۆنالیزم وەك شتێکی کاتی بە هیچ شێوەیەك نوێ نییە وەك چەنیلۆ (٢٠٠٧) نیشانی دا، کارل ماکس خۆی لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە دەوڵەت ـ نەتەوەکان دیاردەیەکی کاتین کە پێوەندییان بە کاپیتالیزمەوە هەیە. بۆیە مۆرك لێدانی نوێ لە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی نوێ نییە بەلام بۆ لێکۆڵەرەوان جێگەی سەرسووڕمانە کە ناسیۆنالیزم لەناو نەچووە، بێگومان، پەرەگرتنی سەرنجدان بە ناسیۆنالیزم لەناو زانایانی پێوەندیگرتن و میدیا، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ڕوانگەی هەڵە و سەرسووڕمان لەسەر هەڵدانەوەی لە ناکاوی

ناسیۆنالیزم. ئەوە بەو مانایە نییە کە بڵێین هەر هیچ شتێکی تازە لە ناسیۆنالیزمی نوێدا بەدی ناکرێت بەڵکوو زۆرتر باس لەسەر ئەوە کە چ شتێك نوێیە، دەبێت زۆر بە وریاییەوە لە پەنای گەشەکردنەکانی درێژخایەن دابنرێت. بۆ دوورکەوتنەوە لەو ڕوانگە هەڵەیە کە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی کاتییە، ئێمە پێویستمان بە ئاوڕدانەوە لە شێوەی تێگەیشتنمان لەسەر ناسیۆنالیزمە. لێرەدا هیچ مەجال و پێویستی بە تێوەگلانی ورد لە مشتومڕە درێژخایەنەکەی پێناسەی ناسیۆنالیزم نییە، بەڵام ئەوە گرینگە کە دان بەوەدا بنێین کە ناسیۆنالیزم دەتوانێت لانی کەم بە دوو شێوەی جیاواز پێناسە بکرێت. یەکەم، تێگەیشتنێکی باوتر (بە تایبەتی لەنێو دیسکۆرسی سیاسیدا باوە) جەخت لەسەر بەڵگەی ئاشکرا دەکاتەوە، کە زۆر جار نیشاندانی ناسیۆنالیزمی توندئاژۆیە، وەك جوڵانەوە جیاییخوازەکان، وەخۆنەگری بە دامەزراوەییکراو بەگوێرەی نەتەوە، یان ترس لە بێگانە و کۆنەپارێزە توندئاژۆییەکان. ئەو تێگەیشتنە بە هەمان شێوە لەنێو چەند توێژینەوەی کلاسیك لە بارەی ناسیۆنالیزمیشدا باوە و لەلایەن زۆرینەی وێژە لە بارەی ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵەوە تاکوو ئێستە وەك بەڵگە ئاماژەی پێ کراوە.

ڕوانگەی دووهەم لە دەلاقەی ژیانی ڕۆژانە، مێتۆد و گریمانەی ئاساییەوە دەڕوانێتە ناسیۆنالیزم و ئەو وەك ئایدئۆلۆژیایەك یان شێوازێکی تایبەتی بۆ ڕوانین لە جیهان و هەڵسوکەوت لەو دنیایەدا دەبینێت، شێوازێك کە پێ وایە مرۆڤایەتی بەڵگەنەویست بەسەر نەتەوەکاندا دابەش بووە و دنیا بە شێوەیەکی سروشتی لە نیشتمانی جیا جیا پێك هاتووە. ئەو پێناسەیەی ناسیۆنالیزم بە تایبەتی تەنیا لەلایەن کەمینەیەکی بچووکی وێژە لەسەر ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ لە بەرچاو دەگیرێت و لە نیزیك بەتەواوەتی لەو لێکۆڵنەوانەدا کە جەخت لەسەر سەرهەڵدانی ئەو دوابیانەی ناسیۆنالیزم لە دنیای سەرهێڵدا دەکەن نادیارە. لە ئاکامدا، گفتوگۆی هەنووکەیی لەمەڕ ناسیۆنالیزمی دیجیتاڵ لە ڕوانگەی چەمکەوە دوو لقە، بە لایەنێك مەزنتر لە وێژە کە پێناسەیەکی ناسیۆنالیزم لە بەرچاو دەگیرێت و لایەنەکەی دیکە بچووکتر کە وەدووی ڕوانگەیەکی دیکە کەوتووە. ئەو دوو لقبوونە ڕێگرە لە تێگەشتنی ئێمە کە چۆن ئەو دوو شێوازە ناسیۆنالیزمانە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و لەبەر ئەو هۆیە پێش بەوە دەگرێت تاکوو ئێمە بتوانین بەتەواوەتی لە دەوری میدیای دیجیتاڵ لە شەپۆلی ئەو دوابیانەی ناسیۆنالیزم تێ بگەین.

بەرهەمهێنانەوەی نادیاری ناسیۆنالیزم لە سەرهێڵ: ناوی دۆمێنەکانی ئینترنێت، لاگریی ئەلگۆریتمی و ئێکۆسیستەمە نەتەوەییەکان ئێمە بەڵگەمان هەیە کە ئێکۆسیستەمی دیجیتاڵ هەنووکە سێ میکانیزمی سەرەکی پێشکەش دەکات کە یارمەتی بە مانەوەی فۆرمی نەتەوەیی دەکەن بەو هۆیەوە هاندەری بەرهەمهێنانەوەی شێوەی ساکار و ڕۆژانەی ناسیۆنالیزمن: شێوازی دروستبوونی سیستەمی نێوی دۆمێنەکانی ئێنترنێت، لاگریی ئەلگۆریتمەکانی کەڵکلێوەرگیراو لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکان و دروستبوونی ئێکۆسیستەمە دیجیتاڵییە نەتەوەییەکان. بێگومان لە وێژەی بەردەستدا ئەوەی یەکەم لە هەموان زۆرتر دانی پێدا نراوە و لە پێوەندی لەگەڵ ژمارەیەك نموونە لە سوید و ویلایەتە یەگرتووەکان تاکوو قەزاقستان و تورکیە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. سووڕی گەشەی سیستەمی نێوی دۆمێنەکانی ئینترنێت، واتە سیستەمی ئادرەسی ماڵپەڕەکان، نموونەیەکی بەهێز لە بەردەوامیی ناسیۆنالیزمی ساکار لە بواری دیجیتاڵ و نەتەوەییبوونی وردەوردەی پێکهاتەی دیجیتاڵ پێشکەش دەکات. ئەوەی لێرەدا بەتایبەتی جێگەی سەرنجە، مێژووی پلەی هەرە سەرووی دۆمێنەکانە، کە لە کۆتاییی ئادرەسی هەرکام لە ماڵپەڕەکاندا دیارە. لە کاتێکدا کە نێوی دۆمێنەکانی پلەی هەرە سەروو، گشتیان لە ویلایەتە یەککرتووەکان گەشەیان کرد، کۆی جیاوازی دۆمێنەکان بەگوێرەی کارکردەکەیان لێك جیا دەکرانەوە، وەخۆگرتنی ئێنترنێت لە دنیادا زوو بوو بەهۆی دروستبوونی دۆمێنی جیاوازی نەتەوەیی یان ئاستی وڵات بۆ هەر وڵاتێکە بوونی ئەو شێوە دۆمێنە نەتەوەییە پلە سەرووییانە تا ڕادەیەکی زۆر وەك شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت و بۆیە نموونەیەکی بێخەوش لە ناسیۆنالیزمی ساکار، تەنانەت هەڵبژاردنی دۆمێنی پلەی سەروو دەتوانێت ببێتە بابەتێك بۆ مشتومڕ و چەخماخەی کێبڕکێ لە سەر سنوورەکانی نەتەوەیەك لێدا.

شێوازێکی دیکە کە لەوێدا میدیای دیجیتاڵ یارمەتی بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژانەی ناسیۆنالیزم بەهۆی کاریگەریی لاگریی ئەلگۆریتمی کە لە نێتگەرەکان لە ئارادایە و پێشنیاری شێوەی ڕێکخستن کە بە یارمەتیی تێکەڵاوێك لە فاکتەرەکان، لە پێکهاتەی خاوەندارییەتیی ئابووری و سیاسیی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان بەڕێوە دەچێت تاکوو فاکتەرە کۆمەڵایەتی

و تاکییەکان وەك پێشمەرجەکانی گەڕان و خولیاکانی تاك، فاکتەرەکانی دێموگرافی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ئێمە بەشێك لەوانین. بە کورتی؛ نێتگەڕەکان گەلێك لە پەنجەرەی سروشتی بەرەو دنیا دوورن کە زۆربەی ئامرازەکانی دیکەش بەو شێوەیەن، ئەوان وەك فیلتەر کار دەکەن کە خۆ لەگەڵ زنجیرەیەك فاکتەری بازەرگانی، سیاسی، دێموگرافی و کۆمەڵایەتی دەگونجێن و لەبەر ئەو هۆیە، ڕوانگەیەکی گوڵبژێرکراو لە جیهاندا پێشکەش دەکات ئەو ئەلگۆریتمانەی ڕێنوێنیکەری بەشێك لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانن کە بەشێوەی بەربلاو کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، سەلمێندراوە کە لاسەنگییە ڕیشەدارەکانی جێندەری، ڕەگەزی و ئیتنیکی بەرهەم دەهێننەوە، بۆ نموونە؛ لێکۆڵینەوەك لە ئاگادارییەکانی سەرهێڵ ئاشکرای کرد کە زۆر دەگمەنە کە ژنان ئاگاداریی کاری پڕداهاتیان پێ نیشان بدرێت، لە کاتێکدا لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە ئاشکرای کرد کە گەڕان بە دوای نێوی ئامریکایی بە ڕەچەڵەك ئافریقایی دەبوو بەهۆی ڕێژەیەکی زۆرتر ئاگاداری لە بارەی دەستبەسەرکراندا. بێگومان شێوەی دروستبوونی نێوی دۆمێنەکانی پلەی هەرە سەروو و ناسیۆنالیزمی ئەلگۆریتمی بەیەکەوە ئافەرینەی ئەو شتەن کە بە نێوی ڕایەڵەی ئێکۆسیستەمی دیجیتاڵی نەتەوەیی سەیر دەکرێت. ئەو ئێکۆسیستەمە دیجیتاڵە نەتەوەییانە بێگومان بەیەکەوە بەستراوەن و زۆر جار پشت بە هەمان شێوازەکانی دیجیتاڵ دەبەستن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی جیاواز لە دنیای سەرهێڵ پێشکەشی هاووڵاتییان دەکەن. ئەگەرچی کۆمپانیا پلاتفۆرمەکانی وەك گووگڵ یان فەیسبووك لەسەر دەسکەوتە جیهانییەکان پێداگرن، هەم بە پێشکەشکردنی پانتاییەکی دەسڕاگەیشتن بە زانیاری لە زانیاریی دنیا لەوانەیە بێوێنە بێت و وێدەچێ گوێ نەدەنێ یان لە پێکهاتە نەتەوەییەکان تێپەڕن، بە کردەوە ئەوان خۆیان لەگەڵ پێکهاتەی ئینترنێت گونجاندووە و شێوازی تایبەت بە نەتەوە و زۆر جار لەگەڵ یەك ناتەبای بەرهەمەکانیان داهێناوە، وەك گووگڵ و ئامازۆن، کە هەردووکیان بە شێوەی ئۆتووماتیك بەکارهێنەرانیان ڕاسپاردەی ئەو لاپەڕانە دەکەن کە لەژێر دۆمێنەکانی پلە سەرووی وڵات داندران، ئەو چەشنە نەتەوەییانە بەگوێرەی کەڵکوەرگرتن لە پلاتفۆرمی هەر نەتەوەیەك لە کاتی گەڕان ئاکامی جیاواز پێشکەش دەکەن، بۆیە یارمەتی بە دروستبوونی ئێکۆسیستەمی دیجیتاڵی نەتەوەیی دەکەن. بێجگە لەوەی کە بەهۆی بازەرگانی و یان یاسایی، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەمی دەنگوڕەنگی، بە کارهێنەران ناتوانن بە ئاسانی لە شێوازێکەوە بۆ یەکی دیکە بیگۆڕن، بۆیە بە شێوەیەکی کەریگەر سنووری دیجیتاڵی نەتەوەیی لە نێوانیاندا دروست دەکەن. ئەو ئێکۆسیستەمە بە هەمان شێوە، لەلایەن تۆڕی هایپێرلینگ لەنێوان ماڵپەڕەکان پشتیوانی دەکرێت، هەر وەك توێژینەوەی بەردەست نیشانی داوە کە زۆرینەی ماڵپەڕەکان بەستەر بۆ ماڵپەڕی دیکە لە هەمان وڵات دادەنێن یان تەنانەت بە کارهێنەران ئاراستەی ئەو ناوەڕۆکانە دەکەن کە هەمان ماڵپەڕ پێشکەشی دەکەن یان پێشکەشکارانی بەستراوە بەوانەوەن، تەنانەت لەو شوێنانەی هایپێرلینکەکان لە سنووری نەتەوەیی تێپەڕ دەبن، کاریگەریی بەسەرهاتە نەتەوەییەکان و پێوەندییە دامەزراوە ژیۆپۆلۆتیکییەکان ئاشکران، نموونەیەکی باش هایپێرلینکەکانی برازیلین بۆ پۆرتۆگال و پۆرتۆگال بۆ برازیل. ئێکۆسیستەمی دیجیتاڵی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تێکەڵاوی لەگەڵ ئێکۆسیستەمە نەتەوەییەکانی دیکە و ئاستی پشت بەستنیان بە ژێرخانی دیجیتاڵی ناونەتەوەیی، پێشکەش کراوە و لەلایەن پێنج کۆمپانیای زەبەلاح، کە هەر هەموویان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانن (واتە؛ گووگڵ، ئامازۆن، فەیسبووك، ئەپڵ و مایکرۆسۆفت) گەلێك لێك جیاوازن. نموونەی ئێکۆسیستەمی دیجیتاڵی نەتەوەیی سەربەخۆتر و خۆبەخێوکار دەکرێت لەو وڵاتانە ببینرێن کە پلاتفۆرمی دیجیتاڵیان بۆ بەرپرچدانەوەی دەسەڵاتی (پێنج زەبەلاحەکان) بەرهەمهێناون.

لەنێو ئەو ئێکۆسیستەمانەدا سەرکەوتووترین ئەوەی چینە کە هاوشانی سەرکەوتووی بۆ سەرجەم پلاتفۆرمە ڕۆژاواییەکان هەیە، لە لێتگەڕی بایدوو پلاتفۆرمی تۆڕی کۆمەڵایەتی وەیبو، ویچات و تێن سێنت کیو کیو ڕابگرە تاکوو ماڵپەڕەکانی بازەرگانی ئەلێکترۆنیك وەك عەلی بابا تا ئۆبائۆ و جەی دی. زۆر جار هەڵسەنگاندنی ناسیۆنالیستی و نیگەرانییەکانی سەربەخۆیی نەتەوەیی ڕێنیشاندەری دامەزراندنی ئەو پلاتفۆرمانە بوون. وەك پلانتین و دێسێتا نیشانی دەدەن، گەشەکردنی پلاتفۆرمی ویچات لەژێر ڕووناکیی یاساکانی گەلێك تەکنۆ-ناسیۆنالیستی و ئاجێندایەکی پەرەئەستێنی سەربەخۆیی سایبێریدا دروست بوو لە کاتێکدا کە چین لە ئاستێکی گەلێك بەرچاودا ئێکۆسیستەمێکی دیجیتاڵی نەتەوەیی تەواو خۆبەڕێوبەر و سەرکەوتوویی هەیە، جێگەی ئاماژەیە کە وڵاتانی دیکە لانی کەم هەوڵیان

داوه پلاتفۆرمـی دیجیتاڵـی نەتەوەیـی تایبەتـی خۆیـان گەشـە پـێ بـدەن.
زۆر لـەو پلاتفۆرمانـە لـە کۆتاییـدا لەژێـر زەختـی دژبەرەکانیانـدا تێـك شـکاون. بـۆ نموونـە؛ تـۆڕی کۆمەڵایەتـی لـە هەسـتانی نـاژا کلاسـا (پۆلـی ئێمـە)، کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٨ی زایینـی، نیـوەی بەکارهێنەرانـی ئینترنێـت لـە لهسـتان کەڵکیـان لـێ وەردەگـرت، بـەڵام دواتـر فەیسـبووك جێگـەی گرتـەوە. لـە دۆخـی دیکـەدا جێگـرەوەی نەتەوەیـی سـەرەڕای کێبڕکـێ ماڵاواییـان کـردووە. لـە ڕووسـییە، بـۆ نموونـە؛ ماڵپەڕەکانـی تـۆڕی کۆمەڵایەتـی ئۆدنۆکلاسـنیکی و ڤکۆنتاکتـێ هێشـتا لایـەن گریـان لـە فەیسـبووك و تویتێـر زیاتـرن.

# وتووێژ

سۆران باریکە

وتوێژ لەگەڵ

## سۆران باریکە

سەبارەت بە «ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان»

سازدانی وتووێژ: ئاسۆ مینا

«سۆران باریکە» کوڕی «ئەسعەد» لەدایکبووی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٦٨ی هەتاوی(22/1/1990) لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ناوبراو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری بۆکان تەواو کردووە. لە پۆلی یازدەی دواناوەندییەوە بەهۆی سیاسیبوون و فشاری ڕێژیمی حاکم لە ئێران وێڕای بنەماڵەکەی ڕوویان لە شاری کۆیە لە باشووری کوردستان کردووە. لە ئامادەیی کۆیەی کوڕان خوێندنی ئامادەیی یا دەبیرستانی تەواو کردووە. دواتر لە زانکۆی کۆیە لە بەشی مێژوو وەردەگیرێت و هەر بە پلەی نایاب زانکۆ تەواو دەکات و لە زانکۆی کۆیە دادەمەزرێت. ساڵی ٢٠٢٠ لە زانکۆی کۆیە بۆ خوێندنی ماستەر وەردەگیرێت و سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ خوێندنی ماستەری لەسەر بابەتی « ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 1979 ـ 2001» تەواو کردووە. ئێستا لە سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە، لە بەشی ئیداریی خوێندنی باڵای ئەو زانکۆیە کار دەکات.

**گۆڤار** : کاک سۆران، سەرەتا وەکوو هەیئەتی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «بیری خوێندکار» سەبارەت بە بڕینی دواقۆناخی ماستەرنامەکەت پیرۆزباییت لێدەکەین.
با لەوەوە دەست پێ بکەین کە بۆچی ئیسلامی سیاسیت وەکوو تەوەری پایاننامە یا ماستەرنامەکەت هەڵبژارد؟ ئامانجت لە نووسین و لێکۆڵینەوە لەم بارەوە چی بوو؟

- زۆر سپاس بۆ یەکیەتیی خوێندکاران بۆ پیرۆزباییەکەتان. سپاسی تایبەتیتان دەکەم بەنیسبەت ئەو هەموو هەوڵ و هاوکاریی و پشتیوانییەی لە ماوەی خوێندنی ماستەرنامەکەمدا پێشکەشتان کردم چ لە باری لۆجستیکی و چ لە باری مەعنەوی زۆر هاوکار و هاندەرم بوون و هەروەها پیرۆزبایی دووبارە دەستبەکاربوونەوەی گۆڤاری «بیری خوێندکار»یش دەکەم و هیوادارم هەر سەرکەوتوو بن. لە ڕاستیدا سەبارەت بە پرسیارەکەتان، ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر ئەوەیکە ئەم بابەتە زۆر ناڕوون و نادیارە و بۆ یەکەمجاریشە توێژینەوەیەکی لەم بابەتە ئاکادێمی لەسەر ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنووسرێ و هەموو کاریگەریی و مێژووەکەیان دەخرێتە بەر باس. لەڕاستیدا هەوڵ دەدا لایەنە نادیار و شاراوەکانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە بەر دیدی خوێنەران، چونکە ئەم ڕەوتانە تا ڕادەیەکی زۆر داخراون و زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەریان نییە. هەروەها ڕوونکردنەوەی مێژوو، بەرنامە و ئامانجی ئەم ڕەوتانە بە شێوەیەکی واقعی، هۆکارێك بووە بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە. ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەمەیە کە ڕەوتی ئیسلامی سیاسی وەکوو واقعێکی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بناسرێ. ئەم ڕەوتە لە ڕاستیدا چەندین پارت و ڕێکخراو و بزووتنەوە لەخۆ دەگرێت کە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی حکوومەتێکی دەوڵەت‌ـئوممەت دەدەن لە چوارچێوەی حکوومەتێکی ئیسلامیدا جا چ کوردی بێ یان چ حکوومەتێکی غەیری کوردی بێ بە پێچەوانەی ڕەوتی نەتەوەیی کە هەوڵی بۆ بەدەستهێنانی حکوومەتی دەوڵەت‌نەتەوەیی دا، کەواتە دەمانهەوێ جگە لە ناساندنی ئەو ڕەوتە بە مێژوو، ئامانجیشیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەینە ڕوو بە سەرنجدانە سەر ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەیی‌ـچینایەتی هەیەتی.

**گۆڤار** : وەك دەزانین بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی ئەوە سەدەیەك لە تەمەنی تێپەڕ دەبێ، پێویستی دروستبوونی ئەو فکرە و سەرچاوەی سەرهەڵدانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟
مێژووی هاتن و پیادەبوونی ئەو بیرە لە ئێران و کوردستان بە چ شێوەیەك بووە؟

ـ لە ڕاستیدا زاراوەی ئیسلامی سیاسی هەموو ئەو ئایدۆلۆژی و جووڵانەوانە دەگرێتەوە کە باوەڕیان بە تێکەڵکردنی ئایین و سیاسەت و دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی واتە دەوڵەتی ئیسلامی هەیە کە یاسا بنەڕەتییەکانی، یاسای شەرعی بێ و هەڵسوکەوتی خەڵك لە ڕێگای بەها کۆمەڵایەتییەکانی دینی ئیسلامەوە ڕێك بخرێت. ئەگەر بە شێوەیەکی کورت پێناسەیەکی ئیسلامی سیاسی بکەین دەتوانین وا پێناسەی بکەین کە لە دیدی هەڵگرانی ئەم باوەڕەوە بریتییە لە باوەڕ بە شەریعەتی ئیسلام وەك تاکە سەرچاوەی ژیان. سەرچاوەی ژیانی تاکە کەسی و ژیانی بە کۆمەڵ پێکەوە لە ڕاستیدا واتە ئیسلامێك جیا لە ڕێکخستنی پەیوەندیی تاك و خودا بانگەشەی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیش دەدا لە دەستی زۆرداران. لە ڕاستیدا دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئێراندا

مێژوویەکی دووری هەیە و لە دوای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی بۆ ناوچەکانی دەوروبەری، ناوچەکانی دەوروبەریش بێبەش نەبوون لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئایینە. هێرشی عەرەبە موسوڵمانەکان بۆ وڵاتی ئێران لە سەدەی حەوتەمی زایینیدا، لە سەردەمی خەلیفە ئەبووبەکر، خەلیفەی موسوڵمانان بۆ سەر ئیمپراتۆری ساسانییەوە دەستی پێکرد بەڵام ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا بەرهەمی دەیان و بگرە سەدەیەك هەوڵ و تێکۆشانی ڕووحانییەتی شیعە بەتایبەتی دوای دامەزرانی حکوومەتی سەفەوی لە ئێراندا بۆ یەکەمجار مەزهەبی ڕەسمی وڵات بوو بە مەزهەبی شیعە و دەسەڵاتی ئایینی لە ئێراندا بۆ چەسپاندنی شەریعەتدان بە دەسەڵاتی خۆیان واتە دەوڵەتی سەفەوی، دەستی دەسەڵاتی ئایینی لە ئێراندا یەکجار زۆر بەهێز کرد ئەمەش وای کرد کە لە زۆربەی سەردەمەکاندا ڕووحانییەتی شیعە بگرە زۆر جاران دەسەڵاتی لە دەسەڵاتی پادشاکانیش زیاتر بووبێ بەڵام بەپێی سەردەمیش لە هەوراز و نشێویشدا بووە بۆ نموونە لە سەردەمی شاعەباسی سەفەویدا دەسەڵاتیان زۆر زۆر لە لاوازیدا بووە بەڵام دەبینین لە دواتردا و لە حکوومەتەکانی دواتریشدا وەکوو ئەفشاریە و زەندییەکانیش تا ڕادەیەك ئەم بابەتە لەبەر چاوە یانی دەبێ بڵێی هەوراز و نشێوی بە خۆیەوە دیتووە بەڵام لە سەردەمی قاجارییەدا ئەم بابەتە تەواو زەق بۆوە و دواتر لە سەردەمی پەهلەویدا بەتایبەتی دوای سەپاندنی پرۆژەی سێکۆلاریزەکردنی وڵات لەلایەن ڕەزاشای پەهلەوییەوە ئەمە وایکرد کە ئیسلامییەکانی ئێران یانی ڕەوتی ڕووحانییەتی شیعە لە ئێران یەکجار زۆر زەق بێتەوە ئەمجار هەوڵ بۆ دروستکردنی بەرەیەك ڕێکخراوێك یان گرووپێکی لەم شێوەیە بدەن کە ئەم بابەتە لە دواتردا لە سەردەمی محەممەدڕەزاشا و دوای شەڕی دووەمی جیهانی زیاتر زەق بۆوە. بە دامەزراندنی ڕێکخراوی فیدائیانی ئیسلام بە سەرکردایەتی «نەواب سەفەوی» زۆر زۆر زیاتر زەق بۆوە و لێرەوە ستارتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران لێدرا و دوای ئەویش دەبینین کە لە هەر جووڵەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێراندا دەستی ئیسلامی سیاسی، تێدا دەردەکەوێ. دواتر بەتایبەت گەیشتە قۆناخی ڕادیکاڵتریش و بە تێرۆری سەرۆکوەزیرەکانی ئێران ئەم بابەتە تەواو زەق بۆوە دواتر لە سەردەمی مەسەلەی جۆزەردانی ١٣٤٢ و دەرکەوتنی خومەینی، ئیسلامی سیاسی تەواو پەرەی سەند و دەبێ بڵێین لە دەیەی پەنجای میلادییەوە، ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا بە تەواوەتی جێی گرت و پەرەی سەند و بەرهەمەکەشی دواتر دەبینین کە لە ساڵی 1979 بە سەپاندنی خۆیان بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا ئەم بابەتە بە تەواوەتی جێی گرت و بەرهەمی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانە بەڵام ئەگەر ئاوڕ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەینەوە، لە ڕاستیدا ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا مێژوویەکی دووری نییە و بگرە لە دوای دەرکەوتنی کاك «ئەحمەدی موفتیزادە» و دوای ئازادبوونی لە زیندان کە ئەوکات بۆخۆی وەکوو ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە زیندانی «ئێڤین»ی تاراندا گیرابوو، دەبێ بڵێین ئیسلامی سیاسی وەکوو فکر نەك وەکوو ڕێکخراو، ئیسلامی سیاسی لە کۆتایی دەیەی شێست و سەرەتای دەیەی حەفتای زایینییەوە سەری هەڵدا بەڵام ئەو فەزایەی کە لە پێش شۆڕشی گەلانی ئێران و دوای شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو یەك دوو ساڵە فەزایەك هاتە ئاراوە کە دەسەڵاتی ناوەندی ئەو هێزەی نەبوو بەسەر تەواوی ئێراندا زاڵ بێ و لاوازی دەسەڵاتی ناوەندی و هاتنە ئارای کۆمەڵێك بیر و بۆچوون و ڕەوت و حیزبی جیاجیا لە ڕۆژهەڵاتدا وایکرد کە ئیسلامییەکانیش وەخۆ بکەون و توانییان وەکوو ڕێکخراو بۆ یەکەمجار ڕێکخراوی «مەکتەب قورئان»یان دامەزراند و لە ساڵی 1977 زایینیدا کە سەرەتا ناوی «مەدرەسەی قورئان» بوو و دواتر گۆڕدرا بۆ مەکتەبی قورئان، ئەم ڕەوتانە هاتنە ئاراوە و توانیان لەناو کایەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان ببیننەوە و بوونە بابەتێکی حاشاهەڵنەگر لەنێو پانتایی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە چ ئەوان و چ جەماعەتی «دەعوەت و ئیسلاح» و ڕەوتەکانی دیکەش بە هەمان شێوە.

**گۆڤار** : ئەگەر چاو لێدەکەین ئیسلامی سیاسی لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەچێتە قۆناخێکی دیکەوە و ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵات هەندێکیان لەگەڵ ئەحزابی سیاسی بەتایبەت ئەحزابی ناسیۆنالیست دەکەون و کۆمەڵێك لە لایەنگرانی ڕەوت و فکری دیکەش لە دەسەڵاتی ناوەندی کە تازە هاتووەتە سەر کار نزیك دەبنەوە، ئایا ڕاکێشرانی ئەو ڕەوتانە بەتایبەت ڕەوتی وەکوو «مەکتەب قوڕئان» لە دەسەڵاتی ناوەندی چەندە بە زیانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات شکاوەتەوە؟

- لە ڕاستیدا زیانەکانی ئیسلامی سیاسی بۆ سەر بیری نەتەوەیی یا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان

خۆی لەو چوارچێوەیەدا دەبینێتەوە کە ئیسلامی سیاسی لە رۆژهەڵاتدا چ «مەکتەبی قورئان» و چ جەماعەتی «دەعوەت و ئیسلاح» و باقی رێکخراوەکانی دیکەش خۆیان لە چوارچێوەی پرۆژەی خومەینیدا دەدیت بەو مەعنای کە هەم بیرۆکەی دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێراندا و هەروەها بیرۆکەی رێکخراوە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە چوارچێوەی حکوومەتی ئیسلامیدا دەسووڕایەوە و باوەڕیان بە حکوومەتی دەوڵەت. ئۆممەت هەبوو بەو مانایەی کە حکوومەتێک دروست بکرێت کە تێیدا یاساکانی شەرعی ئیسلام بن و حکوومەتێکی ئیسلامی بێت جا ئەوان لەوێدا داوای خودموختاری ئیسلامیان دەکرد مادام کە حکوومەتی ناوەندی دامەزراوە و ئیسلامییە، ئەوان داوای دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامیان دەکرد. لە سەرەتاشدا بە شێوەیەکی زۆر چڕوپڕ هاوهەنگاو بوون لەگەڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی.

حکوومەت، چ وەک حکوومەتی تازە و چ وەک حکوومەتی کاتیی و چ دواتریش حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەکی کورت تەنانەت بانگەشەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردن یان ڕێفراندۆمی دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیان کرد بەڵام دواتر بە چەسپاندنی یاسای بنەڕەتی لە ئێراندا ئەم بابەتە بە پێچەوانە بوویەوە چونکە لەوێدا دەرکەوت کە هیچیەک لە داواکارییەکانی رێکخراوە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو یاسای بنەڕەتیی ئێراندا نەچەسپا و بەرە بەرە بۆیان دەرکەوت کە رێکخراوە ئیسلامییەکان هیچ گرینگییەکان بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران نەماوە هەرچەند لە سەرەتادا وەک باسم کرد ئەوان تا ڕادەیەک هاوهەنگاو بوون لەگەڵ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت لە دامەزراندنی رێکخراوی «پێشمەرگەی موسوڵمانی کورد» لەلایەن «محەممەد بڕووجێردی»یەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە تێیدا بەشدار بوون، هەرچەن لایەنێک باس لەوە دەکا کە نەخێر ئەم ڕێکخراوانە خۆیان دایانمەزراند و لایەنێکی دیکەش باس لەوە دەکا کە نەخێر «محەممەدی بڕووجێردی» دایمەزراندووە بەڵام بەشێک لە ئەندامانی ئەوان تێیدا بەشدار بوون، تەنانەت لە شەڕ لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا. ئەمە لایەنێکە جێی باسی ئێمە نییە لێرەدا کە دەبێ زۆر بە قووڵی بچینە ناویەوە بەڵام دواتر کە یاسای بنەڕەتی لە ئێراندا پەسەند کرا وەکوو پەرچەکردارێک مەکتەبی قورئان و ڕێکخراوی جەماعەتی دەعوەت و ئیسلاح و هەروەها ئەگەر بە زمانێکی سادە بڵێین لایەنە سوننییەکانی ئێران بە گشتی هەوڵیان بۆ دامەزراندنی رێکخراوێك بە ناوی «شەمس» دا کە بریتی بوو لە شورای مەرکەزییەتی ئەهلی سوننەت کە لەوێدا دەیانەویست وەکوو پەرچەکردارێك بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە و سیاسەتەکانی ئەو لەقاو بدەن بەڵام دواتر وەك دیتمان کۆماری ئیسلامی ڕەحمیشی بە تێکڕای ڕەوتە ئیسلامییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەکرد و هێرشی کردە سەر هەموویان و تەنانەت بەشێکی لەسێدارە دان و بەشێکیشیان لە زینداندا بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر دواتر بە نەخۆشیی و لە پاش ئەشکەنجەیەکی یەکجار زۆر ئازاد کران و کاك «ئەحمەدی موفتیزادە» کە دوای زیندان بە چەند مانگ لە زیندان کۆچی دوایی کرد و کاك «ناسر سوبحانی»ش کە ساڵی ١٩٨٨ لە سێدارە درا.

**گۆڤار**: جەنابتان لە بەشێك لە ماستەرنامەکەتاندا دەڵێن کە دروستبوونی هێزە سیاسی ـ ئیسلامییەکان لە رۆژهەڵات، لە ئەسەر بوونی بۆشایی سیاسی ئیسلامی لە دەسەڵات لە کوردستان دروست بوون، ئایا چ ئێستا و چ لە دەورانی شۆڕشی ٥٧دا، ساحەی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان لەو بارەوە بۆشایی هەبووە تا پێویست بەوە بکا کە هێز و حیزبی ئیسلامی بۆ دروست ببێ؟

ـ ئێمە ئەگەر باس لە مەسەلەی بۆشایی بکەین لە هەموو کۆمەڵگایەکدا لە تەواوی جیهان بایی ئەوەندە بۆشایی هەر هەیە کە کەسانێك بیر و باوەڕی خۆیان لە چوارچێوەی هیچ ڕێکخراوێکدا نەبیننەوە و هەوڵ بدەن ئەو بیروباوەڕەی خۆیان لە قالبی ڕێکخراوێکدا زەق بکەنەوە. لەو سەردەمیشدا واتە لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لەپاش شۆڕشەکە ئەم بۆشاییە دەبینین وایکرد کە سازمانێك بە ناوی «سازمانی خەباتی ئیسلامیی نەتەوەیی کوردستانی ئێران» دابمەزرێ کە لە ڕاستیدا ئەوان ئەو کەسانەیان لە دەوری خۆیان کۆ دەکردەوە کە نەیاندەتوانی لە نێو ڕێکخراوەکانی دیکەدا یا بە زمانێکی دیکە بیر و باوەڕی ڕێکخراوەکانی دیکەیان پێ قەبووڵ نەدەکرا وەکوو چەپی کۆمۆنیستی و بیر و باوەڕی خۆشیان ڕەنگە لەنێو حیزبی دێموکراتیشدا پێگەیەکی ئەوتۆی نەبووبێ کە ئێمە دەبینین بە پێچەوانە زۆر کەسی ئایینی کە لەنێو تەنانەت ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتیشدا بوونی هەبووە. بەهەرحاڵ ئەوە بیر و بۆچوونی خۆیانە، «سازمانی خەبات» زیاتر لەم کەسانە دروست

بوو کە لە دەوری دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەددین حوسێنی کۆ ببوونەوە، دواتر مامۆستا شێخ عیزەددین کە نەیدویست لە چوارچێوەی حیزب یا ڕێکخراوێکدا خەبات بکات وایکرد کە مامۆستا «شێخ جەلال حوسێنی» ڕێکخراوی سازمانی خەبات دابمەزرێنێ و ئەو کەسانە لە دەوری ئەو کۆ ببنەوە و ئامانجی ئەوانیش دروستکردنی خودموختاری بۆ کوردستان بووە لەو سەردەمەدا و لە ئێستاشدا. هەروەها مەسەلەیەکی دیکەش کە کاریگەر بوو لەسەر دەرکەوتنی سازمانی خەبات وەکوو سازمانێکی ئیسلامی بەڵام نەك ئیسلامییەکی فێندەمنتاڵی ڕادیکاڵ کە باوەڕی بە دامەزراندنی حکوومەتی ئیسلامی هەبووبێت، ئەوان ڕێکخراوێکی ئیسلامی نەتەوەیی بوون. ئەو بابەتەی کە کاریگەر بوو و دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم فتوای جیهادی خومەینی وایکرد کە بۆ پەرچەکردار یان لە فتواکەدا هاتووە کە ئەوان کافرن و دەبێ جیهادیان بەرامبەر بکرێ و ئەوانیش وەکوو پەرچەکردارێك کە ئیسلامی سیاسی کە هەڵگری بیرو باوەڕێکی ئایینیی تا ڕادەیەك سوننەتی بوون، لە دەوری ئەو ڕێکخراوە کۆ ببوونەوە و ئەو ڕێکخراوەیان دامەزراند.

لە ڕاستیدا ئەو بۆشاییەی کە ئێمە باسی دەکەین، دەبێ باس لەوە بکەین کە پارتەکانی دیکە لەسەر بیر و بۆچوونی نەتەوایەتی یا ئیسلامی ڕادیکاڵ، کاری سیاسییان دەکرد. ئەو کات بۆ بەشێك لە خەڵکی خاوەن بیروباوەڕێکی ئیسلامی و مەزهەبی نەرینیتی، هاسان نەبوو ببنە ئەندامی ئەو ڕێکخراوانە. ئەو ڕێکخراوە(سازمانی خەبات) بۆیە لە ساڵی 1980ی زایینیدا دامەزرا و یەکەم کۆنگرەی خۆشی لە شاری بانە ئەنجامدا بە ناوی کۆنگرەی «دامەزراندن». لەو کۆنگرەیەدا ئەندامانی سەرکردایەتییان و ستراتیژی ئەم حیزبەیان دیاری کرد. «شێخ جەلالی حوسێنی»ش بوو بە یەکەم سکرتێر و ئەم ڕێکخراوە دامەزرا. وەکوو باسمان لێکرد ئەوان بیروبۆچوونەکەیان یا ئامانجی سەرەکییان بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەدەستهێنانی مافی خودموختاری بۆ کوردستان بوو.

**گۆڤار** : هەر وەك دەزانین لە ئێستادا بیری ئیسلامی و بەتایبەت لایەنە توندڕەوەکەی لە ڕۆژهەڵات خەریکی گەشە و نەشەیە و لەملا و لەولاش یارمەتی دەدرێت، ئایا ئەوە لە داهاتوودا مەترسی دروست ناکا و کۆمەڵگای کوردستان و هێزە سیاسییەکان دەبێ لەگەڵ ئەو بیرە و لایەنگرانی چۆن تەعامول بکەن؟

- ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەتا تەقریبەن دەیەی 90ی میلادیش ئەو توندوتیژییەی تێدا نەبووە. ڕاستە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین کە لەسەر زۆر مەسائیل توندن کە پەیوەندییان بە خۆیانەوە هەیە لە ڕاستیدا بەڵام بە دەرکەوتنی «سەلەفیزم» لە ڕۆژهەڵاتدا کە سەلەفیزم بەرهەمی دامەزراندنی حکوومەتی تاڵەبان لە ئەفغانستان و دواتریش بەرهەمی دامەزراندن و هەڵوەشانەوەی حکوومەتی بیارەیە لە بیارەی هەورامانی باشووری کوردستان. ئەمە وای کرد کە سەلەفییە توندڕەوەکان، جیهادییەکان ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد بەتایبەت کە حکوومەتی ئەفغانستان ڕووخا و دواتریش ئیمارەتی بیارە ڕووخا، ئەوان ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد لە سەرەتادا سپای پاسداران تا ڕادەیەك بەرگری لێکردن بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بەڵام دواتر ڕێکەوتن لەسەر ئەوەیکە بێن لە ڕوژهەڵاتی کوردستان بمێننەوە و وەکوو هێزێکیش تەنانەت کەڵکی لێوەردەگرتن بەڵام نەدەبوو زۆر زەق بن لەنێو خەڵکیدا، ئەمەش وایکردووە کە ئیسلامی سیاسی زیاتر سەلەفییەکان لە ئێستادا چونکە دەبینین لایەنەکانی دیکە بەتایبەت لایەنی مەکتەبی قورئان دوای هاتنە دەرەوەی کاك ئەحمەدی موفتیزادە لە زیندان و ئازادبوونی ئاڵوگۆڕێکی یەکجار زۆری بەسەر داهات و کەوتە لایەنێکی عیرفانییەوە زیاتر. ئەمەش وایکردووە گونجانێکی زۆر باشیان لەگەڵ ڕەوتەکانی دیکە بەتایبەت ڕەوتی نەتەوەیی هەبێ لە ڕۆژهەڵاتدا. ناڵێم بوونەتە کەسانێکی ناسیۆنالیست بەڵام لانیکەم دژایەتی بۆچوونەکانیشیان ناکەن. ئەمەش وایکرد دیارە دامەزراندنی ڕێکخراوی سەلەفییەت وایکرد کە ئەو توندوتیژییە بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتیش ترسێکی هەیە.

**گۆڤار** : وەك ئەوەی بەدیار دەکەوێ، هێزە ئیسلامییەکانیش تووشی کێشە بوونە لەگەڵ یەکتری و هەر بە چەند ساڵێك جارێك ڕەوتی تازە لەنێو ڕەوتەکەی پێشتردا سەری هەڵداوە و ڕەوتە تازەکە ئەوەی پێش خۆی ڕەت کردووتەوە، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگێڕنەوە؟

- لە ڕاستیدا ڕێکخراوە ڕادیکاڵە جیهادییەکانی ئیسلامی سیاسی یا دەبێ بڵێی سەلەفیزم نەك هەر لە ئێران و ڕۆژهەڵاتدا بگرە لە هەموو جیهاندا هەر بەو شێوەیەیە. لە هەناوی ڕێکخراوێکی توندڕەودا ڕێکخراوێکی توندڕەوتر دێتە ئاراوە. دەبینی بۆ نموونە کاتێك ئیخوان دامەزرا، لە دوای ئیخوانەوە کەسانێکی دیکە هاتنە ئاراوە وەکوو «سەید

قوتب» کە توندڕەوتر بووە لە «حەسەن بەنا».
لە دوای ئەوانەوە کەسانی دیکە هاتنە کایەی سیاسییەوە کە ئەوان توندڕەوتر بوون. دەی ورده ورده ئەم بابەتە هەر وا هات قۆناخ بە قۆناخ، ئێستا دەبینی لە سەردەمی «قاعیدە»دا کۆمەڵە کەسێك هاتنە نێو قاعیدەوە و لە ئەلقاعیدەدا زەق بوونەوە، دەبێ بڵێین لەوان جیابوونەوە کە تەنانەت قاعیدەشیان بە کافر و مورتەد دەزانی و کاری ئەوانیان بە کوفر بوو. دواتر لە سەردەمی داعشدا بە هەمان شێوە دەبینی داعش هات ڕێکخراوەکانی دیکەی بە کافر دەزانی و لەوان توندڕەوتر بوو. لەنێو داعشدا کۆمەڵە کەسێك زەق بوونەوە کە تەنانەت خەلیفە بەغدادیشیان بە کافر دەزانی و لەنێو ئەوانیشدا دواتر کەسانێکی زەقتر پەیدا بوون یانی دەبێتە دوو بابەت، یەکیان ئەوەی کە بیر و بۆچوونەکانیان ئەوەندە لەناو خۆیاندا سۆق دەدرێت و ئەوەندە بیر لە هەندێك مەسەلەی زۆر زۆر بونیادی و ورد کە ژیان پێوەی وابەستەیە دەکەنەوە کە تەنانەت نەزەر لەسەر هەر جووڵانەوەیەکی بچووك بچووکی کۆمەڵگاش دەدەن جا چ لە ژیانی تاکەکەسی بێ یا ژیانی کۆمەڵگا بە گشتی بێ جا بە هەموو شێوەیەك، لەلایەکی دیکەشەوە خواستی دەسەڵاتدارییە کە ئەو کەسە پێی خۆشە خۆی دەسەڵاتدار بێ، بۆ نموونە ئەوانەی کە خەلیفە بەغدادییان بە کافر دەزانی، ڕێکخراوێکیان بۆخۆیان دامەزراندبوو و خۆیان لە سەدری ڕێکخراوەکەدا دەبینییەوە و ئەم بابەتانە وا دەکا جار لەگەڵ جار ئەم ڕێکخراوانە یا تەبیعەتی ئەو ڕێکخراوانە بەو شێوەیەیە کە جار لەگەڵ جار ڕادیکاڵتر بێ چونکە ئیدئۆلۆژی هەمیشە بەو شێوەیەیە، ئیدئۆلۆژییەکی ڕادیکاڵ، هەتا تۆ ڕادیکاڵتر بی، کەسانی ڕادیکاڵتر لەنێو ئەم ڕێکخراوەدا سەر هەڵدەدەن و دێنە مەیدانەوە، دەبێ بڵێی ئێنعتافپەزیر نین ئەم ڕێکخراوانە و ئەم بیر و بۆچوونانە ئێنعتافیان تێدا نییە، جار لەگەڵ جار بەرەو ڕادیکاڵبوون دەچنەوە.

**گۆڤار**: لە ئێستادا ئیسلامی سیاسی لە ڕۆژهەڵات لە چ بارودۆخێکدایە و داهاتووی ئەو ڕەوتە بەرەو کوێ دەچێ؟ ئایا زیاتر پەرە دەستێنێ بەتایبەت دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یا بەرەو کاڵبوونەوە دەڕوا و ئەو پرۆژەیە لە کۆتاییدا شکست دێنێ؟

- ئێمە ناتوانین لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە ئایا فەشەل دێنێ بیر و بۆچوونی ئیسلام چونکە ئەمە ئیدئۆلۆژییە، هیچ ئیدئۆلۆژییەك ئی ئەوە نییە بڵێی فەشەل دێنێ و ئیتر نامێنێ ڕەنگە لە قۆناخێکدا لاواز بێ، لە قۆناخێکدا بەهێز بێ وەکوو بڵێی فەشەلهێنان، فەشەل ناهێنێ. دیارە ئەوە بیر و بۆچوونی منە ڕەنگە کەسانێکی دیکە لەسەر ئەم بیر و بۆچوونە نەبن. ئاڵوگۆڕ لە بیر و بۆچووناندا دێتە ئاراوە، ئەو ئاڵوگۆڕە توندڕەوییە کە پێشتر لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێراندا هەبوو، ئێستا لەنێو ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی وەکوو «مەکتەبی قورئان» و «دەعوەت و ئیسلاح» بەتایبەتی مەکتەبی قورئاندا بوونی نییە ئێستا و ئاڵوگۆڕێکی یەکجار زۆریان بەسەردا هاتووە بەڵام دەبینی لەپاڵ ئەوەدا کۆمەڵە ڕێکخراوێکی دیکە هاتوونە ئاراوە وەکوو جیهادییەکان کە باسم کرد کە زۆر ڕادیکاڵن و لە داهاتوودا ڕەنگە ڕادیکاڵتریش بن و دواتریش پەرە بستێنن هەڵبەت کۆماری ئیسلامی لەو بەینەدا لە بۆشایی سیاسی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ لێدان لە سیاسەتی ئەم حیزبانە و بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتووە کەڵکی لەم کەسانە وەرگرتووە و زەقی کردوونەتەوە بە شێوەیەك کە بتوانن جێگرەوەیەك بن بۆ ئەم حیزب و ڕێکخراوانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەمەش تا ڕادەیەك مەحاڵە چونکە بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی لەنێو ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە حوکمی ئەو سیاسەتە قێزەونانەی کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەی دەبا وایکردووە خەڵکێکی زۆر هۆگری ئەو بیر و بۆچوونانە نەبن و کۆمەڵە کەسێکیش کە لە دەوریان کۆ بوونەتەوە، ئەوانیش لە چوارچێوە و سەودای هەندێك بیر و بۆچوونی ئیسلامی یا دەبێ بڵێین ئارمانخوازانەی خۆیاندان کە ڕەنگە پەیوەست نەبێ بە مەسەلەی کوردستانەوە هەرچەند کاریگەریی نێگەتیڤی ئەم ڕێکخراوانە لەسەر ناسیۆنالیزم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکجار زۆر بەرچاوە چونکە لە ڕاستیدا ئیسلام و ناسیۆنالیزم دوو بابەتن کە تەواو دژبەری یەکن بەتایبەت ئیسلامی سیاسی. ئەوان بۆ ئەم بابەتە ئایەی قورئانیشیان هێناوەتەوە.
دیارە ئەوان بۆ ئەم بابەتە کەڵکیان لە سوورەی «ئەلحەجەرات» ئایەی ١٣ وەرگرتووە کە کوردییەکەی دەڵێ «ئەی خەڵکینە ئێوەم دروست کردووە لە نێر و مێیەك و کردوومن بە چەند گەل و هۆز تا یەکتری بناسن و شکۆدارترینتان لای من باوەڕدارترینتانە» و لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێ « هەر کەسێك لەژێر ئاڵای تاریکی دەمارگیریی یاخود پشتگیریکردن لە دەمارگیرییەك بکوژرێت ئەوە مردنەکەی، مردنێکی جاهیلانەیە». ئەوان بەو مانایە، ئەو ئایەت و فەرموودانەی پێغەمبەری ئیسلام

